ئارەزوودارم کە بەم کارە سەرەتاییەیە توانیبێتم مۆمێکی کوردیی لە جەنگەڵی ئاڤێستادا پێکەم، بەهیوای ئەو ڕۆژەی کە گڕ و کڵپەی ئاگری ئەو مۆمە گشت ئاڤێستا بگرێتەوە و بە کوردی بەخشێتەوە.

ئەنداز ٩٢/٤/٧

# ئاڤێستا

## نامەی مەینەڤیی ئایینی زەردەشت

## بەشی یەکەم

نیگارکردنەوەی

ئەنداز حەویزی

www.koskikurd.com

زنجیرەی ویژە ، ڕامانی میتۆلۆژیی و ئابووریی کورد لەسەدەکانی پێش زایین‌دا.

بەرگی یەکەم.

«ئاڤێستا»

بەشی یەکەم

زنجیرەی ویژە ، ڕامانی میتۆلۆژیی و ئابووریی کورد لەسەدەکانی پێش زایین‌دا.

---

خوێنەری هێژا

مەبەستی ئەم زنجیرەیە شی‌کردنەوەی مرۆڤی کورد و نیشاندانی ژیان، ڕامانی میتۆلۆژیی، زمان و ئابووریی ئەو مرۆڤەیە لە سەدەکانی پێش زایین‌دا و پەیوەندی و ڕەنگدانەوەی مێژووی دێرینمان لە کەلتوور و ژیانی ئەمڕۆی کوردەواریدا .

گرنگترین و دێرین‌ترین بەڵگەی مێژوویی کە بتوانێت لە شێوەی پێکهاتنی هۆشی‌ی و دەروونی‌ی ئەو مرۆڤەی کە ئەوڕۆ پێی دەڵێن کورد نێزیکمان کاتەوە «ئاڤێستا»یە، بۆیە ئەم زنجیرە لە ئاڤێستاوە دەسپێدەکات و پێک‌بەستنەوەی قەفە لێک‌داپچڕاوەکانی مێژووی مرۆڤی کورد ئاواتمانە.

ئەنداز.

## پێشەکی

ئەوەی پەڕەکانی مێژووی دێرینی مرۆڤایەتی دەیگێڕێتەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات ناسەکان دەسەلمێنێت کە کوردستان یەکێکە لە هەرە نشتیمانە مێژینیەکانی مرۆڤ و مێژووی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی نادیار.

ئەوەی ئاشکرایە لای خوێنەری بایەخدەر بە بابەتی مێژوو، کە مێژووی مرۆڤ لەسەر زەمین «گورەی ئەرز» گەلێک کۆنە و تا ئەوڕۆش تاریکی و نارۆشنی گەلەکە، و بەپێی ئەو کەلوپەل و خشتەنامانەی «ئەو بەردانەی کە لەسەریان نووسراوەتەوە ـ الالواح الحجريه» هەندێ مێژووزان مێژووی پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر زەمین دەبەنەوە (. . . . . ٢) ساڵ پێش ئەوڕۆ و هەندێکی دی بۆ نیو ملیۆن ساڵ و هەندێکیش بۆ چەند ملیۆنێک لەمەوبەری دەبەنەوە و . . . هتد، جا لەبەر ئەوەی کە مێژووی پەیدابوونی نووسین و خوێندنەوە لە نێو مرۆڤدا خۆی لە ڕۆخ و کەناری «. . . ٦» ساڵ لەمەوبەر دەدات «بەپێی ئاگاداری من و گەر بەڵگەی نوێ بەدەست کەوتبێت کە شتێکی تر بسەلمێنێت ئەوە من ئاگاداری نیم» کەواتە بەشی زۆری مێژووی مرۆڤ لە چوارچێوەی بۆچوون و بەراوردی هۆشیدایە.

لەمێژە کوردەواری گوتوویەتی (مێش نەچێت بەگژ قولەی قافا) و ئەمنی نەوباوەش ئەوڕۆ ئەو نیازەم نی‌یە، بەڵکو تەنها دەمەوێ کورتە باسێکی مێژووی کوردستان و نەتەوەی کورد کە دەکەوێتە پاش سەردەمی پەیدابوونی نووسین بخەمە بەرچاوی خوێنەری نەوباو و پێشەکی‌یەکی مێژوویی بدەمێ پێش چوونە نێو ئاڤێستاوە، بێگومان ئەوی خوێنەری هێژا لەم پێشەکی‌یەدا دەیخوێنێتەوە لێکۆڵینەوە و بۆچوونی تایبەتی خۆم نی‌یە و کاری من لێرەدا تەنها خستنەوە بەرچاوی هەندێ لە کاری کەسانی دیکەیە و ئەوەی ئەم باسەی مەبەست بێت، ئەوە سەرچاوەیەکی زۆرو زەبەن هەیە کە دەتوانێ پتر سوودیان لێ وەرگرێت.

### کوردستانی پێش زایین.

---

مێژوو نووسی ئەمر ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: کوردستان نشتیمانی ئادەمیزادی دووهەم بووە و لەوێوە بە جیهاندا بلاوبوونەتەوە، لە بەرەبەیانی مێژووەوە نەتەوەکانی زاگرۆسی لێدادەنیشتن (لولو، گوتی، کاسی، خالدی ـ کالدی، سوبارو ـ هوری). عەیلامی‌یەکان لەوپەڕی باشووری ئەم خاکە دادەنیشتن، لەبەر لێکچوونی زمانیان گەلێ لە ڕۆژهەڵات ناسەکان دەڵێن ئەم قەومانە هەموو بەشێکن لە نەتەوەی قەوقاسی و بناغەی قەومی کوردن، لەسەردەمی سۆمەری و ئاکادی و سەرەتای ئاشوریەکاندا بزووتنەوەیەکی سیاسی سەیریان گێڕاوە.).

هەندێ مێژوونووسی دی دەڵێن: کۆنترین خاکی کە مرۆڤ تێیدا کۆبوویێتەوە خوزستان و میسۆپۆتامیا «بین النهرين»ە و لەبەر ئەوەی زاگرۆس ـ کە وڵاتی کوردانە ـ و ئەوڕۆ دەکەوێتە ڕۆژاوای ئێران و ڕۆژهەڵاتی تورکیا و باکوری عێراق شوێنێکی فرە بەپیت بووە هەمیشە



دانیشتوانی وڵاتی بابل و ئاکاد و سۆمەر ویستوویانە زاگرۆسی‌یەکان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و گەلێ جار نێوی زاگرۆسی‌یەکان وەک «گوتی و کاسی و ئامادا و پارسو» لە نووسراوەکانیاندا هاتووە.

ئەوەی لە پەڕەکانی مێژووەوە و لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە وەدەست دێت ئەوەیە کە کوردوستان دوو ڕەوی گەورەی بۆ کراوە، مێژووی ئەوی یەکەمیان دیارنی‌یە و دەگەڕێتەوە سەدە پێش مێژوویی‌یەکان «عصور ماقبل التاريخ» و لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە و لەپێش پەیدابوونی ئەرینەکان «ئاری‌یەکان» لە شوێنێکی ئاسیاوە کۆچیان کردووە و لە کێوەکانی زاگرۆس جێ‌نشین بوون. جا دەستەیەک لە زاناکان نێوی ئەم چەند هۆزە سەرەتاییەی کوردوستانیان ناوە «قەوقاسی»، هەندێکی تر پێیان دەڵێن «ئازیانیک» (ئەم ووشەی ئازیانیکە ئەوڕۆ بووە بە ئاسیا) و هەندێکی دیش پێیان دەڵێن «نەتەوەکانی زاگرۆس». هەر چەندە دەگونجێ کە ئەم دەستە سەرەتاییەش ئەرینی «ئاری»بن بەلاّم تا بەڵگەیەکی پتەو وەدەست نەیەت هەر بە «نەتەوەکانی زاگرۆس» نێویان بێت چاترە.

ڕەوی دووەمیش ئەرینەکان بوون کە «ئامادا = میدی» و «پارسو = پارس»یەکان لەوان بوون، هەرچەندە دکتۆر «کۆنتناو»ی فەرەنسی دەڵێ:

«لە دەورو بەری هەزارەی چوارەمی پێش‌زایین یەکەم لێشاوی کۆچ کردووان هاتۆتە چیاکانی زاگرۆسەوە و وەها دەردەکەوێت کە لە باشووری دەشتی «سیبیریە و ڕوسیا»وە بووبێت و زاناکان ئێوی ئەم بەشەیان ناوە «ئازیانیک ـ ئاسیایی» بۆ جوداکردنەوەیان لە کۆچکەرەکانی دی.»، پاشان دەڵێ:

«لە هەزارەی سێیەمی پێش‌زایین دەستەیەکی دی لەهەمان شوێنەوە بەرەو زاگرۆس کۆچیان کردووە و بە «ئاری» یا «هیندۆ-ئۆروپی» نێوبانگیان دەرکردووە و پەلاماری دەستەی یەکەمیان داوە، ئەم پەلامارە بەڵگەکانی «میسۆپۆتامیا ـ بين النهرين» بە پەلاماری گوتی و کاسی نێویان دەبات، هەروەها دکتۆر «کۆنتناو» بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

«پاشان لەو چەقەوە دوو کۆچ کرا، یەکەم بەرەو ڕۆژئاوا و چووە ئۆروپا، و ئەوی دی ناوچەی باشووری بەلقانی گرتەوە و چووە یۆنانەوە ... هتد».

جا بەپێی گوتەکانی ئەم مێژوونووسە کۆچی «میدی و پارسەکان» کە «. . . ٢» ساڵ پ. ز بووە دەکاتە کۆچی سێیەمی هیندۆ-ئۆروپی‌یەکان.

ئەم باسە لە خۆیدا دوورو درێژە و سەدان ساڵە لی‌ی کۆڵدراوەتەوە و بەردەوامیی بۆ خودی خۆێنەر جێ‌دەهێڵم و هەمیشە فەرهاد بەدوای شیراندا گەڕاوە، ئەز هەوڵ دەدەم کورتەیەک لە بارەی هۆزە کۆچکەرەکانی ئەو دوو دەستەیە بە ئێوەی شیرین ڕاگەێنم.



www.koskikurd.com

# دەستەی یەکەم

## نەتەوەکانی زاگرۆس

### ١ ـ (لولو) یا (لولوبوم):

ئەم دەستەیە لە هەرێمی « زەهاو ـ شارەزور ـ سولەیمانی » ژیاون و مێژووی هاتنیان نازانرێت، پاش ماوەیەک لەگەڵ گوتی‌یەکاندا پێک تێکەڵ بوون و وولاتی « هەلمان، کە پاشان بووە بە حەلوان »یشیان خستۆتە ژێردەستی خۆیان (نێوی کۆنی زەهاو ـ پادیر ـ بووە، کە شوێنی هەڵکەندنی نەخشەی ـ ئەنوبانی‌نی ـ بەناوبانگە).

سێر سدنی سمیثی ڕۆژهەڵات ناس لە پەرتووکەکەیدا « کوردستانی کۆن » دەڵێ :

لە خولی « دەوری » سێ‌یەمی دەسەڵاتداریەتی « ئوور »دا لە « ٢٣٠٠ ـ ٢١٥٠ »ی پ. ز ئەو بەشەی کوردوستان کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی تیژلە « دجلە »وە ،« لەمێژە بیستوومە کە بە کوردی بە دجلە دەڵێن تیژلە، بەڵام نەمدەزانی کە ووشەیەکە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی پێش زایین تا لە مێژووی ڕەوی ئیسکەندەری مەکەدۆنیدا ئەم ووشەیەم بەرچاو کەوت و ئەوڕۆ گۆڕاوە بە دجلە . »، وەکو هەرێمی (سیمرو) کە (ئاڵتوون کۆپری)یە و دوو ناوچەی (لولبو) کە (حەلوان)ە و (ساسرو) و (ئوربیللوم) کە (هەولێرە) لەلایەن ئەم فەرمانڕەوایەتی‌یەی « حکومەتەی » ئوورەوە گەلێ جار لەشکری ئەکرایە سەر و وێران ئەکرا .

پاشای ئاکاد « سەرگۆن » لە بەڵگەکانیدا باسی هێرشی سەر زاگرۆسی کردووە و لەوێدا دیارە کە پاش داگیرکردنی ولاتی (کازالو) لە ڕۆژهەڵاتی دجلە چووەتە (در = نێوی کۆنی بەدرە) و لەوێوە بۆ بەشەکانی تری کوردستان و نێوی (لوبدو) کە لای کەرکوک بووە و ولاتی (لولوبیوم) و (گوتیوم)یش هاتوو.

لە نووسراوەکەی (نارام‌سین)ی پاشای ئاکاد دا « ٢٥٠٠ »پ. ز باسی لولوبومەکان دەکات، فەرمانڕواکانی لولوبی‌یەکان لە گەرووی قەرەداغدا شەڕیان لەگەڵ لەشکرەکەیدا کردووە و شکاون، نارام‌سین باسی ئەم سەرکەوتنەی خۆی لەسەر بەردێکی داوێنی گەرووەکە هەڵکەندووە.

مێژوو دەڵێ ئەم لولوبیانە خاوەنی ژیارو شارستانی‌یەتێکی چاکی ئەو سەردەمە بوون و بەڵگە ئاشوریەکان ڕادەگەیێن کە «ئاشور ناسرپاڵ»ی دووەم گەلێ لە پیشەسازەکانی بردوون بۆ ئاشور.

پرۆفیسۆر (سپایزەر) دەڵێ: ئەم «لولویانە» باپیرە گەورەی لوڕی ئەوڕۆن.

### ٢ ـ گوتی :

ئەمانیش یەکێکن لە خێڵەکانی زاگرۆس، ساڵی « ٢٦٤٩ »ی پ. ز ولاتی سۆمەر و ئاکادیان داگیرکردووە و بۆ ماوەی « ١٢٥ » ساڵ و « ٤٠ » ڕۆژ لەژێر دەستیاندا بووە، تا پاشای « ئوور» شکاندونی و گەڕاونەتەوە زاگرۆس.



مێژوونووسان دەلێن:

« نارام‌سین » چووبەگژ گوتی‌یەکانیشدا کە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی شارەزووردا بوون، بەڵام گوتی‌یەکان شکاندیان و پاش شکاندنی « نارام‌سین » لولوبیەکانیشیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان و پاشان بابلیش، بابلیەکان کە خۆیان بە یاسازان دەزانی بێزیان لێیان دەبوەوە و دەیانگوت گوتی‌یەکان دەشتەکێن، پاش گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی زاگرۆس ڕێڕەوی دەرەبەگایەتی‌یان گرتە بەر و هەریەکە بۆ خۆی‌بوو و دەبینین « ئوربیلوم = هەولێر» بو بە دەوڵەتێک و لە باشووری هەولێردا دەوڵەتی « شیموروم = ئاڵتون کۆپری » و لە باشووری ئەویشەوە دەوڵەتێکی تر بە نێوی « هارش = توزخورماتوو » .

گوتی‌یەکان لە ناوەندی سەدەی هەژدەمی پێش زایین یارمەتی « کاسی »یەکانیان‌دا لە پەلاماردانی بابلدا .

بەڵگە ئاشوریەکان دەسەلمێنن کە کێوەکانی زاگرۆس نیشتمانی نەتەوەیی گوتی‌یەکانە .

### ٣ ـ (کاسی ـ کوسی ـ کوشی) :

ئەم خێڵە زاگرۆسی‌یەش وەک ئەوانی دی مێژووی هاتنیان دیار نی‌یە و ئەوەندەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە وەک خێڵە زاگرۆسیەکانی دی دانیشتووی ڕاستی‌ی ولاتەکە بوون و وەک « سامی و حامی »یەکان کۆچیان بۆ نەکردووە، سەرەتا لە ناوچەی « گەرمەسێن = کرماشان » نیشتەجێ بوون .

ئاکادییەکان پێیان دەگوتن « کاشو » و لە کتێبی پیرۆزدا بە « گوش » نێویان هاتووە .

کاسی‌یەکان لە ناوەڕاستی سەدەی « ١٨ »پ. ز ولاتی بابلیان گرت و فەرمانڕەوایەتی‌یەکیان « حکومەتێکیان» لە ولاتی سۆمەرو ئاکاد دامەزراند بە نێوی « کاردونیاش » کە نزیکەی « ٦٠٠ » ساڵ بەردەوام بوو، پاش نەمانی دەسەلاتداریەتی‌یان گەڕانەوە زاگرۆس بۆ ناوچەی لوڕستانی ئەوڕۆ.

دکتۆر « کۆنتناو » دەڵێ: لە دەورو بەری « ٢٤٠٠ »پ. ز بەڵگەیان لە باکووری ئیلام بەجێ هێنشتووە.

حەسەن پیرنیای مێژوونووسی فارس لە نووسراوەکەیدا « ئێرانی باستان » و لە پەراوێزی لاپەڕە « ٢٢ »ی بەشی یەکەمیدا نووسیویەتی، « جگە لەو داب و نەریتانەی (وەک جێژنی نەوروز) کە لە سەرانسەری ئێراندا پارێزراون، داب و دەستوور هەن لە هەندێ ویلایەت یا لە ئیالاتەکاندا ماون کە ئێمە لێیان بێ‌ئاگاین و بۆ نموونە « هیرودۆت » لە شوێنێکی پەرتووکەکەیدا دەڵێ:

(کە ـ ماسیس تیۆس ـ ، سەردارێکی نێوداری ئێرانی دێرین، لە « پلاتە » کوژرا، گشت لەشکری ئێران شینی بۆ گرتەوەو نیشانەی شین و غەمباری‌یان ئەوە بوو کە هەموو سەرو ڕدێنیان لووس کردو یاڵی ئەسپانیان بڕی‌یەوە ... ).

جا لەسەرەتادا وام دەزانی کە هیرودۆت بە هەڵەدا چووە، چونکو دەستوری باوی تەعزییە



www.koskikurd.com

ئەوەیە کە مەشیە «خەڵک» سەرو ڕدێن تاتاشن و دەیهێڵنەوە، تا پاش ماوەیەک و بەڕێکەوت لە تەعزیەیەکدا دانیشتبووم و باس هاتبووە سەر داب و دەستووری جیاواز جیاوازی تەعزیەگرتن، یەکێ لە سەرەکانی ئێڵی «بەختیاری» باسی کرد کە تا «٢٠» ساڵ لەمەوبەر (ئەم نووسراوەی پیرنیا ساڵی ١٣٦٢ی ئێرانی بڵاوکراوەتەوە) بەختیاریەکان کە مردویان لێدەمرد مووی سەریان دەتاشی و یاڵی ئەسپیان دەبڕیەوە، پاشان بە فەرمانی ئێلخانی ئەم سەردەمەیان ئەم دابە قەدەغەکرا و نەما.»، ئەم باسەم بۆ ئەوە هێنایەوە چونکە پەیوەندی بە سەرزەمینی کاسی‌یەکانەوە هەیە و بەڵگەی دابوو نەریتێکە کە هەزاران ساڵ ڕەگوڕیشەی لە نێو کورداندا مابووەوە و ئەوڕۆ لەبەر کەم تەرخەمی و بێهۆشی هۆشیارانی کورد و ناڵەباریی باری کورد (وەک ئاڤێستا) نەتەوەی دی بەری مێژوومان دەچننەوە،ماڵی خۆنەخۆر لەبۆ چەکمە سۆر.

٤ ـ (خالدی ـ ئورارتو ):

لەوە دەکات ئەم خێڵە لە سەردەمێکدا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوکەوە هاتوونەتە هەرێمی زەریچەی (دەریاچە ـ بحیرە ) وان.

لە بەڵگە ئاشوریەکاندا و بەتایبەتی بەڵگەی شەڕەکانی «سەرگۆن»ی دووەمی پاشای ئاشور، دەردەکەوێت کە سنووری دەوڵەتی خالدی سەردەمێک ـ لە باکوورەوە پاڵی داوەتەوە بە زەریچەی (گوگجە) و (ئەلکساندەرپوول) لە قەوقاسدا ـ لە باشوورەوە بە (ڕەواندز) و سەروچاوەکانی ڕووباری (زاب) ـ لە ڕۆژئاواوە ڕووباری فورات و لە ڕۆژهەڵاتەوە زەریچەی ورمێ، و سەردەمێک باکوری سوریاشیان لەژێردەستدا بووە.

پایتەختەکەیان (توپاسی ـ وانی ئەوڕۆ) بووە و گومان‌دەکرێت کە (ساردوریس) یەکەم پاشای خولدی‌یەکان ساڵی (٨٤٠)ی پ.ز دروستی کردووە.

لە کۆتایی سەدەی هەفتەمی پ.ز و بەهۆی بەدەسەلات بوونی میدیەکان و هەتنی ئەرمەنەکان و نیشتەجێ بوونیان لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەیان بڕانەوە.

٥ ـ سووباری:

بۆ یەکەم جار، نێوی سووبارو لەڕووی پارچە خشتەیەکی «لەوحێکی» کە دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی (٣٠) پ.ز و خولی فەرمانڕوایی (لۆگال ـ ئانی ـ مۆندو ) نیشاندەدات، هاتووە.

لە بەڵگەکانی خولی (نارام‌سین)دا ئەم نێوە بەشێوەی (سووپارتیم) نووسراوە، و دەڵێن کە ئەم وشەیە واتەیەکی جوگرافی بووە بۆ ئەو وڵاتەی کە باکووری ڕۆژئاوای ئێلامەوە دەستپێدەکات تا وڵاتی (ئامانۆس)، پاشان وەک وشەی (حەموورابی) بووە بە نێو بۆ نەتەوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ.

ئەم سووباریانە سەردەمێکی دوورو درێژیان بە شەڕو شۆڕ لەگەڵ ئاشوریەکان بەسەربردووە و



لەدوا خولی فەرمانڕەویی «حکومەتی» ئاشوریدا نێویان بزربووە و نێوی (نایری) شوێن نێویانی گرتۆتەوە، و ئەمانەش دەستەیەکی دی بووین.

## کورتە باسێکی ئەرینی‌یەکان (ئاری‌یەکان)

واژەی «ئاری» لە ئاڤێستادا «ئەیرییەمە» هاتووە و بەواتای «دۆست و برادەر و بە چینی ڕۆحانیان گوتراوە» هەروەها، لە گەلێ شوێنی ئاڤێستادا زەردەشت نێوی وڵاتی خۆی بە «ئەرینە ڤەئیچە» دەبات بە واتەی «وڵاتی نەجیبان»، بە گشتی ئەم وشەیە «ئاری، ئاریاس» دەکاتە ڕەفیق و برادەر و ئەوڕۆ لە زمانی کوردیدا وەک نێو ماوەتەوە «ئەرین» کە گەلێ لە «ئاری» نێزیکترە بۆ شێوە ئاڤێستایی‌یەکەی نێوەکە.

کێ ئاری‌یە؟

«پریستد»ی مێژووناس دەڵێ:

نێوهێنانی هیندۆ-ئۆروپی‌یەکان بە ئاری هەڵەیەکی فرە باوە، ڕاستر وایە ئەو نێوەی کە ئەوڕۆ وشەی «ئێران»ی لێوەرگیراوە بۆ هۆزەکانی چیاکانی ئێران بەکاربێت (مەبەستی لە زاگرۆسە)، و ئەو هۆزانە پەلێکن لەو نەتەوەیەی کە هیندۆ-ئۆروپی‌یان پێدەڵێن.

گەلێ مێژوونووسی دیش هەن کە خاوەن هەمان بۆچوونن، بۆ نموونە «هۆڤی ڕۆینس» کە ئەویش مێژوونووسێکی دیاربووە، و دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی ئەوڕۆ وشەی ئاری و ئەرین، کورد، فارس و هندۆک دەگرێتەوە، ئەوەش دەبێ بزانین کە مێژوونووسی دیکە هەن کە وشەی ئاری بۆ هەموو نەتەوەی هیندۆئۆروپی بەکاردەبەن و دەگێڕنەوە کە:

ئاریەکان لە «..٣٥» ساڵ پ.ز (ئەم ژمارەیە لە تەمەنی پەرتووکی پیرۆزی هندۆکەکانەوە کە «..١٤» ساڵ پ.ز نووسراوەتەوە پایەی گرتووە، و یەک نەبوونی ئەو زمانە بەزمانی زاگرۆسی‌یەکان لەو مێژووەدا، و بۆ گەیشتن بە مێژووی یەک بوونی ئەو دووزمانە و بەپێی دەستوورەکانی زمان‌ناسی دەبێ «...١» ساڵ بەرەو دوا بچینەوە، واتە زمانی ئەرینەکان لە ..٢٤ ـ ..٢٥ی پ،زدا یەک بووە و دەکاتە ڕەوی ئەرینەکان ـ ئاری‌یەکان ـ و ...١ دیشی خراوەتە سەر بۆ نیشان دانی سەرەتای کۆچی هیندۆ-ئۆروپی‌یەکان چونکو ئەرینەکان دوا دەستەی کۆچی ئەو نەتەوەیەن)دا لە باشووری ڕوسیاوە و بەسەر باکووری قەوقاس و زەریەی «دەریای» ڕەشدا هاتوونەتە ڕۆژئاوای ئاسیا و دوورنی‌یە ئەم کۆچە هۆی ئابووری هەبووبێت و لەبەر بێ لەوەڕی بووبێت چونکە ئەرینەکان (هیندۆ-ئۆروپی‌یەکان) ئاژەڵدار و ئەسپ‌دۆست بوون.

ئەم نەتەوەیە یەکسەر پاش بزووتنەوەی بەش بووە، بەشێکیان هاتۆتە ئۆروپاو نەتەوەکانی ئەوێیان لێپەیدابووە و بەشەکەی دی، لەپێشاندا و بۆ ماوەی ...١ ساڵێک لە تورکوستانی ئەوڕۆی ڕوسیادا (ئەوڕۆ پتر دەگوترێت لە نێوان ڕووباری ئامۆیە و سەیحوندا) ماونەتەوە و پاشان بەرەو ئێران کشاون و لەو ڕەوەشدا بوون بە دووبەش، بەشێکیان بەسەر چیاکانی هەمەلایادا چوونەتە هیند (ئاری‌یە هیندی‌یەکان) و نەتەوەی هیندیان لێ دروست بووە، و ئەو



www.koskikurd.com

بەشەی دییان لە زاگرۆسدا گیرساوەتەوە (ئاری‌یە ئێرانی‌یەکان) و پاش ماوەیەک شاخەیەکیان بەرەو باشوور لی‌ٚجوداٮۆتەوە و بە (پارث ـ پارس) ناسران و ئەوانەی کە لە زاگرۆسدا مانەوە بە «زاگرۆسی» ناسران و ژیانێکی خێڵەکایەتی‌یان هەبوو و چەندین خێڵی وەک (لولو، گوتی، کاسی، مانای، کاردۆش، خالدی، کاردوها، ماد) یان لی‌پەیدا بوو و خولی گرینگیان لە مێژووی ئەو سەردەمەدا گێڕاوە و لە سەردەمی دەسەلاتی مادەکان (کە لە ئەنجامی یەگرتنی هەموو هۆزە زاگرۆسی‌یەکان هاتەکاوە) ناوی ماد بەسەر هەموو ئەو هۆزانەدا بڕایەوە و پارسەکانیش بە هەخامەنشی ناسران.

## دەستەی دووەم

## نەتەوە ئەرینی‌یەکان

### ١ ـ مادەکان :

یەکێکن لە نەتەوە هیندۆ-ئۆروپی‌یەکان، لە سەدەی نۆیەمی پ. ز لە ڕۆژهەلاتی زەریەی قەزوینەوە « کاسپیکی» چوونەتە ڕۆژئاوای باکووری کێوەکانی ئێران (ولاتی میدیا) و دەسەلاتیان پەیدا کردووە و پارسەکانیشیان خستۆتە ژێردەستی خۆیان و شاری هەمەدانیان دروستکردووە و کردویانەتە پایتەخت.

هیرودۆت لە باسی مادەکاندا دەڵێ:

ئاشوریەکان ٥٠٠ ساڵ فەرمانداربوون، یەکەمین کەسانی کە سەرپێچییان بەرابەرکردن مادەکان بوون و بەزوویی هەموو خەڵکی دیش پشتیان گرتن و گشت ئاسیا ڕزگارو ئازاد بوو و پاشان هەمووی کەوتەوە ژێردەستی مادەکان (کتابی ١ بەندی ٩٦)، لەبارەی هۆزەکانی مادەوە دەڵێ:

ماد لە شەش هۆز پێک هاتبوون، بووسەکان،پارتاکنەکان، ستروخاتەکتەکان، ئاری‌سانتەکان، بودی‌یەکان، موغەکان. (کتاب ١ بەندی ١٠١)

لە لایەکی دی‌کەوە دەبینین «بیروس»ی مێژوونووسی کلدانی دەڵێ:

مادەکان لە دەوروو بەری ٢٠٥٠ پ. ز بابلیان داگیرکردووە و بۆ ٢٢٤ ساڵ فەرمانڕەواییان تیادا کردووە.

لە گووتەی ئەم دوو مێژوونووسە دێرینە بۆمان دەردەکەوێت کە ووشەی مادیان بۆ هەموو هۆزەکانی زاگرۆس بەکارهێناوە، هەروەها گەلێ لە مێژوونووسە کۆنەکانی پاش سەردەمی مادەکان، هەخامەنشەکانیشیان بە ماد نووسیوە.

لە بارەی شاکانی مادەوە هیرودۆت وەها ناویان دەبات:

١ ـ دیۆکۆس (٧٠٨ ـ ٦٥٥ پ. ز) = دیاکۆ.

٢ ـ فرائوتیس (٦٥٥ ـ ٦٣٣ پ. ز) = فەرەڤەرتیش.



٣ ـ کوئاکسار (٦٣٣ ـ ٥٨٥ پ. ز) = هوڤەخشەثرە.

٤ ـ ئاستیاگس (٥٨٤ ـ ٥٥٠) = ئەژی‌دەهاک.

جا بەپێی چیرۆکی هیرودۆت مادەکان ١٥٠ ساڵ فەرمانڕۆ بوون، بەلام مێژوونووسی دێرین «کزتیاس» شتێکی دی دەگێڕێتەوە و بەقسەی ئەو شایانی ماد ئەمانەن.

ئارباکس ـ ٢٨ساڵ شا بووە، مانداکس ـ ٥٠ساڵ، سوسارمیس ـ ٢٨ساڵ، ئارتی‌کاس ـ ٥٠ساڵ، ئاربییان ـ ٢٢ساڵ، ئارتەیس ـ ٤٠ساڵ، ئارتی‌نس ـ ٢٢، ئاستی‌باراس ـ ٤٠، ئاسپاداس یا ئاس‌تی‌گاس ـ ٣٥ساڵ (ناوەکان بە یونانی نووسراوەتەوە).

لەپێش دروست بوونی ئیمپراتۆریەتی مادی ئەو نەتەوەیە هۆزهۆز بوو و هەر هۆزە پاشای خۆی هەبوو و و هەر یەکێک لەم شاهۆزانە (ملوک الطوائف) لە کاروباری ڕامیاری و گوزەرانی ژیاندا ئازادبووە، پاشان یەکیان گرتوو دەسەلاتی سەرەکی کەوتە دەست شای ماد.

گەلێ لە مێژوونووسەکان باسی ئەوە دەکەن کە کوردستان وەک ولاتێکی شاخاوی و ئاستەم هەمیشە پەناگەیەک بووە بۆ هۆزەکانی و کە زوڵمو زۆر زۆری بۆ هێناون ئەوە لە چیاکاندا خۆیان پاراستووە و کەدەسەلاتیشیان پەیداکردووە بەرەو دەشتەکان کشاون، ئەمانە تا سەردەمی شا (دیاکۆ) هەروا بەش بەش بوون و بە فرەزانەکی (حیکمەت) ئەم دیاکۆیە یەکیان گرتۆتەوە و بوونەتە تۆی ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە تا سەردەمی عەباسی و سەلجوقیەکانیش بەو ولاتەیان دەگووت ولاتی مادەکان.

شتێکی گرنگی سەردەمی مادەکان، چینەکانی کۆمەڵگاکەی بوو، کۆمەڵگەی مادەکان لە سێ چین پێکهاتبوو،« جەنگاوەران، وەرزێران(فەلاحەکان)و شوانان، موغان (روحانیەکان)»، ئەم چینەی سێیەم خولێکی فرە گرنگیان لە ژیان و داب و دەستوور و ڕامانی میتۆلۆژی هەموو نەتەوەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە و هەتا پاش ڕۆخانی دەوڵەتی مادیش هەوڵیانداوە کە دەسەلات بدەنەوە بە ماد، کارێکی وەهاشیان کرد کە دەوڵەتەکانی پاش ماد هەموو لە باری ڕەوانی و ڕۆحی‌یەوە لە ژێر کاری بیرو بۆچونی ئەواندا بێننەوە و «بەردیای موغ» کە مێژووی ئێران پێی دەڵێ «بەردیای دروغین)، هیرودۆت دەڵێ:

کەبوچیە کە بەرەو میسر دەڕۆشت موغێکی کرد بە (پاتی خیشسای ئەیە = ئەمڕۆ ئەم ووشەیە گۆڕاوە بە پادشا = نایب السلتنه)، ئەو موغەش برایەکی هەبوو بە ناوی بەردیا و زۆر لە براکەی کەبوچیەی کوڕی کورۆشی دەکرد و کردی بە شا و گوتی ئەمە بەردیا (هیرودۆت نێوەکەی بە «سەمەردیس» نووسیوە)ی کوڕی کورۆشە و بۆ ماوەی ٧ مانگ شابوو و نیازی ئەوەیان بوو کە دەسەلات بخەنەوە دەست مادەکان.

ئەم باسانە زۆر دەکەوێتە بەر ئەو چاوانەی مێژوو خوێنن و هەمووی دەسەلمێنن کە موغان هەمیشە دەسەلات داربوون و کاریان لە هۆشی نەتەوە نامادەکانیش کردووە و لەژێرەوە بەڕێوەیان بردوون و سەرکردە دینی‌یەکانیان بوون، زەردەشتیش کە لە نێو ماددا پەیدابوو و بیرێکی دینی نوێی هێنایە کاوە موغەکان لە سەرەتادا دژی وەستان، و زەردەشت بە ناچاریی ولاتی جێهێشت و پاش ماوەیەک ئەوجا ولاتی ماد زەردەشتیەتی گرتە خۆ و سەرکردایەتی ئایینی لەدەستی خۆیدا هێشتەوە.



www.koskikurd.com

٢ ـ نایری ، نەهری :

بەگـرتنە بەرچاوی بەڵگە مـێژوویی‌یەکـان لەوە دەکـات کـە «سـوبارو» و «گـوتی» لە نایری‌یەکانەوە پەیدابووبن .

مینۆرسکی و تورودانگین دەڵێن:

ناوچەی نایری یا «هویشکا» دەکاتە شیوەکانی بۆتان و نایریەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دروستکردبوو .

مینجەرسۆن دەڵێ:

لە تێڕوانینی خولی «گوتی»یەکان (سەدەکانی ١٥ و ١٢ی پ.ز) دەبینین نایری‌یەکان ـ کە پێش میدیەکان کەوتبوون ـ ژیانێکی باشیان لە ناوەندی کوردستاندا بەسەردەبرد و فرە بەهێزبوون و میدیەکان کە حکومەتیان نەما بەرە بەرە بەرەو ئەوێ کشان و ئاوەدانیان کردەوە .

٣ ـ کاردخوی (کاردۆخی) :

گەزنەفون ساڵی ٤٠١ی پ.ز تووشیان بووە ، لەبارەی ئەمانەوە دوو بۆچوون هەیە ،

أ ـ کاردخوییەکان و گوتی‌یەکان یەکن و بەهۆی گۆڕانکاریی زمانەوە نێویان گۆڕاوە و هەر بۆیشە کە نێوی گوتی‌یەکان لە سەردەمی (توکولتی ـ نیراری) پاشای ئاشور بە (کوتی) و (کورتی) نووسراوە .

ب ـ کاردۆخیەکان هاودەم بە میدی و پارسەکان هاتونەتە کوردستان یاخود پاش ئەوان ، و وردە وردە دەسەڵاتیان بەسەر هۆزەکانی کوردستاندا پەیداکردووە و پاشان بوون بە یەک .

«سێر سیدنی سمیث» لەبارەی هۆزەکانی چیاکانی ئێرانی سەردەمی ساسانیەکان دەڵێ:

ئەم هۆزانە خاوەن زمانی تایبەتی خۆیان بوون و سەربەخۆ بوون ، هیچ پەیوەندی‌یەکیان بە زمانی فارسی‌یەوە نەبووە چونکە زمانی ئەمان زۆر لە فارسی کۆنترە .

جا ئەم دوو بۆچونە ، یەکێکیان کاردۆخی‌یەکان دەباتەوە سەر نەتەوەکانی زاگرۆس کە هەر لە بەرە بەیانی مێژووەوە کوردستـان وڵات و نیشـتمانیـان بووە و ئەوی دیش دەیانباتەوە سەر ئاری‌یەکان .

هەر لەسەر باسی ئەم هۆز و خێڵانەی کوردستان (ئۆلمستید) دەڵێ:

تیرەیەک هەبوون بە نێوی (مسوری ـ مزوری) ئێستەش هەر وەک سەردەمی (سناخەریب ـ سەنحاریب) لە لێواری ڕووباری (خازەر) دادەنیشن .

لەم کورتە باسە بۆمان دەردەکەوێت کە مێژووی کورد دەچێتەوە ئەو سەدانەی کە پێی دەڵێن چەرخە پێش مێژوویی‌یەکان (عصور ما قبل التاریخ) و ئەو نەتەوەیە لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە و لەپێش پەیدابوونی ئاری‌یەکان و لە سەدەکانی پێش مێژووەوە لە چیاکانی زاگرۆسدا ژیاوە .

کوردی کۆن وەک کوردی ئەوڕۆ لەو چیایانەدا بەشێوەی هۆزهۆز ژیاوە و پاشان بەهۆی



هاوزمانی و هاو ڕامانی‌ی میتۆلۆژی یەکیان گرتۆتەوە ، یەک گرتنەوەی ئەو هۆزانە بۆتە بناغەی پەیدا بوونی نەتەوەیەکی پڕ هێز کە لە مێژوودا بە نەتەوەی ماد ناسراوە و ئەوڕۆ پێی دەڵێن کورد .

ئەوڕۆ و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی نەژاد و خوێن و ڕەوشت و نەریت کورد بە یەکێ لە نەتەوە «هیندۆ ـ ئۆروپی»یەکان دەژمێردرێت .

مێژوونووسی بەناوبانگ «مینجەرسۆن» دەڵێ:

خوێنی نەتەوەی کورد تێکەڵاوی خوێنی هیچ نەتەوەیەکی دی نەبووە ، ڕەگەزو خوێنی خۆی لە هەموو خولێکدا پاراستووە و هەمیشە هۆشی بە زمانەکەی خۆیەوە بووە ، نەیهێشتووە هیچی تر تێکەڵاوی بێت . کە دوو حکومەتی (میدی) و (فارسی) دواییان هات و فارس کەوتە ژێردەستی (پرث ـ ئەشکانی) یەکان میدی‌یەکان پەنایان بردە کێوەکان و بە کوردوئی ناونران و ئەو نێوە پاشان بوو بە کورد .

هەروەها لە شوێنێکی دیدا دەڵێت:

«کورد سەر بۆ کەس دانانەوێنێت و ملکەچی کەس نابێت ، هەموو دەم حەز بە پێشکەوتن دەکەن ، بستە زەوی‌یەک بە خۆڕایی نادۆڕێنێ ، بێزی لە ڕەوشتی ئەو نەتەوانە بۆتەوە کە ویستویانە داگیری کەن ، بۆ پاراستنی ئارای «وجودی ـ کەیانی» نەتەوەیی و زمانی ئاریی خاوێنی خۆیان گەڕانیان لە شاخ و چیاکانی وڵاتی خۆیان پێ‌خۆش بووە . جا ، قەومی وا دوایی نایەت و دوایی پێ‌ناهێنرێت . » .

خوێنەری هێژا ئەم کورتە باسە ، باسی خاک و نەتەوەیەکی فرە دێرینی مێژووی مرۆڤایەتی‌یە ، ئەم خاک و نەتەوەیە دوو نێوی گەلەک مەزن و پیرۆزیان بە مرۆڤایەتی بەخشی ، یەک زەردەشت ، دوو ئاڤێستا .

## هەندێ لە بارەی ئاڤێستاوە

ڕەگەزەکانی مرۆڤ پێش کۆچ و جودابوونەوەیان خاوەنی یەک زمان و هەمان خودایانیان پەرستووە ، پاش جودابوونەوەیان و بەپێی بارو سروشتی نوێیان ئەیزەدەکانیان «خواکانیان» و زمانیان لێک دوورکەوتۆتەوە و لە ئەنجامدا بوون بە چەندین نەتەوەی جیاواز .

نەتەوەی ئێمە پێش گرەڤ«ئیمان»هێنان بە دینی «مەزدیسنی ـ تاکە خودا پەرستی» کە زەردەشت پێغەمبەری بوو ، باوەڕیان بە فرەخودایی «تعدد الالهە» هەبوو و خوداکانیان نێویان «دێو ـ دێڤە ـ Daeva» بوو کە یەکسانە بە ووشەی «رب النوع»ی عەرەبی ، و ئەم دێوانە «خودایانە» هێزە چاکەکانی دینی دێرینی ئەرینەکان «ئاری‌یەکان» بوون .

زەردەشت دژ بە پەرستنی دێوان وەستا و توانی ئەو باوەڕە کۆنە بەتەواوی تێک‌شکێنێت و ئەو سپەنتابەتیەی «قودسیەتەی» لە دێوان داماڵی و کردنی بە یاران ئەهریەن ، ووشەی دێوی کردە نێوێک بۆ هەموو شتێکی خراپ ، هەتا کە باسی مایکروب و بەکتریاش دەکات دەڵێ: ئەو دێوە فرە وردانەی کە لە شوێنی تاریک و پیسدا دەژین .



www.koskikurd.com

## زەردەشت و ژیانی

زەردەشت نێوی خۆی لە بەشی گاثاکانی ئاڤێستادا بە «زەرەتوشترە zarathushtra» نووسیوە، لە وڵاتی «ماد»دا «پێش چەند ساڵێک لە نووسراوێکدا خوێندمەوە، زەردەشت لە دێی «هەردشنە»ی نێزیک ورمێ لەدایک بووە، بەداخەوە نووسراوەکەم لەلا نەماوە و نێویی و نێوی نووسەرەکەم لە یادنەماو و لە دروستی و نادروستی نێوەکە دڵنیانیم.» لە باوکێک بە نێوی «پووروش‌ئەسپە Pourushaspa» و دایکێک بەنێوی «دوغدڤە Dughdova».

لە بارەی مێژوو و کاتی لەدایک بوونی ئەم پێغەمبەرە ناڕۆشنی‌یەکی زۆر هەیە، مێژوونووسی یۆنانی کسانتۆس «٤٥٠ پ. ز» نووسیویەتی زەردەشت ٦٠٠ ساڵ پێش جەنگی (خشیارشا) دژ بە یۆنان ژیاوە، و ئەو شەڕە ساڵی ٤٨٠ی پێش‌زایین ڕوویداوە واتە زارا لە دەوروبەری ١٠٨٠ی پ. ز ژیاوە. بەڵام بەپێی لێکدانەوەی ئاڤێستا دەتوانین بڵێن ژیانی زەردەشت لە نێوان سەدەی ٨ و سەدەی ١١ی پ. ز بووە.

گەلێ سەرچاوەش هەن کە دەیبەنەوە بۆ ٦٠٠ ... و ٥٠٠ ... و ٤٠٠ ... ساڵ پێش‌زایین.

زەردەشت لەمنداڵییەوە زیرەکی و هۆشمەندی خۆی نواندووە، لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا ڕووی لە دەشت و کێوان کردووە و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە سەر چیایەک ژیاوە کە لە وێژەواتیی «ئەدەبیاتی» مەزدیسنیدا بە «ئوشی دەرنە Oshidarena» (ئوش = هۆش، دەرنە = دەر) بە واتەی هۆشدەر و هۆش بەخشی پێ‌دەڵێن، لەوێ پەیوەندی بە «ئاهورامەزدا»وە کردووە و بووە بە پێغەمبەری دینی مەزدیسنی.

لە باس و نووسینەکانی کە لە ژیانی زارا دەدوێن، وەک ژیانی هەموو پێغەمبەرەکانی دی پڕ لە ئەفسانە کراوە و ئەوەش کارێکی باو بووە لە نێو نەتەوە جیاوازەکاندا بۆ نیشاندانی بەرتری و چاکتری پێغەمبەری خۆ.

جا هەرچۆنێک بێت زارا پاش ئەو ماوە تەنیایی‌یە و بیرکردنەوە هاتۆتەوە نێو مەشیە «خەڵک» و هەوڵی داوە بیانگۆڕێت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە نێو نەتەوەیەکدا بوو کە خاوەنی سەرکردایەتی دینی بوو، سەرکردە دینی‌یەکان دوژمنایەتی‌یەکی زۆریان کردووە و ئەویش بەناچاری بە خوێش و یاران و دۆستانیەوە سەری هەڵگرتووە و چۆتە شاری «بەلخ» و پاشاکەی کە ناوی «ڤیشتاسپ» بووە باوەڕی پێ‌هێناوە و لەوێ ژیاوە تا کوشتنی بە دەستی «توربراتور»ی تۆرانی.

موبد ئەردەشیر ئاذەرگوش‌ئەسپ لە بارەی ژیان و نەمانی ئەم وەخشوورە «= پێغەمبەر، ئەم نێوە تەنها بۆ زەردەشت بەکاردێت»وە دەڵێ:

هەزاران ساڵ لەمەو بەر و لەو سەردەمەیدا کە مرۆڤ و جیهان لە گەرداوی پاش‌کەوتن و نەزانی‌دا دەژیان، پێغەبەری ئێرانی دێرین، ئاشو«موقەدەس» زەردەشت ئەسپیتەمان سەری‌هەڵدا تا مەشیە بەرەو تاکە خودا پەرستی ڕێنوێنی کات.

بەدەرخستنی مێژوویەکی دروست بۆ پەیدابوونی زەردەشت ئەوڕۆ، لەبەر دێرینی و کۆنی مێژووی ئەم پێغەمبەرە لە توانای ئێمەدا نی‌یە. بەڵام گومان لەوەدا نی‌یە ئاشو زەردەشت



بەپێی گوتەی ڕوون و ئاشکرای ئاڤێستا بەرترین و یەکەمین پێغەمبەر و ئامۆژگارە «مامۆستایە» کە مرۆڤی لە پەرستنی دێوان «ارباب الانواع» هەڵگەڕاندەوە و فەرمووی کە جگە لە ماکی پاکی «ئاهورامەزدا» کە تاکە خودا و بێ‌هاوتایە هیچ کەسێک یا شتێکی دی شایەنی پەرستن نی‌یە.

ئاشو زەردەشت مرۆڤێکی مێژوویی‌یە کە لە سەردەمی پاشایەتی «لهرئەسپ»ی کەیانی‌دا لە ڕۆژی خوردادی مانگی فەروەردین «شەشەمی فەروەردین» لە کەدەی بابی‌دا «پوورروشسب» و لە داکی «دوغدو» لە دایک بووە، چل ساڵ پاش ئەوە و لە سەردەمی پاشایەتی «گوشتاسپ = ڤیشتائەسپە» لەلایەن «ئاهورامزدا»وە بۆ پێغەمبەریی هەڵبژێردراوە.

ئەو مەزنە لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا و لە ڕۆژی خیرئەیزەدی مانگی دی «یازدەمی مانگی دی» و لەودەمەیدا کە لە ئاگرکەدەی شاری بەلخ خەریکی پەرستن بوو بە دەستی نەفەرێکی تۆرانی بە نێوی «توربراتوور» کوژرا (مەبەستی نووسەر شایەت زۆر ڕوون نەبێت، بەڵام ئەم ڕووداوە لەو دەمەدا ڕووی دا کە ڤیشتاسپ بە لەشکرەوە شاری جێ‌هێشتبوو و چوبووە سەر ڕۆستەمی زاڵ بۆ شەڕ، ئەویش لەبەر ئەوەی کە زەردەشت زۆری پێ‌گرنگ بوو کە ڕۆستەم بێتە سەر دینی، بەڵام ڕۆستەم ئامادەنەبوو دەست لە دینی باوباپیرانی هەڵگرێت، و لەو کاتەدا بوو کە پاشای تۆرانی‌یەکان ئەو بارەی بەهەڵ زانی و هێرشی بردە سەر شاری بێ شارەوان.

هەروەها نووسەر دەڵێ کە زەردەشت لە ئاگرکەدەکەدا بوو، لە خودی ئاڤێستادا باسی ئاگرکەدەی تێدا نابینرێت چونکە ئاگر پەرستی پەیوەندیی بەو دینەوە هەیە کە زەردەشت خەباتی لەنێوبردنی دەکرد، بەڵام ئەم نێوە ئەوڕۆ یەکسانە بە پەرستگە و «معبد»ی عەرەبی).

نێوی شەش منداڵیمان پێ‌گەیشتووە، سێ کوڕ بە نێوی، ئیسدوئەسترە، ئورڤەتدنر و خورشید چهر (لە شێوەی نووسینی نێوەکان دڵنیانیم چونکە لە فارسیدا دەنگ و شێوەیان گەلێ جیاوازە بە ئاڤێستایی و لێرەدا، وادیارە کە دوو نێوەکەی یەکەمی لە ئاڤێستایی‌یەوە هێناپێتەوە، بەڵام ئەوی سێ‌هەمیان نا، کە وەرگێڕدراوی نێوەکەیە، بۆ پەهلەوی.) و سێ دۆت «کیژ» بە نێوی (فەرین، تەهرت، پووروچیست).

نووسینەوەو لێکۆڵینەوە لە سەردەمی نوێ‌دا ساڵی ١٧٠٠ لەلایەن ڕۆژهەڵات ناسی ئینگلیزی «تۆماس هاید»وە دەستی پێ‌کرد و تا ئەوڕۆ لەبارەوەی دەنووسرێتەوە، ئەوڕۆ چۆتە کاڵبەدێکی «قالبێکی» زانستی فرە قووڵەوە و بەسەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگی ماتماتیک و فیزیک دادەنرێت و پەیوەندی بە توندی تیشک و (+ و -) و ئەلکترۆن و پرۆتۆنەوە هەیە (بڕوانە A Modern Zoroastrian، نووسینی ساموئێل لانک).

## ئاڤێستا

ئاڤێستاو چەکامەکانی «شیعرەکانی» نامە و نووسراوێکی فرە گرنگی مێژوومانن.
ئەم نووسراوە کە ڕامان دەکرێت یەکەم نووسراوی نەتەوە ئەرینی‌یەکان «ئاری‌یەکان» بێت،



www.koskikurd.com

تا ئەورۆ سەری مێژوونووسان و جستوجۆکەران لەوە دەرناچێت، کە چۆن پەرتوکێکی وا لە سەردەمێکی وا دێرۆکدا «کۆندا» و بە دەبێکی «خەتێکی» کە بە یەکێک لە ئیسروترین «کاملترین» دەبەکانی جیهان دادەندرێت پەیدابووە.
گرنگی‌یەکی دی ئاڤێستا لەوەدایە کە کارێکی تەواوی کردە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە و بیروباوەڕی پێش‌خۆی ڕش‌کردەوەو یەکی نوێی خستە شوێن.
ئاڤێستا یاخود ڕاست‌تر وایە گەر بڵێن پاشماوەکەی لە باسەکانیدا هەموو بارو بابەتێک دەگرێتەوە، بۆ نموونە جگە لەو بابەتانەی کە لەهەموو دینێکدا دەیبینین، وەک باسی خودا و فریشتەکان و بەهەشت و دۆزەخ و گەردون دروست بوون وژیان ئافریدکردن و ... هتد، دەبینین لە بەشی «ڤیسپرد»، جوگرافی نیشتمانی ئەرینەکان، داستانی جەمشید «لافاوی نوح»، مردوو هەڵگرتن، چۆنیەتی کشتکاریی «زیراعەت»، مەڕومالات بەخێوکردن، یاساکانی بەرپرسیاریی «احکام المحاسبات»،چۆنیەتی و گرنگی سەگ بەخێوکردن، یاسا و دەستورەکانی دەشتانی «بی‌نوێژبوونی ژن، خوێنی مانگانەی ژن، الدوره الشهریه، حیض»بوونی ئافرەت، پاکی و خۆشوشتن و نینۆک‌کردن، سەرتاشین، پێناسەکردنی چەندین جۆرە تاوان «جەریمەت»، ئەهریمەن، ئەفسانەی فرەیدوون، پێناسەکردنی باران و ئاو و مانگ، دروستکردنی گەوڕ بۆ ئاژەڵ و شوشتن و خاوێن کردنەوەی هەموو ڕۆژێک، پزیشکی، کاردپزیشکی «جەراحی» و کەی پزیشک پلەی کاردپزیشکی‌ی«جەراح» وەردەگرێت و ... هتد.
نموونەیەکی کەش ئەوەیە، یەکسانی ژن و پیاو، و مەرجی توانینی خوێندنەوەو نووسینەوەی ئاڤێستا لەلایەن ئەواتەوەی کە دەیانەوێ ژن بێنن و گەلێ شتی دی کە بەڕاستی جێگەی سەرسووڕمانە، کە چۆن مرۆڤێک ٤،٣ هەزار ساڵ پێش ئەورۆ بیری لێکردۆتەوە و نەتەوەکەی هانداوە بۆ خەبات و ئازادی و سەربەرزی و شادی، هەرچەندە ئەو شتانە بێ‌گومان لەو زەردەشتە دەوەشێتەوە کە (+،-) بە مرۆڤدا.
ئاڤێستا لە کاتی خۆیدا لە ٢١ نەسک «کیتاب، پەڕتووک» پێکهاتبوو، هەرنەسکەی لایەنێکی شی کردۆتەوە.
مێژوونووسی ئیسلامی «مەسعوودی» کە لە «٣٤٦»ی کۆچی‌دا مردووە دەڵێ:
ئاڤێستا بەئاوی زێر لەسەر ١٢ هەزار پێستە گا نووسرابووەوە.
و نووسەری ڕۆمی «پلینی» (لە سەدەی یەکەمی زایینی‌دا ژیاوە) دەڵێ:
زەردەشت ئاڤێستای لە دوو هەزار هەزار چەکامە«شعر» گوتووە.
ئاڤێستا لە سەردەمی هێرش و ڕەوی ئیسکەندەری مەکەدۆنی‌دا تووشی نسکۆیەکی کوشندە بووە، لەو دەمەدا دوو نەسکی «کتێبی» تەواوی ئاڤێستا لە ئێراندا «جگە لەوەی کە لە دەست مەشیەدا بووە» هەبووە - یەکێکیان لە (دژەنپشت Deje Nepesht «پەرتووکخانەی شاهی» )دا کە لە تەختی جەمشیدی پایتەختی شایانی هەخامەنشی بوو و بەرگی دووەمیان لە «گەنجی شیزگان» کە لە ئاگرکەدەی «ئازەرگوشەسپ» کە دەکەوێتە نێزیک زەریچەی «دەریاچەی» ورمێ هەڵگیرابوون - یەکەمیان، کە ئەسکەندەر ئاگری لە کۆشکی پاشایانی هەخامەنشی بەردا سووتا و دووەمیان کەوتە بەردەستی یۆنانی‌یەکان و



بردیانەوە وڵاتی خۆیان و دەڵێ وەریانگێڕاوە.
چەند سەدەیەک پاش ئەو ڕووداوە پاشایانی ساسانی دەستیان بە کۆکردنەوەی ئاڤێستا کردەوە، و بەشێکیان وەرگێڕا بۆ زمانی باوی دەسەڵاتداری‌یەکەیان «زمانی پەهلەوی». بەدبەختانە لە هێرشی عەرەبەکاندا، بەشی زۆری نووسراو و نەسکی ئاڤێستای ئەو سەردەمە سووتێندرا.
ئیبن خەلدوون (٧٣٢ـ ٨.٨) نووسیویەتی:
کاتێ کە مەملەکەتی ئێران بەدەستی عەرەب کرایەوە، زۆربەی پەرتووکەکانی ئەو سەرزەمینەیان کەوتە دەست. سەعدی کوڕی وەقاس کە سەرداری لەشکری عەرەبان بوو، نامەیەکی لەبارەی ئەو پەرتووکانەوە بەرەو عومەری کوڕی خەتاب وەشاند و داوای وەرگێڕانی ئەو نووسراوانەی کرد بۆ موسوڵمانان. عومەر لەوەڵامدا فەرمانی دایە کە ئەو پەرتووکانە بخاتە زەریەوە «دەریاوە» و بۆی نووسیبوو، گەر ناوەڕۆکی ئەو نەسکانە ڕێنوێنی‌یە بۆ مرۆڤ، ئەوە خوداوەند ئێمەی بەشتێک کە لەوە چاکترە ڕێنوێنی کردووین، و گەر ناوەڕۆکیان ڕێ‌گوم‌کەرە، ئەوە خوداوەند لە خراپەی ئەو نووسراوانەی پاراستین. بۆیە یا بیانخە ئاوەوە یا بیانسووتێنە.
لە پەرتووکی «دینکەرد Dinkard» کە گرنگترین پاشماوەی پەهلەوی‌یە (ڕاست‌ترە گەر بڵێین ئەوەی لێی ماوەتەوە، چونکە دینکەرد لەنێوبراوە و دیسان کۆکراوەتەوە و لە نۆ بەرگ ئەورۆ هەفتی ماوە»، نێوی ٢١ نەسکەکەی ئاڤێستای سەردەمی ساسانیان (کە بەچەشنی ئاڤێستای دێرین ڕێک‌خرابووەوە) بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە:
١ ـ Shudkar : لەبارەی، پەرستن، پارێزکاری، دین.
٢ ـ Varshtmansar یا VahishtMantar : لەبارەی، کارو چاکەکردن، هەڵوێستی ئاشو و ئەو بارودۆخانەی کە لە ڕوانگەیەکی دینی‌یەوە شایەنی ڕێزن.
٣ ـ Bago یا Bagh بوغ : ڕەوشتی دینی مەزدیسنی، ئامۆژگاریی و کارو ئەرکی دینی.
٤ ـ Damdad یا Davazdah Hamast دوازدە هەمەست: ڕۆژی پەسێن «دوا ڕۆژ ـ یوم الاخره»، زیندووبوونەوە، سزاو پاداشی دواڕۆژ و تاوان و گوناه.
٥ ـ Nadar یا Natar : گەردون و ئەستێرەوانی و ئەستێرەزانیی.
٦ ـ Pajam یا Pajak : هەندێ بیرو بۆچوونی یاسایی مەزدیسنی ی.
٧ ـ Ratushtai یا Radodad Aitag : یاسێکی تایبەت بووە بە، بەرنامەی ڕامیاریی، کۆمەڵایەتی، کاروباریی دەوڵەتی.
٨ ـ Barish : کاروباری یاسایی و دادوەریی.
٩ ـ Kashkirobo یاKashsrobo : هەندێ ڕامان سەبارەت بە کارو هەڵوێستی دینی و ئایینی «مەزهەبی».
١. ـ Vishtasp Shsto : تایبەت بووە بە باسی ڤیشتاسپی کەیانی.
١١ ـ Vashti یا Vashtag : لەبارەی ئەو ڕێنوێنیانەی کە شایستی ڕەوشتی دینی‌یە.
١٢ ـ Chitradad یا Jirashta : پزیشکی، دەروون ناسیی، تیمارکردن و دەرمان.



www.koskikurd.com

١٣ ـ Spand : باسی ژیانی زەردەشت و سوودی چاکە.
١٤ ـ Baghan Yasht : باسی، ئاهورامەزدا، ئەیزەدان، ئیمشاسپەندان.
١٥ ـ Nyarum یا Nikadum : شی‌ی کردنەوەی کارە چاکەکان و گرنگی چەسپاندنی یاسا و دادوەریی لە کار و ژیانی ڕۆژانەدا.
١٦ ـ Gonabad Sarnigad : هاوژینی‌ی و ژنو مێردایەتی، خزمایەتی، پەیمانگریی و باوەڕ، یاسای تاوانکاریی، دادوەریی.
١٧ ـ Husparam : دوارۆژی ژیان، گوناه، ئەستێرەناسیی.
١٨ ـ Sakadom : پاشە ڕۆژی چاوەڕوان کراو، ڕەوشتی وڵات بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدارانی میری، کاروبار و کەرەستەی جەنگی دژ بە ئەهریمەن.
١٩ ـ Vidivdad یا Vandiddad : یاسا، پاکی‌ی و پیسی‌ی، سنووری یاسا دینی‌یەکان و پەیڕەویی کردنیان.
٢٠ ـ Hadokht : فریشتە و کارو هەڵوێستیان.
٢١ ـ Stod Yasht : لەبارەی، ئاهورامەزدا، ئەیزەدەکان، کارو کردارە دینی‌یەکان.
(ئەم ٢١ خاڵە لە نەسکی «زەرزەشت و ئامۆژگاریەکانی» نووسینی هاشم ڕەزا و وەرگێڕانی محەممەد گزمەیی «کە هێشتا بە چاپ نەگەیشتووە» وەرگێراوە و ناوەکان بە هەمان شێوە نووسراونەتەوە).

بەکورتی دەتوانین بڵێن ئاڤێستا بۆ ماوەی «..١١» ساڵ سەرچاوەی ئەندیشەی نەتەوە ئێرانی‌یەکان بووە و یاسای ژیان بووە.

لەبارەی نەژادی زەردەشت و زمانی ئاڤێستا بگرەو بەردەیەکی زۆرکراوە و گەلێ نووسەری هەرزەکاری ڕەگەزپەرست هەوڵیان داوە بسەلمێنن کە زەردەشت میدی نەبووە و من نووسراوی وام خوێندۆتەوە (کە نووسەرەکانیان فارسن) کە دەڵێ: تا ئێستا دیارنی‌یە بۆ زەردەشت وڵاتی خۆی واتە وڵاتی فارسی جێهێشتووە و چۆتە غەربی ئێران «کوردستان» ... هتد، بەڵام ئەورۆ ئەو باسانە بەهۆی لێکۆڵینەو جستوجۆکردن لە دوکانی عەتاراندا نەماوە و هەروەها لە بارەی زمانی ئاڤێستاشەوە زاناکان و شارەزاکانی ئاڤێستا بۆیان ڕوونبۆتەوە کە زمانی «غەربی ئێرانە واتە کوردستان»، پورداود«ی فارس» کە یەکێکە لە مەزنترین زاناکانی ئاڤێستا و زمانی ئاڤێستایی، لەسەر دەستی ئەو ئاڤێستا قەوارەیەکی گرینگی زانستی گرتە خۆ، لە «فەرهەنگی ئێرانی باستاندا» دەڵێ: زمانی ئاڤێستا زمانی «شمال غربی» ئێرانە کە دەکاتەوە «ماد».

لە کۆتایدا جگە لە وەرگێڕانی گوتەی پرۆفیسۆر ویتنی «Whitney» ئەمریکی لەم بارەوە چی دی پر بەپێست نابینم. ویتنی دەڵێ:

بەڵام عیسا چۆن دەیتوانی بەرابەر بەو دینەی‌ڕا کە زەردەشت «ئەندیشەی ڤەهـ، گوفتاری ڤەهـ، کرداری ڤەهـ»ی کردۆتە پایەی، دینێک بێنێتەوە کە لەو چاکترو پاکتر بێت. ئایا ئەم سێ وشەیە هەموو شتێک نین و بە بناغەو پایەی گشت ئایینەکان «مەزهەبەکان» ناژمێردرێن، ئایا هیچ پێغەمبەرێکی پیرۆزی دی دەتوانێ شتێکی دی بخاتە سەر».



# ئەم کارە

ئەورۆ دەتوانم بڵێم کە نیزیکەی ٨ ساڵە خەریکی ئاڤێستا و زەردەشتم و پاش ٨ ساڵ کارو گەڕان بۆم دەرکەوت کە گەر زۆری لێ‌بزانم ئەوە بایی نەوباوەیەکی لێ‌دەزانم.

ساڵی ١٩٨٦ کە دەستم بە نووسین وەرگێڕان کرد لەم بابەتەدا نیازم وابوو کە چەند نەسکێک «کتێبێک» لەم بارەوە وەرگێڕم و وێکڕا و لە بەرگێکدا بڵاوی کەمەوە، بەڵام پاش چەند ساڵێک بەردەوام بوون لەم کارەدا بەوە گەیشتم کە ئەم باسە باسێکی فرە ناسکە و هی ئەوە نی‌یە کوێرانە شت وەرگێڕیت و بیسخەیتە بەردەستی خوێنەری کورد کە هەر هیچ شارەزاییەکی نی‌یە لەم بابەتەدا، بۆیە وەک ئەنجام بەوە گەیشتم کە ئەو کارەی تا ئێستا کردوومە بیخەوێنم و بایەخ بە وەرگێڕانی خودی ئاڤێستا بدەم.

پاش وەرگێڕانی بەشێکی بەرێژە زۆر، زمانی ئاڤێستایی گەلەک ڕایکێشام و کەوتمە سەر ئەوەی کە ئەو زمانە مەزن و فرە دێرینە تاڕادەیەک ببوژێنمەوە و ئاڤێستای من لە ئاوێتەیەکی زمانی ئاڤێستایی و کوردیی نوێ پێک بێت، ئەو ووشانە بەشێوەیەک بەکاربێنمەوە کە بە دەنگی کوردیی نوێ و ئەورۆ گونجاوبێت بۆیە دیسان دەستم بە کار کردەوە و بڵاو کردنەوەی بەشێکی کەمی کارەکەم کرد بە پایە بۆ ڕێدان بە هەڵسەنگاندنی کارەکە و بەدەرخستنی کەم و کوڕیەکانی لەلایەن زمانەوانان و ئاڤێستازانانی کورد، و بەو نیازەی کە وردە وردە گشت ئاڤێستا بەشێوەیەکی شایەن بەخۆی و سوودبەخش بە زمانی کوردی ئەورۆ نیگار کەمەوە و هەروەها «گەر لەتوانادا بێت» فەرهەنگی ئاڤێستایی ـ کوردیش بەکورد پێشکەشکەمەوە.

مامۆستای مەزن مەسعود محەممەد (لە پەرتووکی زاراوە سازی پێوانەدا لەو بەشەی کە باسی ووشەی ئاڤێستایی دەکات «کە شایەنی ئەوەیە هەموو کوردێکی دڵسۆز بیخوێنێتەوە») بە پەیینکەی «پەیینکە = ئەو ئاردەیە کە نانکەر ناوناوە دەستی تێ‌وەردەدات تا هەویری پێوە نەنووسێت» تەشتە هەویرەکی خەرمانەی ئاڤێستا قایلە، بەڵام ئەمن تەشتە هەویری خۆم دەوێتەوە.

ئەم بەشە بچوکەی کە ئەورو لەبەر چاوانی خوێنەری هێژادایە بەشی یەکەمی وەرگێڕانی «لە فارسی‌یەوە» (آوستا : نامە مینوی آیین زرتشت) کە (جەلیل دەستەخوا) بە سەرپەرشتی مامۆستا (ئیبراهیم پورداود) نیگاری کردووە، لەم وەرگێڕانەدا بەپێی توانا هەوڵمداوە کە ووشەی ئاڤێستایی بەکاربێنمەوە و نێوەکانیش بە شێوە ئاڤێستاییەکەیان بنووسمەوە کە جەلیل دەستەخوا لە کارەکەیدا ئەوەی نەکردووە و ئاماژەشی بۆ ئەوە کردووە لە نووسینەکەیدا کە هەولی‌داوە بەشێوەیەکی ئاسان و ڕەوان ئەم کارە بنووسێتەوە،بەڵام من گۆڕانێکی گەورەم تێدا کردووە «تەنها لەڕووی ووشە و نێوی ئاڤێستایی»، پەراوێزەکانیش جیاوازییان زۆرە، ئەمن هەموو پەراوێز و پێ‌پەڕکانی خودی نووسراوەکەم وەرگێڕاوە و لە فرە شوێنیشدا خۆم شتم نووسیوەتەوە و لە پێش نووسینەکەی خۆم «+» ێکم داناوە، هەروەها فەرهەنگۆکێکیشم بۆ دروست کردووە، کە فرە گرنگە بۆ تێگەیشتنی باسەکە و هەموو ئەو ووشانەی کە لە فەرهەنگەکەدا هەن لە دەقەکەدا ئەستێرەیەکم* لە تەنیشت داناوە.



www.koskikurd.com

یەکیٚ لە گەورەترین گورزانەکانی «موشکیلەکانی» ئەم کارە، ئەوەیە، کە کەس بەسەریدا نەچۆتەوە و نەبوونی کەسانێکی کوردی کە خودانی شارەزاییەکی تەواو بن لە زمان و مێژووی ئاڤێستادا هۆیەتی، ئەوانەی کە من پێیان گەیشتووم و هەوڵیان داوە لەم بارەوە بدوێن بەداخەوە زۆرکەمیان لیٚزانیوە و بۆم دەرکەتووە کە خۆم گەلەک شارەزاترم، بۆیە نەکراوە ئەم کارە بخەمە بەردەستی کەس لەپێش چاپکردنی و هیوادارم بەبڵاوبوونەوەی بکەوێتە بەرچاوی شارەزایان و کارەکە هەڵسەنگێنن و ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەم پیٚبگاتەوە.

لەکۆتایدا دەمەویٚ بڵێم ئەم کارەی من وەک ئەوەیە، مێشوولە بەگژ قولەی بەرزی قافدا بچێت، بەڵام هەتا ماوم شانازی بەوەوە دەکەم کە منی گچکە هەوڵمداوە ئەو دەروازە مەزنەی مێژووی کورد بکەمەوە و تەشتە هەویرەکەی بۆ داکۆڵم بپەمەوە.

ئەنداز ١٩٩٢/١/٥.

## سەرچاوەکان


بۆ نووسینەوەی باسەمێژووییەکەی سەرەتا سوودێکی زۆر لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)، نووسینی ئەمر عەلائەدین سوجادی وەرگیراوە، هەروەها لە ـ

- تاریخ ایران باستان ـ بەشی یەکەم و دووەم ـ حەسەن پیرنیا. «فارسی»
- مێژووی کوردو کوردستان ـ ئەمر ئەمین زەکی بەگ.
- زاراوە سازیی پێوانە ـ مامۆستای مەزن مەسعود محەممەد.
- خوردە ئاڤێستا، وەرگێڕانی و شیکردنەوەی، موبد ئەردەشیر ئازەرگوشەسپ.
- «زردشت چە می‌گوید» نووسینی «ژان ڤارن»ی فەرەنسی و «عنایت‌الله شکیاپور» کردویەتە فارسی.
- «کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او ـ فارسی» نووسینی رەشید یاسەمی.
- مێژووی زمانی کوردی ـ نووسینی، زوبێر بیلال ئیسماعیل و وەرگێڕانی یوسف رەووف عەلی.
- زمانی کوردی، دابەش بوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی ـ نووسینی فوئاد حەمە خورشید.

**هەروەها سوود لەم نووسراوانەی خوارەوە وەرگیراوە بۆ وەرگێڕانی بەشی یەکەمی ئاڤێستا.**

- زاراوە سازیی پێوانە و لسان الکرد ـ مامۆستای مەزن مەسعود محەممەد.
- خوردە ئاڤێستا، وەرگێڕانی و شیکردنەوەی، موبد ئەردەشیر ئازەرگوشەسپ.
- تاریخ ایران باستان ـ بەشی یەکەم و دووەم و سیٚهەم ـ حەسەن پیرنیا. «فارسی»
- تحفه مظفریه ـ گرداری ئۆسکارمان ـ وەرگێڕانی چەکامەبێژی ئەمری کورد هێمن.
- فەرهەنگی مردۆخ ـ ئەمر ئایەتوالله شێخ محەممەدی مردۆخ.
- فەرهەنگی خاڵ ـ ئەمر شێخ محەممەدی خاڵ.
- دیٚوانی مەولەوی.
- دیوانی حاجی قادری کۆیی.
- دیوانی سالم.
- دیوانی بابە تاهری هەمەدانی.
- مباحث في علوم القرآن، عەرەبی ـ دکتۆر «صبحي الصالح».
- ربیع الفکر الیونانی، عەرەبی ـ دکتۆر «عبدالرحمن البدوي».
- لیریکای شاعیری گەورەی کورد، مەولەوی ـ نووسینی ئەنوەر قادر محەممەد.




# ئاڤێستا

www.koskikurd.com

## بەشێک لە پێشگوتارەکەی (جەلیل دەستەخوا)

« ئاڤێستا » دێرینترین نووسراوی نەتەوە ئێرانیەکانە. زەمانی نیگارکردنی ئاڤێستا هەرچەندە بەتەواوی ڕۆشن نی‌یە، بەلاّم بەلای کەمیەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری دە سەدە پێش زایین.

ئەوەی ئەورۆ لە دەستماندایە و نێوی ئاڤێستامان لیٚناوە هەمان ئاڤێستای کۆن نی‌یە کە لە دەستی باپیرانماندا بووە، بەڵکو بەزم و ڕەزمی زەمانە بەشێکی زۆری ئەم نووسراوە مەزنەی لەنێوی بردووە و دڕندەخووان ( درندە + خوو ) و تەزانان بەرۆکیان بەرنەدایە و بۆتە خۆراکی ئەهریمەنیان.

لە نووسراوە ئایینی‌یە زەردەشتیەکاندا هاتوە کە ئاڤێستا بە زێڕ لە ڕووی دە هەزار پێستە گا نیگار کراوە و لە ( دژەن پشت = پەرتوکخانەی شاهنشاهی ) پارێزراوە.

« ئاڤێستا »ی ڕۆژگاری ساسانیەکان ( ..٣٤٥٧ ) واژە بووە و زەند ( کە وەرگێڕان و شی‌کردنەوەی ئاڤێستایە بۆ زمانی پەهلەوی ) بە ( ..٢.٩٤٢ ) واژە بەراورد کراوە، ئەورۆ تەنیا ( ...٨٣ ) واژەمان لە ئاڤێستاوە بۆ بەجیٚماوە.

ئاڤێستای دێرین خودانی ٢١ نەسک (پەرتووک) بووە، بەرابەر بە ٢١ واژەی نیایشی (دوعا) «یەتائەهوڤەئیریو ...) کە لە نیایشە گرنگەکانی دینی مەزداپەرستی‌یە.

لە ڕۆژگاری ساسانیەکانیشدا بەهەمان شێوەی دێرین بەرماوەی ئاڤێستایان لە (٢١) نەسکدا نووسیەوە کە تێو و لێکۆڵینەوە و شێکردنەوەکانی لە پەرتووکی (دینکرت)ی پەهلەویدا جی‌گیرە.

نەسکە بیست‌ویەکانەکانی «ئاڤێستا» کراوە بە (٣) بەش :

١ـ نەسکەکانی گاسانیک .. لەزانست و کاری مەینەڤی (بەهەشتی ـ مەعنەوی).
٢ـ نەسکەکانی داتیک .. لەزانست و کاری جیهانیدا (مادی).
٣ـ نەسکەکانی هاتک مانسریک .. لە هۆشیاری ژیارەی کردارەکانی نێوان جیهانی مەینەڤی و جیهانی خاکی.

ئاڤێستای ئەمرۆ خاوەنی ٦ بەشی سەرکیی‌یە: گاثاکان، یەسنا، یەشتەکان، خوردە ئاڤێستا، ڤیسپەرد، ڤەندی‌داد ( ئەم نێوە لە ئاڤێستادا بە « Vidaeva data ، یاسای دژ بە دێوان» ، کە لە شوێنی خۆیاندا باسیان دەکەین.

***

«ئاڤێستا» لە یەک زەماندا و بەدەستی یەک کەس نەنووسراوەتەوە؟

«گاثاکان» کە بەکۆنترین بەخشی ئاڤێستا دەژمێردرێت بی‌گومان سروود بێژەکەی خودی زەردەشتە و دێرینی ئەو بەشە دەگاتەوە زەمانی وی واتە ١٠ سەدە پێش زایین، بەلاّم بەخشەکانی دی «ئاڤێستا» لە زەمانەکانی دوایدا و بەدەستی کەسانێکی دی نیگارکراووە و بەو شێوەیە هەندیٚ شتی کە لەسەرەتادا ناسازگار بووە بە ئایینی «زەردەشت» خۆی تیٚپەستووە.



مەبەست لەم پەرتووکە لێکۆڵینەوەو ناسینەوە و مێژوو و زمانەوانی وێژە (ادب)ی ئاڤێستا نی‌یە، بەلاّم مەبەست ئەوەیە کە بژاردەیەک لە ئاڤێستا بەزمانێکی ساکار و ڕۆشن بخەینە بەردەستی خوێنەران و چەند گۆشەیەکی ئەندیشە و جیهان‌بینی دێرینی ئێرانیان پێشکەشکەین.

لەم ڕووەوەیە کە خۆمان بە چەندی بەشەکانەوە نابەستین و تەنها کلیلەکان بە دەستی خوێنەران دەگەیێنین تا خۆیان لەسەرچاوەکانی دی‌دا ـ کە خۆشبەختانە ئەورۆ گەلەکن ـ بکۆڵنەوە.

ئەو زمانەی کە ئاڤێستای پیٚ نووسراوە و لەبەر بوونی «ئاڤێستا»، زمانی ئاڤێستایی پیٚ دەڵێن، زمانێکی کۆنی ڕۆژ ئاوای ئێرانە و سەردەمی باوبوون و لە کارکەوتنی دیار نی‌یە و گەلەکی لە بارەوە گوتراوە، بە پێویستی نازانین کە لێرەدا باس کەین.

هەرچۆنێک بێت «زمانی ئاڤێستای» یەکیٚ لە زمانە گرنگەکانی ئێرانی دێرین بووە و بە زمانە ئاریە کۆنەکانی دی وەک «سەنسکریتی» و «پارسی کۆن» خوێشاوەندی‌یەکی نێزیکی هەبووە و گەلێک ووشەی بە هەندێک گۆڕانەوە تا ئەورۆ لە زمانی فارسی‌دا ماوە (+ هەروەها کوردیش بی‌گومان).

دەب (خەت)ی ئاڤێستا ـ کە یەکێکە لە ئیروترین (کاملترین) دەبەکانی جیهان و بە ـ دین دەبیرە یان دین دەبیریی ـ نێونراوە، واتە ئەو دەبەی کە نووسراوە دینی‌یەکانی پیٚ دەنووسرایەوە.

دەربارەی چۆنیەتی و زەمانی پەیدابوونی ئەم دەبەش گفتوگۆی زۆرکراوە و ئەوە باسی ئەم نووسراوە نی‌یە، بەلاّم تەنها بۆ ئەوەی خوێنەر نموونەیەکی ناوەڕۆکی ئاڤێستا بە دەبی «دین دەبیریی» ببینێت بەندێکی «گاثاکانی» دەخەینە بەرچاو.



(یەسنا. هات ٤٧ بەند ١)

بیٚ گومان هەر ئێرانی‌یەکی ئازاد و زانست‌دۆست کاتیٚ ئاگاداری مەزنی «ئاڤێستا»ی دێرین و لە نێوچوونی بەشی زۆری دەبێت، سەخت غەمبار دەبێت و ناڵەی دریغای لیٚهەڵدەستێت بەرابەر بەو ئەنگرە بەختی‌یە (بەدبەختی‌یە). بەلاّمەکیٚ ئەورۆ بەرابەر بە چەرخی مێژوو و ڕووداوە دڵ تەزێنەکانی کە بەسەر ئەم سەر زەمینەدا هاتووە چ کارێکمان پیٚ ناکرێت جگە لەوەی بە یاریدەی ئەو بەرگە پەرتانەی (پەرت و بلاٚو) دەفتەرە کۆنەکان و کۆڵەگە ڕماوەکانی کۆشکی فەرهەنگی دێرین گەوهەری تابانی ئەندیشە و فەرهەنگی باپیرانمان بناسینەوە و بەهەندەک دەرەنگی‌یەوە کە لەسەرای پێشنانمان کردووە، تووشەی ڕیٚی پەند و زەمانە لە



www.koskikurd.com

پریاسکەی (پارچەپەڕۆیەکی کە شتی تیا گرێ بدرێ) گەشتی ئەورۆ و سبەی‌دا بپێچینەوە.

«ئاڤێستا» ئەورۆ بە گشت ناتەواویی و پەرت و بڵاوی‌یەوە، هێشتا بایی ئەوەندەیە کە لە پرتەویدا ئەو ڕابووردووە ئەزمەندکەری (غروورکەرەی ـ غرورئامیزی) سەرزەمین و باپیرانی هێژامانی تێدا ببینین و بناسینەوە.

لەم ئاوێنە درەخشـانەدا دەبینین: لەو ڕۆژگارە کۆنانەدا، جۆرە مرۆڤێک لەسەر ئەم زەمینەدا دەژیان کە خودانی ئەندیشەیەکی پاک و بێگرد و دڵێکی لێوڕێژ (پڕ) لە شۆر (هیجان) و ئەزوەریی (غرور) و ئازادیی بوون.

## لەبارەی جیهان بینی‌یانەوە

جیهان و هەرچی‌یەکی تێدایە جوان و شایەنی خۆشویستن و ستایشە (مەدح کردنە) و بە ئافریدەی (مخلوق) «ئاهورامەزدا» ـ تاکە خودا و ئافریدگار ـ یا «سپەنتە ماینیێڤە» (نووسەر «سپێەندمینو»ی نووسیوە و ئەز ئاڤێستایەکەم بەکار هێناوە لە شوێنی» بە ژمار دێت.

گشت پیسی و خراپە و پلیدیی و تاریکی و سیاڕۆژی‌یەکی لە جیهاندا دیددەکرێت زادە و دەستکردی «ئەهریمەن» یا «ئەنگرە مینیێڤە»یە (نووسەر «ئەنگرە مینو»ی نووسی‌ووە) ـ مەنشی ناپاکی و پلیدیی ـ.

مرۆڤ لەو نێوانەدا ـ بێ ئەوەی پێ بەند کرابێت و گرفتاری چارە نووسێکی نا ئاشنا و مەزەنەیەکی کوێرانە و بێ دڵ بووبێت ـ بەخواستی خۆی لە مەیدانی ڕەزمی (جەنگی) ئارادا «وجوددا» بە یەکێک لەو دوو هێزە (ڕۆشنایی ـ تاریکی. یا. چاکە، خراپە) دەپەیوەندێت.

بەڵام گشت پەند و ڕێنوێنی‌یەکانی ژیان پەنددەری ئەوەن کە مرۆڤ دەبێ یارمەتی «سپەنتەمەینیەڤە» بدا لەو جەنگ و پەیکارەی کە دژ بە «ئەهریمەن» دەیکات و ڕەگ و ڕیشەی پیسی و خراپە و تاریکی ڕەش ڕۆژیی لە جیهاندا هەڵکەنن و تا دوا ڕۆژی ژیان دەست لەم نەبەرد (جەنگ) و خەباتە بەرنەدەن.

مرۆڤ ئازاد و خوددار ئافرید (خلق)کراوە و هیچ چارەیەکی نووسراو و زۆرداری‌یەک (جبر) لەکاردا نی‌یە کە بیخاتە سەر ڕێ‌یەک بێ ئاگاداریی خۆی، مرۆڤ ئەو مافەی هەیە کە لەسەر ڕووی ئەم زەمینەدا بە ئازادی بژی و پەروەردە بکرێت و هەموو شتێکی کە دڵی ئارەزووی دەکات و بە پاکی و ڕاستی و جوانی سازگارە لە بەشی ئەو بێت.

ژیان لەبەر چاوانی‌دا ڕەش و دۆزەخی و ترسناک نی‌یە بەڵکو بەرینی‌یەکی ڕۆشن و بەهەشتی شادیی و دڵگیرە ـ ئەو بەهەشتەی کە بەدەستی مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە دروست دەکرێت و گشتیان بەرابەر بە وێرانکاریی و تەباهکاریی ئەهریمەن پاسەوانین ـ.

جیهان بەهەشتی کافران و زیندانی پاکدامەنان (**الطاهرین**) و بەرڕۆشنان (**مؤمنین**) نی‌یە بەڵکو مەیدانی خەبات و جۆش و جموجۆڵی مرۆڤی پاکدڵ و ڕۆشن‌بین و ڕاستی پەرستە و هەر کەسێکی خۆی لەم مەیدانە لادات و گۆشەگیربێت و بەشداریی خۆشی و ناخۆشی و



هەوراز و نشێوەکانی نەکات و لە کنارێکدا هەڵتوتکێت ئەوە بۆ وێرانکردنی جیهان تێکۆشی‌وە و یارمەتی «ئەهریمەنی» سیارکاری داوە (ووشەی «سیا» ئاڤێستایی‌یە).

هەموو شتێکی پەیوەندی بە دەروێشی و دەرۆزەیی (سواڵ) و سەرشۆڕیی و سووکی و گۆشەگیری و غەمەوە هەبێت، ئەهریمەنی و نادروستە و مەردی مەزداپەرست جگە لە ژیانێکی تواناگرانە (هێزمەندانە) و ئەزمەندی‌ئامێز و سەربەرزی و شادمانی تەن و لەش چی‌دی پەسندناکات.

«سپەنتەمەینیەڤە» و گشت «ئەمشاسپەندان» و «ئەیزەدان» نوێنەری پاکی و ڕاستی و مەنشی نیک (اخلاقی باش) و ژیانی ئاوەدانی و ئازادانەن و «ئەهریمەن» و گشت «دێوان» (ارباب الانواع ـ بڕوانە فەرهەنگ ـ) و «درۆپەرستان» نوێنەری گەندەڵی و درۆ و بەدسروشتی و سیاڕۆژیی و ناخۆشین.

جەنگ و کارەزارێکی «جەدەلێکی» سەخت هەمیشە لە نێوان ئەو دوو دەستەدا هەیە. مرۆڤی ئازادی دۆست و پاکسروشت و ڤەهـ ئایین (چاکمەزهەب) پەیوەندی بە «ئاهورامەزدا» و یارانی‌یەوە دەکات و بە درێژایی ژیانی‌کاتی دەست لە ڕەزم «جەنگ ـ لە بەزم و ڕەزم‌دا ماووە» و پێکانی دژ بە «ئەهریمەنی» ئەنگرە ئەندیش «بەد ئەندیش» و گشت هێزە ئەهریمەنیەکان هەڵناگرێت و ڕوو وەرناسوڕێنێت.

ژیان مەیدانی ڕەزم و هەڵسەنگاندنی توانای «سپەنتەمەینەڤە» و «ئەهریمەن»، «پاکی»، «جوانی» و «خۆش‌گوزارانی» و «ناشرینی» و «ڕۆژی ڕەش»ە و ئەوەی لەم پێکدانە سەخت و ترسناکەدا سەردەکەوێت و بە ئازادی دەژی «سپەنتەمەینەڤە» و پاکی و جوانی و خۆش گوزەرانی‌یە.

مرۆڤ پاڵەوانی وەها مەیدانێک و مەردی جەنگێکی مەزنی وەهایە و پلەو پایەی ئەوەندە بڵندە کە یاری «سپەنتەمەینیەڤە»یە لە بێ ڕەگ و ڕیشەکردنی «ئەهریمەن» و دروست کردنی جیهانی پاک و بێ‌گەرددا.

«ئاهورامەزدا» نە خودای بەخشایش (لێبوردن) و ئامرزن (غفران) و مهرەبانی‌ی (ترحم) و خوایش‌کردنە (شفاعت) و نە خودای زۆر (جبر) و زۆرداریی (قهر) و فێڵ و کینە (قین، ڕق)؛ بەڵکو خودای پاکی و ڕاستی و مەردایەتی و ڕاستگۆیی و پەیمان‌ناسی‌یە و یاران و ئافریدەکانیشی دەبێ وەهابن.

«ئاهورامەزدا» ئارەزو و ویستی خۆی لەوانی دی بە پێشتر و بەرزتر نازانێت، بەڵکو لەکاری ئافریدکردن و جەنگی دژ بە ئەهریمەن داوای یارمەتی لە «ئەمشاسپەنتان» و «ئەیزەدان» و «فرڤەهر ـ هێزی ڕەوان»ی مرۆڤ دەکات و گەلێکیان بە شایەنی ستایش و مەزنی‌ی نیایشێکی هاوسانی خۆی دەزانێت و هیچ جیاوازی‌یەک لە نێوان ژن و پیاودا ناکات و هەمان ڕێزی لە «میهر»ی دەگرێت لە «ئەناهیتا»ی دەگرێت.

ژن هەمیشە هاوسان و هاوشانی پیاوە و لە هەموو شوێنێکدا نێو و ستایشی ژن و کیژان لەتەک نێو و ستایشی پیاواندا دەبێت.

بەهرەمەندیی و کامرانی و بەرمەندیی (بەسەمەریی) و پێشکەوتوویی و جوانی ئافرەت



www.koskikurd.com

یەکێکە لەو ئارەزووە پاکانەی کە لەگەڵی شوێنی ئاڤێستادا دووبارە دەکرێتەوە.

لە «گاثاکاندا» دەبینین کە «زەردەشت» بە چ مایەیەکی ئازادیی و بەرزمەنشی‌یەوە ئازادی هەڵبژاردنی شوو (مێرد) بە دۆتەکەی «کیژەکەی» (پورووچیستە) دەدات و زۆری لێ ناکات بۆ پەسەندکردنی کەس.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە سەرانسەری نامەی دێرینی «ئاڤێستا» نیشاندەری پاڵەوانی و مەردایەتی و پاکی و ڕاستی و شادمانی و ئازادیی باپیرانی سەرفراز و ئازادی پەرستمان و ڕۆشن‌بینی‌یانە بەرابەر بە گشت دیاریدەکانی جیهانی گیتی (العالم المادي) و جۆش و خەباتیان بۆ ئاوەدانکردن و خۆش و شادکردنی جیهان و ژیانە.

وەهایە گۆشەکانی ئایینی «زەردەشت» - کۆنترین چەکامەبێژی ئەرینی‌ی و ڤەخشۆری «پێغەمبەری» پاکی و ڕاستی -

***

لە ئایینی (مذهب) زەردەشتی‌یان و نووسراوی مێژوو نووسە دێرینەکانی یۆناندا هاتووە کە «زەردەشت کە لەدایک بوو پێ‌دەکەنی».

دوور نی‌یە کە ئەم چیرۆکە، لە ئەفسانەیەک پیتر نەبێت، بەڵام ئایا بەڵگەی ئەوە نی‌یە کە ئایینی ئێرانیی بریتی بووە لە شادمانی و ئازادیی و خۆش گوزەرانی و غەم و ناخۆشیی و دڵ تەنگیی‌ی لە گۆشەیەکدا هەڵسپاردووە.



# گاثاکان

www.koskikurd.com

# گاثاکان

«گاثاکان» یا سروودەکانی زەردەشت کۆنترین بەشەکانی «ئاڤێستا»ن.

«گاثاکان» لەخۆیدا بەشێکە لە بەشی «یەسنا»، بەڵام چونکە سروودبێژەکەی خودی «زەردەشت»ە، تایبەتمەندی بە شاڵودە «طرح»کەی بەخشراوە و هەمیشە وەک دەفتەرو بەشێکی جودا بە یەسنا دەنووسرێتەوە.

جگە لەوەش «گاثاکان»، چەکامەن «شعرن» و زارو زمانیان بە زمانی بەشەکانی دی «ئاڤێستا» و پارچەکانی دیکەی «یەسنا» لە ئاهەنگ و واژە «ووشە» و شێوەی نیگارکردندا جیاوازە و بەسێک «زۆر - کیفایەتێک» دێرینترە.

هەر بەشێک لە بەشەکانی یەسنا «ها» یا «هات»ی پێدەگوترێت و «گاثاکان» تەنیا هەڤدە هات پێکدێنن لەو هەفتاو دوو هاتەی کە سەرجەمی «یەسنا»یان لێ پێکدێت.

هەر هاتێک لە هاتەکانی «گاثاکان»، خودانی چەندین بەندە و لەڕووی ژمارە و کێشی «وەزن» ئەو بەندانە بەشکراونەتە پێنج دەستە و هەر دەستەی بەگاثایەک دادەندرێت و ناوی تایبەتی خۆی هەیە.

ناوی هەر گاثایەک لە بەرترین و یەکەمین ووشەی خودی گاثاکە وەرگیراوە، گاثای یەکەم نەبێت (ئەهونەڤەد گاثا) کە ناوەکەی لە مۆنترای «ئایەت - دوعا» «یەتائەهوو ئیریو ...» - کە ڕۆژگارێک لەسەرەتای ئەم گاثایەدا جێدار بووە - وەرگیراوە.

واژەی گاثا (١) لە ئاڤێستادا بەشێوەی G`ath`a و بەواتەی «سروود» هاتووە، لە زمانی سەنسکریتیشدا دارای هەمان شێوەو واتایە و لە زمانی پارسی ناوەندا «پەهلەوی» G`as و کۆیەکەشی «G`as`an»ە.

لە «ڤیدا»دا - نامەی ئایینیی براهماییەکان - «گاثاکان»، ئەو چەکامانە دەگرنەوە کە پاش گوتارە پەخشانیەکان هاتوون، لە نامە ئایینیەکانی بودایییەکانیشدا، هەمان چەشنی هەیە.

لە «گاثاکان»ی زەردەشتیشدا ئەوە بەدیدەکرێت کە پاشگەی گوتارو ئامۆژگاری و پەندی پەخشانی بوون، بەڵام دریغا ئەوڕۆ هیچیان لە دەستدا نەماون و نەمانیان بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی ئەم سروودانە بێسەر و بێئەنجام و نەگونجاو و ناگوار بێنە بەرچاو.

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە هەریەک لە پێنج سروودەکەی گاثا لە چەند «هات»تێک پێکدێت و هەر هاتەی لە چەند بەندێک، کە شێوەو چۆنیەتییان بەم پنتکانەی خوارەوە ڕووندەکەینەوە.

١ - ئەهونەڤەد گاثا «Ahunavad gatha»: ٧ هات «یەسناهات ٢٨ - ٣٢» و سەد بەندە، هەر بەندەی لە سێ چەکامەی شازدە بڕگەیی پێکدێت و درەنگی نێوان بڕگەکان دەکەونە پاش هەفتەمین بڕگە (٧ + ٩).

٢ - ئوشتەڤەد گاثا «Oştavad gatha» : ٤ هات «یەسناهات ٤٣ - ٤٦» و ٦٦ بەندە و هەر بەندەی لە پێنج چەکامەی یازدە بڕگەیی پێکدێت، درەنگی نێوان بڕگەکان دەکەوێتە پاش



چوارەمین بڕگە (٤ + ٧).

٣ - سپەنتمەد گاثا «Sepantmad gatha» : ٤ هات «یەسناهات ٤٧ - ٥٠» و ٤١ بەندە و هەر بەندەی لە ٤ چەکامەی یازدە بڕگەیی پێکدێت و درەنگی نێوان بڕگەکان دەکەونە پاش ٤ بڕگە (٤ + ٧).

٤ - ڤەهوخشتەر گاثا «Vohuxştar gatha» : ١ هات «یەسناهات ٥١» و ٢٢ بەندە، هەر بەندەی لە ٣ چەکامەی ١٤ بڕگەیی پێکدێت و درەنگی نێوان بڕگەکان دەکەونە پاش بڕگەی هەفتەم واتە لە ناوەندیدا.

٥ - ڤەهیشتویشت گاثا «Vahiştoişt gatha» : ١ هات «یەسناهات ٥٣» و ٩ بەندە و هەر بەندەی لە ٤ چەکامە پێکدێت، دوو کورت و دوو درێژ.

ا - چەکامە درێژەکان یاخود بڵند ئاوازەکان، دارای ١٩ بڕگە و دوو درەنگین، یەک لە پاش ٧ بڕگە و یەکیش لە پاش ١٤ بڕگە (٧ + ٧ + ٥).

ب - چەکامە کورتەکان، دارای ١٢ بڕگە و یەک درەنگین لە پاش ٧ بڕگەدا (٧ + ٥).

بەم پنتکانە «خاڵانە» بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە جۆری چەکامەی گاثاکان لەو جۆرە چەکامانەن کە «چەکامەی بڕگەیی»یان پێدەگوترێت.

***

زەردەشت - پەیام هەڵگری مەزدیسنا - لەم سروودە دڵگیر و نەمرانەدا بە زوانێکی کارەنگ «فصیح - بلیغ» و چەکامەبێژانەی پڕ تام و دووربینی چەکامەبێژێکی جیهانبین و پاک سروشت، پایەکانی ئایینی مەزنی خۆی بەکورتی و پەیتی ڕووندەکاتەوە.

خوێنەری «گاثاکان» ناتوانێت لەڕێی «گاثاکان»ەوە پەی بەگشت لایەنەکانی دینی «مەزدیسنی» ببات، بەڵام دەتوانێت چاوئەندازی(٢) دڵێکی شەیدای پاکی و ڕاستی و ئازادی دیدکات و ئارەزوی ئارامیی لەسایەی شاخوساری(٣) پڕبەرینی ئایینی ئەرینیی و هەنگاوی پێشکەوتن و گرتنەبەری ڕێی ڕوناکی وەدەست بێنێت.

«گاثاکان» دێرینترین دەفتەر یا دیوانی چەکامەی ئێرانییە کە لە گیروگرفتی هەزاران ڕەزم ولافاوی ئەهریمەنی و چەنگی دیوانی ناپاک و ئاکەسروشت «بەد سروشت» ڕزگاری بووە و بەیادگار بە ئێمە گەیشتووە.

سەرتاپای چەکامەکانی ئەم دەفتەرە کۆنە، ستایشی «مدح، ثناء» پاکی و چاکی و ئازادی و سەرفرازی و شادکامیی مرۆیە.

***

١- گاثا: وەک ووشە ئەوڕۆ لە هەرێمی هەولێردا بەرچاو دەکەوێت لە ووشەی «گاس و گاز» و گاسیکە یا گازیکە، بە واتەی بانگیکە.

٢ - چاووئەنداز: ئەو بەرینیەی کەچاوو دەیبینێت، ئەو دووریەی کە لە توانای بڕی چاوودایە، دیمن.

٣ - شاخوسار: بەرزترین لق و پۆپی دار.



www.koskikurd.com

# یەسنا • هات ٢٨

١

ئەی«مەزدا »(١)! لەکاتی نیایشدا* بەدەستانی فرازکشاوەوە ژێو گشت ئافریدنەکانی* « سپەندمینۆ »(٢) داواکاری ئارامیی و پەنا و شادمانیم .

ئەی «ئاشەڤەهیشتە »(٣)! [خواستاری] توانای خۆشنودکردنی* « ڤەهومەنە »(٤) و « گوشورون »م (٥) .

٢

ئەی «مەزدائاهورا »! بەدەستیاریی* «ئاشەڤەهیشتە» ـ کە گەشەپێکەری پاکان و نیکانە* ـ ئاوەدانیی دووجیهانی خاکی و مێنۆکی(٦) بەمنی کە بەمەنشی* نیکەوە ڕوو بەرەو تۆ دێنم هەرزانکە.

١ ـ ((مەزدا)) ((ئاهورا)) ((مەزدائاهورا)) ((ئاهورامەزدا)) : خۆی نێوی ئەیزەد و پەروەردگاری گەورەی ئایینی زاراتوشترایە و لە سەرو گشت جیهانی فریشتاندایە. لە گاثاکاندا تەنها سێ شێوەی یەکەمی ئەم نێوە بەکارچووە و ئەم نێوە وەک واژە واتەی (سەروەری زانا) کە یەکسانە بە (العلي العليم) ی عەرەبی.

٢ ـ سپەندمینۆ ـ سپەنتمینۆ ـ سپەنتەماینیا ـ سپەنتەمەینیەڤە ( Spanta Mainyava ) : هۆشی پاکی ئافریدگار(خالق). ئەم نێوە هەندێ بار سەرنێوی جیهانی فریشتانە( ئەمشاسپەندان) .

٣ ـ ئاشەڤەهیشتە – ئاشاڤەهیشتا(Ashavaeshta) : نێوی دووەمین فریشتەی جیهانی فریشتانە. نوێنەری راستی و پاکی «ئاهورامەزدا »یە لە جیهانی مێنۆکیدا و نیگاوانی ئاگری سەرزەمینە... واتە جیهانی خاکی. بە پەهلەوی (ئوردیبەهشت)ی پێ دەڵێن.

٤ ـ ڤەهومەن- ڤەهومان – ڤەهومەنە(Vahuman-VohuMana): نێوی یەکەمین فریشتەی جیهانی فریشتانە ، بەرپرسیاری ئامۆژدانی(تعلیم) ئاخاوتی چاکە بە مرۆ. بە پەهلەوی (بەهمەن)ی پێ دەڵێن.

٥ ـ گوشورون: ( لە ئاڤێستادا بە گەوش ئورڤەن « Geuch Urvan » نووسراوە، ڕەوانی چارپێ یا فریشتەی پاسەوانی چارپێیانی سوودمەند.

٦ ـ جیهانی مێنۆکی: جیهانی بەرزین ، جیهانی ئاسمانی ، ئەو جیهانەی کە مرۆڤ پاش مردن دەیگاتێ (العالم المعنوي ـ العالم الروحي) .

+ لەخودی بەرگە فارسیەکەدا بە (مینوی) نووسراوە.



٣

ئەی« ئاشەڤەهیشتە »! بۆتۆ و « ڤەهومەنە» و «ئاهورامەزدا » و « سپەنتەئارمەیتی »(٧) ـ کە سەرزەمینی ئامرتاتی* مێنۆکی بۆ پاکان و دەئێنەداران* بەئارادێنن* ـ بە شێوەی نەوئایین* سروود و درووود دەڵێم. ئەو دەمەی کە بانگی یاریدەتان ئاراستەدەکەم یاریدەمدەن.

٤

ئەز لەسەر ئەوەم کە بەیاریی «ڤەهومەنە» پاسەوانیی ڕەوانی (٨) مرۆبکەم ؛ کە ئاگاداری پاداشی«مەزدائاهورام» بۆ کرداری چاک.

تا ئەو دەمەی کە تا* و توانادارم مەشیە* ڕووەو ئایینی* ڕاستین رابەریی دەکەم .

٥

کەی وەپێش دێت ئەو ڕۆژەی کە من بتوانم«ئاشەڤەهیشتە» و«ڤەهومەنە» و بارگەی پڕ پرتەو* و شکۆی* «ئاهورا » و پیڕۆزوان* و فەرمانبرانی «مەزدا » بەدیدەکانی خۆم دیدکەم .

ئەز بە ڤچی* ئەو جیهانە ، زیانکاران و دێوپەرستان* دێنمە سەرڕێ ، تا گرەڤ* بە دەئێنە راستین بێنن.

٧ ـ سپەنتەئارمەیتی(Spanta Armaiti): نێوی چارەمین فریشتەیە و نوێنەری ڤیان (خۆشەویستی) و ئارامگریی(صبر) و جوان مەنشیی(تواضع) ((ئاهورا ))یە لە جیهانی مێنۆکیدا و نیگاوانی زەمین و شادی و ئاوەدانی جیهانی خاکییە. ئەم نێوە وەک واژە واتەی پاک دامەنی و جوان مەنشی پاک دەدات، بە فریشتەیەکی مێینە و داکانە ڕامانکراوە(تصور) بۆ دڵگەرمکردنی مرۆ بە کشتکاری(زراعە) و وەرزێڕی(زراعە) و ئاوەدانکردنی زەمین، وەک کیژی (ئاهورا) نێوی دەبەن بەهەمان چەشنی کە بۆ ڕیزگرتن لە (ئازەر ـ ئاتەر) بە کوڕی (ئاهورا)نێوی دەبەن. بەفارسی پێی دەڵێن (ئەسفەند) و بە پەهلەوی (سپەندارمەذ)ی پێ دەڵێن.

لە بەرگە فارسیەکەدا نێوە پەهلەویەکانی ئەم فریشتانە بەکارهاتوون بەڵام ئەمن وەهام بەلاوە پەسەندتربوو کە نێوە ئاڤێستاییەکان بەکار بێنمەوە و هەوڵیشم داوە کە نێوەکان یاخود هەندێ لە واژە ئاڤێستایەکان بەشێوەیەک دارێژمەوە کە لەگەڵ دەنگی نوێی کوردیدا گونجاوبێت، هیوادارم کە پشتی ئەوکوورم بەرگەی ئەم بارە سەنگینە بگرێت.

٨ ـ Ruwan : گیان – یەکێکە لە هێزە پێنجینەکانی مرۆڤ، کە ئامرتاتە(نەمرە) .



www.koskikurd.com

٦

ئەی «مەزدا» ! وەرە مەنشی نیک و بەخشایشی پایەداری راستی لە وچی* خۆتدا پێشکەش بە«زاراتوشترا» کە .

ئەی «ئاهورا» پەنا و یاریدەرێکی زۆرمەند* و بەرزەدەست* بە مە بەخشە تا لە جەنگی دوژمەندا* سەرکەوین .

٧

ئەی «ئاشەڤەهیشتە» ! بەهرە* و پاداش و شادکامیی مەنشێ نیک* بە «گوشتاسپ»(٩) هەرزان بزانە .

ئەی «سپەنتەئارمەیتی» ! خواستار و نیازی بینەدی .

ئەی «مەزدا» ! ئەی پادشا! یاریدەی پەیامبەری خزتدە کە سروود و ستایشت* رەواکات .

٨

ئەی ڤەهتر* ! ژتز خواستاری ڤەهتریم. ئەی«ئاهورا»ی بە ڤەهترین راستیی دەمساز ! ژبۆ« فەرەشوشترە »ی(١٠) دلێر و ژبۆ خـــوم و هەرکەسێکی کە خاوەنی پەتیتەی* تۆیە،مەنشێ نیکی هەمارە* ئامرتات خواستارم .

٩

ئەی« مەزدائاهورا »! ئەی« ئاشەڤەهیشتە »! ئەی« ڤەهومەنە »! نابێت لەبۆ ئەو مەنشەنیکەی کە خواستارین، ئێوەرا ئازاردەین .

دەبێ بکۆشین کە سروود و ستایشمان بەئێوە پێشکەشکردنی .

ئێوەن کە بەر لە گشت، مەشێرا کامەروا دەکەن و بە جیهانێ مینۆکی‌یان دەگەیێنن .

٩ ـ گوشتاسپ: پاشایەکی (کەیانی)بووە ، بەپێی ئاڤێستا و شانامە هاودەم و بیرگر و یاریدەری زاراتوشترا بووە .

١٠ ـ فەرەشوشترە(Frashustra):شایاری(وەزیر) گوشتاسپ و برای جاماسپ و هاورێیەکی زاراتوشترا بووە .



www.koskikurd.com

١٠

ئەی« مەزدائاهورا »! ئەو زانایانەی کە جە راستیی و مەنشێ‌نیکدا بە سزاوار* ناسیتن ، ئارەزوکە و کامرەوایان کە؛ چ دەزانم کە گپ* و خوایش بۆ رزگاریی لەکن تۆ کارساز و سوودبەخشە .

١١

ئەی« مەزدا »! وەک من راستی و مەنشێ‌نیک ئامرتات دەهێڵمەوە ، ئەتوش بە مەنەهی* خۆت منڕا ئامۆژمدە* و بەزوانی خۆت باسی‌کە و جە* چۆنیەتی بەرترین جیهان ئاگاسازم کە .

## یەسنا ٠ هات ٢٩

١

« گوشورون »(١١) رووی بە بارگەی ئافریدگار هاورد و خرۆشی لادا و نالی کە:

« منت بە چ کارێک ئافریدکرد* ؟ کێ‌یە ئەو کەسەی کە منی بەدیدهاورد ؟

کین* و ستەم و سەنگدڵیی منی بەتەنگ هاورد !

ئەی ئافریدگار* !

من جگە لە تۆ نیگاوانێکی دیکەم نیە ؛

نوکە وەهرۆزیی* وەرزگران* بە من هەرزان کە! »

٢

ئەو دەمی ، ئافریدگاری چارپێیان لە((ئاشەڤەهیشتە))ی پرسی:

«چ کەسێک دەناسیت کە بەدیدهێنانی لەوەرگە و کشتزاری* سزاوار بۆ چارپێیان و نیگاوانی‌یان لە توانایدابێت؟

چ کەسێک بۆ نیگاوانیی چارپێیان پەسەنددەکەیت کە بەرپەچدانی درۆ و کین لەتوانایدابێت . »

١١ ـ پەروانە ژمارە (٥) .

٣

«ئاشەڤەهیشتە»پرسقی بە ئافریدگار گەیاند:

«جە جیهاندا ژبۆ چارپێیان نیگاوانی بیٚ‌ئازار و ئایین‌ناسیٚ نی‌یە! مەشیە ناتوانن تێبگەن کە «دەبێت» بە ژێردەستان شایستە رەفتاربن.

لە نێو مەشیەدا ، لە گشت ئوزمەندتر* ئەوەیە کە بانگم‌کاتیٚ و من بەهانای بگەم ....

٤

«مەزدا» ڤەهتر لە یادیتی کە لەمەوپێش مەشیە و دێوان چیان کردووە و لەمەو پاشیش نیازمەندی چ کردارێکن .

داد بەدیدهاورن لە جیهانی سزاواری «ئاهورا»یە و مەش هاوخواستی وین .

٥

ـ «نوکە ڕەوانی من(١٢) و چارپێیانی باروەر* لەسەر ئەوەن کە بەدەستانی فرازکشاوەوە ئافەرین* بخوونین و نیایشکەین* و جە «مەزدا» خواستارین :

وەهاکات کە ئازار و گزندی* درۆپەرستان و دێوان بە شوانان و پاکدامەنان نەگات. »

٦

«مەزدائاهورا»ی ئایین‌ناس، بە فەرەزانەکی*خۆی بە «گوشورون»ی(١٣) گوت :

« ژبۆ چارپێیان ، لەنێویاندا نی‌یە پاسەوان و نیگاوانیٚ، چی کە ئافریدگار ، ژبۆ شوانان و وەرزێرانیان ئافریددەکات تا ڕۆژیان پڕپیت و ژینیان شادبێت .

---

* ئەم پنتکانە «...» واتەی تێکچون و نەمانی واژەیەک یاخود بەشێک ڕادەگەیێن .

١٢ ـ گوشورن.

١٣ ـ بروانە ژمارە ٥ .



٧

«مەزدائاهورا»ی بەراستی دەمساز، لە جیهاندا لەبۆ چارپێیان فراوان ڕۆژیٚ بەدیددێنێت تا مەشیە بەفەرمانی وی لێیان بەهرەوەربێت* . »

ئەودەم «گوشورون»(١٣) ڕووی ڕووەو «ڤەهومەنە» هاورد و پرسی:

«ئەی «ڤەهومەنە»! لە نێو مەشیەدا کیٚ دەناسیت کە توانای پاسەوانیی پەسوانی* تێدابێت؟ »

٨

«ڤەهومەنە» گوتی :

«یەکانەکەسی کە من دەیناسم ـ کە ئایینێ مەی پەسەندکردوە ـ «زەرەتوشتەرە سپەنتەمان»ە (١٤) .

«ئەی مەزدا»!

ئەوە کە ئەندیشەی مە و دەئێنەی ڕاستین بە جیهاندا دەپژێنێت. لەم ڕووەوە گپی دڵگیرمان بەودا . »

٩

«گوشورون» ناڵی کە:

« چۆن لەبری خشەثرەڤەریەی* توانا کە ئارەزوی منە، بە ئاوازی کزۆڵی نیگاوانێکی ناتوان دڵ خۆشبم؟

کەینیٚ هەنگامی بەدیدار گەیشتنی یاوەری* بەرزەدەستی من دەگات؟ »

---

١٤ـ «سەپیتما،سەپیتەمان،ئەسپەنتەمەنە،ئەسپیتمان،سپەنتمان ـ نێوی نۆیەم باپیرەی زاراتوشترەیە .

+ ئەم باپیرەی زاراتوشترە بە پاکی و چاکی نێوبانگی دەرکردوە ، نێوەکەش وەک واژەیەکی ئاڤێستایی واتەی « سپەنتە = ئاشوو ـ موقەددەس » و « مەنە = ویژدان، هۆش » دەدات، ژێر ئەم دوو هۆیە زاراتوشترە بەکاری بردووە .



www.koskikurd.com

١٠

[« زاراتوشتره » گوتی :]

«ئەی «ئاهورا »! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»! ئەی « ڤەهومەنە»! چارپێیان پرهێزکەن و مەردێکی پرتوانایان بۆ گومارەدەکەن کە بتوانێت خانومانی* ڤەهو و ئارامیی و ئاسوودەیی بێنێتە دیتن .

ئەی «مەزدا » !

ئەژی لسەر ئەوەم کە تۆ یەکەم بەدیدهاوری وەها مەردێکیت.

١١

کانێ راستی و مەنشێ‌نیک و خشەترەڤەریەیی؟

ئاگا ئەی مەشیە! منرا پەسەندکەن و پەی بە ئایینی پایەبەرزی من بەرن تا راستیی و مەنشێ‌نیک و خشەترەڤەریەیی رووتان تێ‌کەن.

ئەی «ئاهورا »!

نوکە ژێو پاسەوانیی خواستی تۆ ژێەر پێ وەستاوم . »

## یەسنا ٠ هات ٠ ٣٠

١

نوکە ئەوەی کە هەر مەردێکی زانا دەبێ بەیادی بسپێرێت، ژێو ئەوانەی کە خودانی گوێی رایەڵن و خواستاری بیستنن دەڵێمەوە (١٥) .

جە ستایش و نیایشی «ئاهورا » و ئافرینی «ڤەهومەنە» بێژەرم.

جە رزگاریی و شادمانیی ئەوکەسەی کە وچمی خاس بەیادسپارد و بە بەندەی کرداری کرد ، یژم کە بەدیداری راستیی و فرۆکی*مێنۆکی کامیار دەبێت.

٢

بەر لە وەپێش هاتنی رۆژی بەرپابوونەوە ئەوەی کە ڤەهترە بەگوێیانی خۆتان گوێتان لێ‌بێت و دووکانەکی* نێوان دوو ئایین‌را (ئایینی«مەزدا » و دکشەی*«ئەهریمەن ») بەمەنشی رۆشن بناسنەوە و هۆشکەن کە بەئەنجام گەردیرۆژگار بەسوودی مە کۆتایی دێت.



٣

لە سەرەتادا دووگەوهەری هاوزاد(١٦) جە ئەندیشە و ئوخت* و کرداری نیک* و وترە* پەیدابوون. لەو نێوانەدا نیک ئەندیشەان گەوهەری راستینیان هەڵبژارد و دوژمتان* گەوهەری درۆیین.

٤

کە ئەو دووگەوهەرە پێک گەیشتن ژ گەوهەری یەکەم کۆشکی پرشکۆی ئارا* فرازکشا و جە دووەم سەرای تاریکی ئاراپۆیی* دارێژرا .

لە کۆتایی رۆژگاریشدا شەیدایانی راستیی و چاکیی ژ بارگەی مێنۆکیدا بە بەخشایش و فرۆکی «ئاهورا » کامرەوا و کامیاردەبن و پێرۆیانی درۆ و وترەیی دەکەونە دۆزەخی سیا* و تاریکی «ئەهریمەن»یەوە (١٧) .

٥

لەم دوو گەوهەرەی سەرەتا ، «سپەنتەمینۆ»ـ کە دەڵێی ئاسمانی بێ‌کنار تارایەکی شایستی باڵای ئەوە ـ و گشت ئەوانەی کە شادمانانە بەئایینی ڤەهێی دەگەن و بە کرداری ستایشکراویان «مەزدائاهور» خۆشنود دەکەن، راستیی و نیکیيان هەڵبژارد و « ئەهریمەن»ی درۆپەروەر، درۆ و دژورشتیی*هەڵبژارد .

---

١٥ـ «زاراتوشترە» دەدوێت.

١٦ـ مەبەست لە (سپەنتەمینۆ) و (ئەنگرەمینۆ/ئەهریمەن)یە کە بە دووگەوهەری سەرەتایی جیهانی هەستی دادەندرێن ، یەکەمیان سەرچاوەی راستی و پاکی و چاکییە ، دووەمیان کانگەی خراپەکاری و درۆ و پیسییە.

+ئەم باسە لە خۆیدا فرە گرنگە و گەلێ کارەزاری(جەدەل)بەخۆوە دیوە و من لە پەرتوکی (زاراتوشترە چ دەڵێت) کە ئەویش وەرگێڕانە بەرینیم بەپڕوونکردنەوەکەی داوە و هیوادارم لە چەڵەمەی چاپ رزگاری بێت و بکەوێتە بەردەست، هەروەها کاک محەممەد گزمەییش لەم بارەوە وەرگێڕانێکی ئامادەکردوە.

+ ـ١٧ـ گشت رۆشنایی و گەرمی‌یەک لە دینی زاراتوشترەیی‌دا تایبەتە بە بەهەشت و دۆزەخ شوێنێکی تاریک و ساردە.



www.koskikurd.com

### ٦

دیسانەکێ دێوان (١٨) ئاکیان لە فەهیی و دروێیان لە ڕاستیی نەناسییەوە و هەنگامی کە پێک دی لە دادوستاندا بوون، فریو لە نێویاندا وەها سەری هەڵدا کە ژئامێزگری ئاکەمەنیە* بن.

ئەودەم گشتیان وێکرا ڕوویان ڕووەو [دێوی]کێن هاورد تا [بەدەستیاری وی] ژیانی مەشیەڕا تەباهکەن.

### ٧

کەسێکی کە گرەڤ* بە گەوهەری ڕاستی و نیکی بێنێت، «خشەترە ڤەیریە» (١٩) و «ڤەهومەنە» و «ئاشەڤەهیشتە» و «سپەنتەئارمەیتی» یاریدە و بێبەرجەیی* پێدەدەن و لە کۆششی ڕێی ڕاستییە و لە ئارابردنی* درۆ، دەبنە پشت و پەنای.

هەروەهاش لە ڕۆژی پەسیندا* و لە «ئەروەندی* ئاسندا» (٢٠) سەرفراز وەدەردێت و بەرابەر بە درۆپەرستان، بەرترین کەس دەبێت کە بەرەو بەهەشتی ئامرتاتیی* هەنگاو بنێت.

---

١٨ ـ دێو: لە ڕەچەڵەکدا واتەی «خوداوەند» و «پەروەردگار»ە بەڵام زاراتوشترە ئەو دەستە خوداوەندە ئارینیەی (ئارییەی) پێش خۆی کە ئایینیان بە ئایینی وی ناسازگاربوو بە«دێو» دەخوێنێتەوە و بە پیرۆزیانی ئەهریمەنیان دەژمێرێت.

+ واژەی دێو یەکسانە بە «رب النوع»ی عەرەبی و دێوان ئەو خودایانەبوون کە ئارینەکان پێش گرەڤ(ایمان)هێنان بە ئایینی زاراتوشترە دەیان پەرستن، کە زارا نامەی بەهدینیی(چاک دینی) و مەزدیسنی (مەزدا پەرستیی) هێنایەگۆڕ دژ بە پەرستنی دێوان(ارباب الانواع) واتە فرەخودایی وەستا و ئاڵای مەزداپەرستیی واتە یەکانەخوداپەرستیی بەرزکردەوە و دێوانی بە یارانی ئەهریمەن لە خامەدا.

١٩ ـ Khshathra-vairya : نێوی سێیەمین فریشتەی جیهانی فریشتانە (ئەمشاسپەندان). وێنەی شایایەتی و توانایی (مەزدا)یە لە جیهانی مینۆکیدا ، پاسەوانیی ئایزخشتان(فلزات) و یاریدەدانی بێنەوایانی سەرڕووی زەمین ئەرکی جیهانی خاکییەتی.

٢٠ ـ ئەروەندی ئاسن و ئاگرهەڵگیرسان، ئەروەندێکە (ئیمتیحانێکە) لەڕۆژی بەرپابوونەوەدا (ڕۆژی قیامەت) بۆ ناسینەوەی مەزداپەرستان لە دێوپەرستان ئەنجامدەدرێت.



### ٨

ئەی «مەزدا»!

لەو کاتەیدا کە هەنگامی بەسزاگەیشتنی گوناهکاران و درۆپەرستان وەبەردێت، «ڤەهومەنە» ویچی* ئامرتاتی مێنۆکیی تۆڕا ژبۆ پاداشی کەسانی کە بۆ نەمانی درۆ و وترەیی و پیرۆزیی ڕاستی ڕەنجیاندا بەرین و ڕازاوە دەکات .

### ٩

ئەی «مەزدا» !

مە خوازدارین لەو کەسانەبین کە ڕوخساری ژین دەگۆڕن .

ئەی «ئاشەڤەهیشتە» ! ئەی جیهانی فریشتان !

وەها هاوڕێیی و یاوەریتان بە مە هەرزانکەن کە ئەندیشەکان[ی مە] هاوئاهەنگ بمێنێ و دوودڵیی ڕێمان تێنەکات و هەمەکی ڤەهـ جە ئاکە* بکەینەوە.

### ١٠

ئەرێ لەو هەنگامەیدا کە ڕاستیی پیرۆزدەبێت و درۆشکەست دێنێت؛ ئەوانەی کە نیک نێوییان جەستووە*، بە پاداشی نوێدی* پێدراویان لە سەرای نیکی «ڤەهومەنە» و «مەزدا» و «ئاشەڤەهیشتە»دا پێک دەگەن.

### ١١

ئەی مەشیە ئاگا!

گەر ئایینی نێکراوی* «مەزدا» هۆشکەن و وشیاری ئاسایی* و ئارامیی ئامرتاتی پێڕۆیانی ڕاستیی و نیکیی و ڕەنج و زیانی دێرپای* درۆپەرستان بن، ئایندە بە کامی ئێوە دەبێت.



www.koskikurd.com

## یەسنا · هات ٣١

١

[ئەی«مەزدا»! ئەی جیهانی فریشتەکان!]

بە یادی فەرمانت گپیڕا کە ژیۆ درۆپەرستان و تەباهکەرانی جیهانی راستیی تاڵ و ناگوارە* و ژیۆ دڵدادەکانی «مەزدا» خۆشلێهات و گوارە، دووبارە دەڵێمەوە:

٢

ئاگا ئەی مەشیە!

چ خودی خۆتان ناتوانن ڕیٚی ڕاست دیدکەن و هەڵبژێرن، «مەزدا ئاهورا» منی بە دادوەری* هەردوو دەستەی (مەزداپەرستان و دێوپەرستان) هەڵبژارد و رووەو ئێوەی ناردم تا ریٚی راستیتان پێ نیشاندەم و هەمەکی وێکڕا زندەگی لەسەر پایەی دەئێنەی راستین بەسەر بەرین.

خودی «مەزدا ئاهورا» منڕا دەناسێت و گوای* راستیی ئایینی منە.

٣

ئەی «مەزدا»!

تۆ خۆت بەزوانی خۆت ئەو سزایەی کە لە ئایینی راستیندا ژیۆ نیکۆکاران* و گوناهکارانت نیهانکردووە بەر گویٚخەوە تا بزانم و گشت زندوان بەرەو ئایینی پاکان و ڕاستان بانگدەم.

٤

هەر ئەودەمەی [کە] «ئاشەڤەهیشتە» و «مەزدا» و «سپەنتەئارمەیتی» و «ئەشی»(٢١) وگشت جیهانی فریشتان بانگی یاریدەیان دەکرێتێ؛ بۆ خۆم خواستاری [یەک] خشەثرەڤەریەی پرهێزم تا لە پرتەوی* فەررەهـ* و گەشەکردنیدا بەسەر درۆدا زاڵبم.

---

١- aṣi: فریشتەی هێز و پاداشە. art,ard دوو شێوەی دیی هەمان نێون.



٥

ئەی«ڤەهومەنە»!

ئەزڕا ژ ڤەهترین پاداشی کە جە دینےڕاستین بە من دەدرێت ئاگا سازکە تا پەی بە هۆی رشک* پیٚبردنم بەرم و بەیادی بسپێرم.

ئەی«مەزدائاهورا»!

ئەزڕا لەوەی کە دەبێت و کە نابێت بەئاگابێنە.

٦

ڤەهترین پاداش بەو هۆشمەندە هەرزانبێت کە منڕا جە ئوختی دینےڕاستین ژیارەی پایەبەرزیی و ئامرتاتیی ویچی*«مەزدا» ـ کە «ڤەهومەنە» ژیۆی فرازدەکاتەوە ـ ئاگا سازکات.

٧

ئەوەی کە لە سەرەتادا بە زێوەرکردنی* بەهەشتی پڕفرۆک ـ کە دارای ڤەهترین سرشتە* ـ ئەندیشا؛ کەسێکە لەژیریی خۆیدا ئافریدگاری* ڕاستےیە.

ئەی«مەزدا»!

تۆ ڤهشتم ئاهیم ئاشونام* بەهێزی مێنۆکیی خۆت بەرفرازدەکەیت.

ئەی«مەزدا»!

تۆ لەکۆتایی ژینی گێتیشدا* هەمانیت کە لەسەرەتای ئافریدکردندا بوویت.

٨

ئەی«مەزدا»!

ئەودەمەی کە بەچاوانم پەیم پیٚبردیت، لەدەروونمدا بەتۆوە ئەندیشام: کە تۆی سەرەتا و پەسێنی* ئارایی و بابی مەنشےنیک؛ کە تۆی داددەری دروستی ڕاستیی؛ کە تۆی دادوەری کردارەکانی جیهان.

٩

ئەی «مەزدا ئاهورا»!

ئەو دەمەی کە ئازادانە رێت بە چارپێیاندا تا ئارەزوی وەرزێڕان کەن



www.koskikurd.com

یا بە چادرنشینان بپەیوەندن؛ «سپەنتەئارمەیتی» و هۆشی مێنۆکی بەدیدهاوری چارپێیان لە ویستی تۆدابوو.

١٠

پاش [چارپێیان] لەو نێوانەدا، کشتکەری* گەلەپەروەر* ـ ئەو پاسەوانە مەنش پاکە ـ خودایانی خۆی ناسی.

ئەی «مەزدا»!

چادرنشینی بیابانگەڕ (کە ڕێی کشتکاریی ناگرێتەبەر) هەرچەند بکۆشێت، لە پەیامی نیکی [تۆ] بەهرەدار نەبێت.

١١

ئەی «مەزدا»

ئەو دەمەی کە تۆ لەسەرتای جیهاندا ڕەوانی مەت ئافریدکرد و لە مەنشی خۆت هۆشت* بە مە بەخشیی، ئەو دەمەی کە گیانت لە کالبەدی* مەدا دەماند.

ئەو دەمەی کە پەیامی ئەیزەدیی* و کرداری نیکت پێ‌نیشاندایین تا هەر کەس ئازادانە ئایین پەسەندکات؛

١٢

هەمان کات درۆگۆ بە چەشنی ڕاستگۆ و نەزان بە چەشنی زانا ژ دەرونی مەنشی خۆیەوە بانگی وەدەست هاورد و هەریەک لەو دووگەوهەرە مەشیەی ڕووەو ئایین و تکشەی* خۆ خووند.

«سپەنتەئارمەیتی» هەمارە بە ڕەوانی ئەو کەسەی کە هێشتا سەرگەردانە و لە هەڵبژاردنی ئاییندا* ئەستووردڵ نی‌یە، لە پرس دایە و بە هانای دەگات.

١٣

ئەی «مەزدا»

تۆ لە هەر کردارێکی ئاشکرا و نیهانی کە جە ڕۆژی ئاواژخواستدا* پرسیاری دەکەن یان هەر گوناهـ هۆشیی و پوچییەکی کە لە پەییدا* ئارەزوی پۆخەڵکردنی ئازادیی دەکەن بە دروستی ئاگایت و بە دیدەگانێ



ڕۆشنێ خۆت نیگەرانییت.

١٤

ئەی «ئاهورا»!

ژتۆ دەپرسم: ژوەی کە ڕۆشت و ژوەی کە دێت، لە درود و مونترای* سەرشانی پاکدین و موزدی* شایەنی پاکان و ناپاکان.

ئەی «مەزدا»!

گشت ئەمانە لە پەسێن ڕۆژدا چۆن دەبن؟

١٥

ئەی «مەزدا»

ژتۆ دەپرسم: سزای ئەو کەسەی کە درۆپەرستی ناپاک بە خشەثرەڤەریەیی بگەێنێت، چی‌یە؟

ئەی «ئاهورا»!

[ژتۆ دەپرسم:] پادە ئەفەرەی ئەو گەندەڵ کونشەی کە لە مایەی ژینی خۆیدا جگە لە ئازاری کشتوەرانی دروستکردار و چارپێ‌یان هیچی وەدەست نەهاورد، چی‌یە؟

١٦

ئەی «مەزدا ئاهورا»!

ژتۆ دەپرسم: ئایا ئەو ڤەهـ ئەندیشەی کە بەڕاستی ژیۆ فراوانی بەخشیی بە هێزی خانومان* و گوند و ڤیچ* تێ‌دەکۆشێت، وەک تۆی لێ‌دێت؟

ئەی «مەزدا ئاهورا»!

ئەو کەسە بە چ کردارێک و جە چ کاتێکدا وەهای لێ‌ دێت؟

١٧

ئەی «ئاهورا»!

بەرترین* پێپرۆی ڕاستی و مەزنترین ئاهەنگکەر بە درۆ کێ‌یە؟

زانایەک ویستە [تا] پرسڤێ ئەم پرسەی زانایەک بداتەوە و بە ئاگای بێنێت.



www.koskikurd.com

نەبادا لەمەو پاش نەزان کەسیٚرا هەڵفریوێنیٚ.
ئەی «مەزدا»
تۆ ئامۆژگاری* مەنشےنیکی مەبە.

١٨

نەبادا کەستان گویٚ بە گوتە و ئامۆژی درۆپەرست بدات، چە* [ئەو سیاکارە] وێرانیی و تەباهی* بە خانومان و گوند و نیشتیمان دەگەێنێت.
[هان* ئەی مەشیە]
ئاهەنگی* نەبەردکەن* و [درۆپەرستان] [بە جەنگ و کارەزار*] لە سنوور و ویچی خۆتان وەدەرنێن!

١٩

«ئەی ئاهورا»!
دەبیٚ گوییٚفرا بە [ئوختی] ئەو کەسە بدرێت کە بە راستےیەوە ئەندیشاوە؛ بەو هۆشمەندەی کە دەرمانبەخشی ژینە؛ بەو کەسەی کە دەتوانیت بەرابەر بە ئاگرکەرەوان وەهای کە پێویستە، گوتەی راست و پایەدار بە زاردا بڕوێنێت.
ئەی «مەزدا»
پاداش* و پادئەفرەی مەزداپەرستان و دێوپەرستان بە هەنگاو باسکە.

٢٠

ئەو کەسەی کە رووە و پێڕۆی راستیبێت جە ئایندەدا ژ ئاکەبەختی* و سیایی هەمیشەیی ناگوار و بانگی «درێغا» بەدوور دەمێنێت.
[ئاگا] ئەی پێڕۆوانی درۆ!
وەهایە رۆژگارتان؛ گەر کردار و دەئێنەتان بەوێتان راکێشێت!

٢١

«مەزدا ئاهورا» پاشایی و خوداوەندیی مەزنی خۆی و دەمسازیی* پایەدار بە بڵندیی و راستیی و هێز و مەنشینیک و ئامرتاتییەوە* بە



www.koskikurd.com

کەسێک دەبەخشێت کە جە ئەندیشە و کرداردا، دۆست و یاوەری ویە.

٢٢

ئەم نیک ئەندیشە(٢٢) ژ بەرابەری کەسێکی کە بەمەنشی خۆی لیٚی بەئاگابێت، پەیدا و ئاشکرایە. ئەوە کە بە ڤچ* و کرداری خۆی، راستی و ویچی ئامرتاتی مێنۆکیی «مەزدا» نیگاوانےی دەکات.
ئەی «مەزدا ئاهورا»!
ئەوە کە دەبێتە کاراترین یاوەری تۆ.

## یەسنا ٠ هات ٣٢

١

ئەی ئازادان! ئەی بەرزیگران! ئەی پێشەوایان! ئەی دیوان!
بۆ شادمانی و خۆشنودی «مەزدا ئاهورا» دەبیٚ گوییٚفەرا* بە گپ* و ئامۆژی من دەن و فەرمانبرن.
[بە وەڵاٚم ئازادان و بەرزیگران و پێشەوایان بە «زاراتوشترە» دەڵێن:]
مە لەسەر ئەوەین کە وەک گومارداراوان و فەرمانبرانی تۆ، بەدویستان و ناپاکان بە دوور ڕاونێین.

٢

«مەزدا ئاهورا»ـ ئەو خوداوەندگانەی خاوەن مەنشےنیک، ئەو یارە نیکە، ئەو راستییە درەخشانەـ لەتوانایی خۆیەوە پرسڤی پیٚدانەوە:
ـ ئێوەمان لەبەر پاکدامەنیی بیٚئالاٚیشے کە خودانین هەڵبژارد کە جە [ویژەگانی]* مە بن.

٣

ئەی «دێوان»!
ئێوە گشتتان جە توخمی «مەنشی زشتن»(٢٣) و ئەو کەسەی کە دێر زەمانێکە ئێوەڕا دەپەرستێت جە درۆ و خودستاییە*. ئێوە لەمێژە بەم کردارتان جە «هەفتەمین بووم»(٢٤) نێوبراون.

٤

لەو گاهەوەی کە ئێوە فەرمان ڕوێنن، ڕەواگری وترەترین فەرمانەکان.
ئەو کەسانەی‌ڕا کە ژ مەنشێ‌نیک دوورکەونەوە و ڕوو ژ مەنیەی*
«مەزدا ئاهورا» و ڕاستیی وەرگێڕن، دەبیت نێوی «دۆستانی
دێوانیان» لێ‌بنرێت.

٥

ئەی دێوان!
ئێوە بەو مەن* و گپ و کرداری زشت و تەباهکاریەی کە «ئەهریمەن»
بەئێوە و پێڕووانی درۆی ئامۆژدا، مەشیەڕا جە ژیانی خاس و ئامرتاتیی
دوور دەکەنەوە و فریو دەدەن.

٦

ئەی «ئاهورا»
هەرچەند [«گرەهمە»](٢٥) لە فرە گوناهدا بڵند ئاوازە؛ تۆ پاداش و
پادئەفرەی هەر کەسێکت لە یاددایە و بە ڤەهترین مەنش ژوی ئاگایت.
ئەی «مەزدا»
فەرمانی تۆ و دەئینەی ڕاستین [لە ڕۆژی پەسێن] لە ویچی
مێنۆکیدا دەدرێت.

٢٢- مەبەست لە زاراتوشترەیە.
٢٣ـ ئەنگرەمینز= ئەنگرەمەینییەڤە «ئاڤێستایی» = ئەهریمەن.
+ واژەی(مەئین یەوە، مەینییەڤە)یەکسانە بە «گیان، ویژدان، هۆش» و «ئەنگرە»ش
یەکسانە بە خراپکاریی و وێکڕا دەبنە[گیانی خراپکاریی} .لە تکشەی«مەزهەب» زاراتوشترەیدا
بەم واتەیە و بەواتەی[ڕێ‌نیشاندەری خراپیی ـ نموونەی خراپیی و تەباهـ «فەساد» ـ
سەرچاوەی خراپیی و زشتی و پیسیی و تاریکیی ]بەکارچووە و یەکسانە بە «ساتان»ی
جووەکان کە لە دەنگاندنی «تەلەفوز» عەرەبیدا بە «شیطان» دەدرکێندرێت «نوتق‌دەکرێت» و
هەروەها واتەی [مظهرالشر ، ادلاء السوء ]ی عەرەبیش دەگرێتەوە.
بەرابەر بەویش سپەنتمینز (ئەسپەنتەمەینییەڤە) هەیە کە ئەسپەنتە، سپەنت، سپەند =
ئاشوو = مقدس و گشت نێوەکە دەکاتە = (ئاشوگیان و (روح القدس)ی عەرەبی.



٧

[مەردی] زانا نابێت بە هیچیەک جە گوناهان دەستبدات.
ڕستگاریی و بەهرەوەری جە پاداشێ‌نیک، وەهای کە گشت بیستی، بە
[ئەرووەندی] ئاسن تواندنەوەوە(٢٦) پەیوەستە.
ئەی «مەزدا ئاهورا»!
تۆ لەسەرئەنجامی گوناهکاران، ئاگاتریت.

٨

ژ گوناهکاران هاتیتە ناسین، [یەکیٚ] «جەم ڤیڤەنگەهان »ە (٢٧)
ـ ئەو کەسەی کە ژیو خۆشنودیی مەشیە گۆشت خواردنی پێ‌یاددان ـ
ئەی «مەزدا»!
وەهاکە من(٢٨) لەو گوناهکەرانە نەبم و جە دەستەی ڤژەک‌کاران*
بەدووربم.

٩

ئامۆژگاری ئاکە، گپ تەباهدەکات و بە ئاکە ئامۆژیی خۆی ڕێ لە
هۆشێ‌ژین دەگرێت کە جە مەنشێ‌نیکەوە توانگریێت و ئەرج و شکۆ
وەدەست بێنێت.
ئەی «مەزدا»! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»!
بەم گوتانەی کە جە دڵ و گیانم دێنە بەر لەکنتان گلە ڕێژم.

٢٤ـ هەفتەم بووم: بەپێی بیرو و باوەڕی پێشینان، جیهان لە هەفت بەش یاخود وڵات پێک
هاتبوو و وەک لە شانامەی ئەبومەنسوور و نووسراوی دی‌کەدا باسکراوە سەرزەمینی ئەرینەکان
(ئەرینە ڤەئیچە = ولاتی ئاریەکان) بە هەفتەمین بووم داندراوە.
٢٥ـ grahma : لە پێشەوایانی تکشەی دێو پەرستی‌ی یا پێغەمبەری دێوپەرستان بووە.
٢٦ ـ بڕوانە ژمارە ٢.
٢٧ـ vivangahan : نێوی بابی جەمشیدە .
+ [جەمشیدی ئاڤێستا یەکسانە بە (نوح)ی ئایینە سامیەکان. نێوی جەمشید(جەم+شید)
نێوێکی ئاڤێستاییە و شید (شیت)= درەخشان و نێوەکە بە گشتی= جەمی جوان
٢٨ـ زاراتوشترە.



www.koskikurd.com

١٠

ئەوە(٢٩) کە گوتە تەباهـ دەکات؛ کە بە زشتی باسی چارپیٚ و هورەخشیتە* دەکات (وەهای کە بە دوو دیدە لە توانای دیتن‌دایە)، کە هۆشمەند و زانا بە پەیرۆکەری درۆ دادەنیٚت؛ کە زەمینی کشتکراو وەک بیابان لیٚ دەکات؛ کە تەورزین* لە رووی پیرۆزی راستـێ هەڵدەکیٚشیٚت.

١١

درۆپەرستانن کە ژین‌ڕا تەباهـ‌دەکەن(و)بەسیٚک* دەئەندیشن تا کەدبانوان* و کەدخودایان* لە گەیشتن بە بەخشایشی ئەیزەدی وەدوور ڕاگرن.

ئەی«مەزدا»!

ئەوان پیٚڕۆیانێ ڕاستی لە چاترین مەنش ڕووگەردان دەکەن.

١٢

ئەوانە بە ئوختیان مەشیە لە چاترین کردار ڕووگەردان دەکەن.

«مەزدا» بۆ ئەوانەی کە بە خرۆشی شادمانێیەوە چارپیٚ لە خووندا دەگەوزیٚنن نەفرین* نیٚرە.

ئەوانە «گرەهمە» (٣٠) و یارانی وی و «کەرەپەن» (٣١) و خشەثرەڤەریانی لایەنگری درۆیان هەڵبژارد و بەرتری‌یان بە خۆدا.

١٣

کە بەرپابوونەوە دەگات و «گرەهمە»و گشت ویٚرانکەرانی جیهان بە دۆزەخـ سەرای ئەندیشەی ناپاک ـ نوی دەکریٚنەوە.

ئەی «مەزدا»!

ئەو دەم ئەم ناپاکانە بە ئارەزوی گەیشتنی پەیامبەری تۆـ کە ڕیٚی

٢٩ ـ ئاموژدەری(مامۆستای)خراپ.

٣٠ ـ بڕوانە ژ ٢.

٣١ ـ karapan : نیٚوی دەستەیەکە لە پیٚشەوایانی درۆپەرستان (+ لە پەڕەکانی داهاتودا پتر ڕوونی دەکەمەوە).



www.koskikurd.com

دیداری بەهەشتیان (سەرای پاکان) لیٚ‌دەگریٚت ـ ناڵە و خرۆش دیٚننەبەر.

١٤

لە میٚژە «گرەهمە» و «کەڤی»یەکان(٣٢) ژیـر ستەم و ئازارگەیاندن بە وی(٣٣) مەنەهـ* و پیٚگەی خۆیان ڕازڕەنگ کردوە؛ چ ئەوانە لەسەر ئەوەن کە یاریدەی درۆپەرست بدەن.

ئەوانە زۆر لە پیٚڕۆیانیان دەکەن تا چارپیٚ بکوژن و یٚشن بەم پیٚشکەشیە خوێنینە، [هەوم]ی(٣٤) بەرگری مەرگ‌ڕا بە یارمەتی دیٚن.

٣٢ـ kavi : بەواتای خدیٚو و سەردار و فەرماندە دیت و «زاراتوشترە» سەران و پیاوگەورانی ئارینە (ئاریە) دیوپەرستەکان بەم نیٚوە نیٚودەبات.

+ موویەد«ئەردەشیر ئاذەرگوشەسپ» لە «خوردە ئاوێستا»کەیدا دەڵیٚت:
کەڤی‌یەکان و کەرەپەنەکان دوو خیٚڵی سەردەمی زاراتوشترە بوون. ئەم دووخیٚڵە دژ بە ئاموژەکانی (وانەکانی)زاراتوشترا وەستان و گویٚیان نەدایە، پاشان وەهای لیٚ‌هات کە ئەم دوونیٚوە بۆ گشت دژخوازەکانی دینی زاراتوشترای بەکاربیٚنن.
ئەم دوو نیٚوە وەک دوو واژەی ئاڤیٚستایی واتەیان
* کەڤی : کەسیٚکە کە چاوی هەیە و هیٚزی بینی هەیە و ڕاستی نابینیٚت.
* کەرەپەن : کەسیٚکە کە گویٚی هەیە بەڵام گویٚڕایەڵی گوتە و ئاخاوتی ڕاست نی‌یە.

٣٣ ـ زەردەشت

٣٤ ـ Haoma: (بەرابەر بە«Soma»ی هندۆکەکانە)نیٚوی نۆشاویٚکە لە گیایەکی خاوەن هەمان نیٚو وەدەستدەهیٚنرا و لە جیٚژن و نیایشە دینی‌یەکاندا نۆشدەکرا و «مەرگ دووڕراگریی» ڕەوشتی بووە، پەیداشە کە بە چەشنی ئەیزەدان و فریشتان داوای یارمەتی لیٚ‌کراوە.
زاراتوشترە لیٚرەدا بەزشتی باسی ئەم نۆشاوە دەکات بەڵام دەبینین لە «یەسنا.هات ٩»ی بەشی یەسنای ئەم بەرگە هەمان هەومی کە زارا سەرزەنشی دەکات ستایش دەکریٚت، ئەمەش دیەنی دەسەڵاتی نەریتی دیٚرینی ئەرینی‌یە(ئارینی ـ ئاری) کە پاش نەمانی زاراتوشترە سەری هەڵداوەتەوە و تیٚکەڵ بە دەئیٚنەکەی(دینەکەی)کراوە.

+ ژان ڤارن لە پەرتوکی (زاراتوشتر چ دەڵیٚت)دا باسی«Soma»دەکات و دەڵیٚت:
سۆما لەکن هندۆکەکان تایبەت بووە بە بەرزەچینی دەئیٚنەوانان«پیاوە ئاینیە مەزنەکان» و ئەم موغە هندۆکانە کە ئەو مەیەیان نۆشیوە دەرگەکانی جیهانی میٚنۆکیی‌یان بۆ کراوەتەوە و گەشتیٚکیان بەو جیهانە ڕازڕەنگدا کردووە، پاشان باسی ئەو گەشتەیان بۆ ڕەش‌دڕووتان کردووە.

١٥

«گەریەن»یەکان و «کەڤی»یەکان لە رۆژی پەسیندا لە هەمان کەسانی کە ئەورۆ ژیو ئازاریان دەکۆشن و ناهێڵن لە زندەگیدا ئازادبن رەنج دیدە دەبن و ئەو ستەم دیدانە رێیان دەکەوێتە خانومانی مەنیەنیک (بەهەشت).

١٦

ڤەهترین شت، ئامۆژگاریی مەردێکی پاکدامەنە کە لە رووی پەیبردن و تیژهۆشییەوە بێت.

ئەی «مەزدا ئاهورا»!

ئەزرا بەسەر ئەو کەسەی کە بە ئازار ڤیمم دەدات* تواناکە و سەرکەوتوکە؛ بەو چۆنیەتیەی کە پێڕۆانی درۆ لە ئازارگەیاندن بەیارانم وەگەرێنم.

## یەسنا · هات ٣٣

١

وەهای کە لە بەرترین ئایینی ژیندا هاتووە،[ ژ رۆژی پەسیندا] داد دەر بە پێڕۆی راستی و پێڕۆی درۆ و ئەوەی کە بەرابەر بە وی کرداری دروست و نادروستی لە یەک ئەندازەدان، لە رووی راستیی و دادەوە بە دروستترین کردار رەفتار دەکات.

٢

ئەو کەسەی کە بە مەنەد و ئوخت و کرداری زیان بە درۆپەرست بگەیێنێت یا ئەوەی پێڕۆی درۆپەرستان رووەو نیکی ئامۆژدات و رووەو دینی راستین رێنوێنیی کات، کام و ویستی «مەزداناهورا» وەبەردێنێت.

٣

ئەو کەسەی کە ژیو پێڕۆیانی راستی ـ ئازادان و پێشەوایان و وەرزێڕان و شوانان ـ نیکیی و ڤەهتریی خوازە، سەرەنجام رۆژی بە چەمەنی راستیی و مەنهێنیک(٣٥) دەگات.



www.koskikurd.com

٤

ئەزم کە بە پەرستنی تۆ [ژەنگاری*] نافەرمانی و دوژمەنیی* ژدڵان دەکەمەوە و ئازادەرا ژ[چەنگی] تەرومەندان* و کشتکەررا جە هاوسایانی درۆپەرست و پێشەوارا جە ناپەسەندان و سەرزەنشگران* و چەمەنی پەسوان و کشتزاررا جە بەرزەدەستانی دادنەگر و نابەکار ئازاد دەکەم.

٥

ئەی«مەزدا»!

لەو دەمەیدا کە لە رێی دروستی راستیی و دەخێوی* مەنهێنیک، لەکن کەسانی کە «مەزداناهورا» هاونشینیانە، زندەگی ئامرتات وەدەستدێنم؛ «سروش»ی(٣٦) ژگشت مەزنتر تۆ بە یارێدە دەخوێنم.

٦

ئەزم هۆ پێشەوایەی کە بە ئایینێ راستین، دروستەرێ [ بە مەشیە ئامۆژدەدەم].

نوکە ژ «ڤەهومەنە» خوازداریی یاددانی کشتکاریم تا بە مەنهێنیکەوە دەست لەو کارە دەم.

ئەی«مەزداناهورا»!

بەو ئومێدەوە، ئارەزومە کە«ڤەهومەنە» و «ئاشەڤەهیشتە»دیدکەم و دەگەڵیان بکەومە داد و ستان.

٧

ئەی«مەزدا»! ئەی«ئاشەڤەهیشتە»! ئەی«ڤەهومەنە»! ئەی ڤەهتران! رووەو من وەرن و [فرۆکی]خۆرا ئاشکارکەن تا جگە لە«موغان» مەشیەکەی دیش فراگۆیێ بە ئاخاوتی من دەن. دەبێ رادیی* و [مەزنی]ی نیایشگران لە نێو مەدا پەیدا و ئاشکرا بێت.

---

٣٥ ـ جیهانی مینۆکی(العالم الروحي = العالم المعنوی).

٣٦ ـ ئەیزەدی فەرمانبریی و گوێ راپەڵی‌یە و لە شەوگاراندا پاراستنی ئافریدە نیکەکانی مەزدا فەرمانێکە لە ئەستۆی وی‌دا.

٨

ئەی« ڤەهومەنە »!
دادخوازی من کە ڕووەو تۆی دێنم، فەرا ئاسکە*.
ئەی« مەزدا »! ئەی« ئاشەڤەهیشتە »!
کە درود و [ ئافەرینم] ڕووەو بێشگەی ئێوە دێنم بیناسنەوە!
ئەی« هورڤەتات »(٣٧)! ئەی« ئامرتات »(٣٨)!
بەخشایشی پایەدارتان بە ستایش و نیایشی من خەڵات کەن!

٩

ئەی« مەزدا »!
مەنەهی* تۆ و ئارامیی دوو یاری ڕاستیفرەکەری تۆ (هورڤەتات و ئامرتات) بەو کەسەی کە پیرۆزی ئایینی من بێت و ڕێی نیکیی و ڕاستیی بگرێتە بەر، خودانی ڤەهترین مەنشن بە خەڵات.
ئێمەی« پاکدینان» لە یاوەریی ئەو دووە« هورڤەتات و ئامرتات»ـ کە ڕەوانیان یەکانەیە ـ بەهرەمەندبین.

١٠

ئەی« مەزدا »!
گشت خۆشییەکان[ و شادکامییەکان ]ی ژیان کە لە تۆوەن(ئەوانەی

---

٣٧ ـ هورڤەتات«Haurvatat» : وەک واژە دەکاتە(شایستەیی و بەرزیی). نێوی پێنجەمین کەسی جیهانی فریشتانە(ئەمشاسپەنتان) کە نوێنەری هورڤەیی(ئیرویی ـ کەماڵ) و بەرزیی «ئاهورا»یە لە جیهانی مینۆکیدا و نیگاوانی ئاوی سەرڕووی زەمینە(لەبەر گرنگی ئاو ئەیزەد و فریشتەی دیکەش هەن کە نیگاوانی ئاوی سەرڕووی زەمینن و لە بەشەکانی داهاتودا باس دەکرێن).
+ لە خودی بەرگە فارسییەکەدا بە (خورداد)نووسراوە کە نێوە پەهلەوییەکەیەتی ، لە هەندێ شوێنیشدا نووسراوە کە وێنەی تەندروستی و ئیرووییە.
٣٨ ـ ئامرتات«Ameretat» : نەمری ، هەمیشەیی ، ئامرتاتی ، خلود. نێوی شەشەمین کەسی جیهانی فریشتانە و وێنەی پێبەرجێیی(ثبوت ،پایەماتیی) و نەمریی مەزدایە لە جیهانی مینۆکیدا و نیگاوانی گیاکانی جیهانی ژێرینە.
+ لە بەرگەکەدا نێوە پەهلەوییەکەی بەکارهاتووە واتە(ئامرداد).



www.koskikurd.com

کە بوون و هەن و دەبن)، بەخواستی خۆت هەر لەمجیهانەدا بە مەی بەخشە.
بەدەستیاریی« ڤەهومەنە » خۆشیمان پترکە.
بەدەستیاریی« خشەثرەڤەیریە » و «ئاشەڤەهیشتە » کاڵبەدمان* ڕزگارکە.

١١

ئەی« مەزدائاهورا »ی تواناتر! ئەی« سپەنتەئارمەیتیے »!
ئەی« ئاشەڤەهیشتە »ی جیهان نەشەپێکەر*! ئەی« ڤەهومەنە »!
ئەی« خشەثرەڤەیریە »! فەراگوێ* بەئوختی* من دەن:
هۆ دەمی کە ساتی پاداشی هەر کەسێک وەپێش دێت، جە ئامرزن* و لێبووردندا درێغی مەکەن!

١٢

ئەی« ئاهورا »!
ڕوو لە من کە: جە« سپەنتەئارمەیتیے » تووش* و توانم دە*؛ جە پاکتر ڕەوان ئێمەڕا ـ بە پاداشی نیک ـ زۆر* و هێز دە؛ جە« ئاشەڤەهیشتە » پڕهێزترین بەرزەدەستیے* و جە «ڤەهومەنە» بەخشین بەمەدە!

١٣

ئەی« ئاهورا »! ئەی« سپەنتەئارمەیتیے »ی بە دەروون ڕاستیےی ئامۆژدەر!
ئەی دووربین[ ان ]!
ژبۆ پاراستنم شتانی بێهاوتای دخێوتان* (جیهانے مینۆکی)ڕا لەچەشنی مەنشے نیک بەمن هەرزان بزانن.

١٤

«زەرەتوشتەرە» ژین و مەنەهـ و ئوخت و کرداری نیک و پەسەندکراوی خۆی، و فەرمانبریی و توانایی دەئێنەی ڕاستین بە گەروسمانی* «مەزدا» پێشکەش دەکات.

## یەسنا · هات ٣٤

١

ئەی«مەزدا»!
مە خوازتارین کە ئەو مەن* و ئاخاوت و کردەی کە تۆ بەوان [ژیانی] ئامرتات و [جیهانی] ڕاستی و نیشتیمانی زەندیی هەرزان دەبینیت، بەمە خەلات کەیت.

٢

ئەی«مەزدا»!
مەردی پاکدامەنی(٣٩) ڕەوان پەیوەستی ڕاستی، ئەندیشە و کردەی مەشیەی نیکمەن* و پاکدینڕا بە سروودی ستایشەوە بەپێشگای نیایشی تۆ دێنێت.

٣

ئەی«ئاهورا»! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»!
«مەیەزد»(٤٠) بەنیایشەوە ژبۆ ئێوە بە پێشکەش دێنین تا گشت جیهانیان ژمەنی نیک جە دەخێوی ئامرتاتیدا بەهرەمەندکەن.
ئەی«مەزدا»!
نیکئەندیش هەمیشە خودانی بەخشایشی تۆیە.

٤

ئەی«ئاهورا»!
لە «ئاذەر»ی* تۆ کە لە هێزی ڕاستیی بەهرەوەرە، لەو پڕ هێزەی کە لە فەرمانی «ڕاستین»دا یاد کراوە، خواستارین کە ئاشکرا ئارامیی و شادکامیی بە دۆستان بدات و بە خواستی تۆ ڕەنج* و ناکامی* بە دوژمەتان* بگەیەنێت.

---

٣٩ ـ زارا.
٤٠ ـ mayazd : ئەو پێشکەشی‌یە وشک و نا ئاویانەی کە بۆ ئەیزەدان و فریشتانیان دەبرد (قوربانی ناخوێنی).



www.koskikurd.com

٥

ئەی«مەزدا»! ئەی«ئاشەڤەهیشتە»! ئەی«ڤەهومەنە»!
ئێستێ کە پەیوەستتانم، چ خشەثرەڤەریەک و تواناگرێکتان ژبۆ پەنابەخشین بە بێ‌نەوایان* ژ کرداردایە؟
ئێمە بەندی نێوان خۆمان و زیانکاران و دێڤان و مەشیەی [درۆپەرست]مان پساند و لێ‌یان جودابووینەوە.

٦

ئەی«مەزدا»! ئەی«ئاشەڤەهیشتە»! ئەی«ڤەهومەنە»!
چ لەڕاستییەوە توانا و هێزگرن، ژبۆ من ئەوە نیشانەی توانایمە لە سەرگەردان کردنی کاری ئەمجیهانەو سازکردنەوەی، وەهای کە شادمانتر بە پەرستن و نیایشەوە ڕووەو ئێوە بێم.

٧

ئەی«مەزدا»!
جوانەمەردانی تۆ ـ پەیمان‌ناسانی ڤەنگەهۆمەنشی* کە بەگشت ئازار و ڕەنجی دوژمەنانەوە*، مەشیەڕا بە هۆشیاریی جە ئامۆژەکانی دەئێنەی ڕاستین بەهرەگر دەکەن ـ کێ‌هەن؟
ئەی«ئاشەڤەهیشتە»!
جگە لە تۆ کەس‌نەناسم. ئەز [و گشت ڤەنگەهۆئەندیشان*] پەنادە.

٨

ئەی«مەزدا»!
[پێشەوایانی دێوپەرستان] بە کرداری پڕئازار و ڕەنجی خۆ، ئەمەی [مەزداپەرست] ڤیم‌دەدەن.
[پێشەوای دێوپەرستان] ژمن توانایارترە و دوژمەنایەتی ئایینی* تۆ دەکات.
ئەوانەی کە بە دینی‌ڕاستین نەئەندیشن جە ڕۆژی پەسێندا ژ[بەهەشتی‌ئامەشە*] بەدوورن.

٩

ئەی«مەزدا»!

ئەو کەسانەی کە«سپنتەئارمەیتے»ڕا ـ کە لەکن زانا ئەرژدار و زەندە ـ بەکردەوەی ناپەسەند ئازاردەن، دەستیان بە مەنےڤەنگهو* نەگات، و ئایینےڕاستین هێندە لەوان دوورە کە دەدان* لەمە.

١٠

ئەی«مەزدائاهورا»!

هۆشمەند[ئەمەی] بە وەگێرهێنانی کردار و مەنشےنیک و [ستایشے]«سپەنتەئارمەیتے»ی کارساز ـ هۆ یاری ڕاستےیە ـ و ئومێد بە دخێوی مێنۆکےتۆ، پەندا*.

١١

[ئەی«ئاهورا»!]

مەزنےی و ئامرتاتےی تۆ جە دووجیهاندا وەک هێزی مێنۆکے بەکاربێت.

دخێوەکانی «ڤەهومەنە» و «ئاشەڤەهیشتە» و «سپەنتەئارمەیتے» پشتگیریی و هێز بەرفرازکەن.

ئەی«مەزدا»!

تۆ ئەو کەسەی کە بە بەدویستی تۆ ژ نەبەرد* و کارەزاردایە* وەها وەسەر دەخەیت.

١٢

ئەی«مەزدا»!

ئایینی تۆ چییە؟ خواستی تۆ چییە؟ ستایش و پەرەستنی تۆ کامەیە؟

گشت ئەمانە بەر ئاخاوت خە تا [مەشیە] گوێی لێبێت!
دووپاتی کەرەوە ئەو پاداشەی کە «ئەشی» [بەکەسانی] دەدات!
ئێمەڕا لە هەموارە ڕێی مەنشےنیک بە ئاگابێنە!



١٣

ئەی«ئاهورا»!

[نیشانی دەوە!]هۆ ڕێگەی مەنهےنیکەی* کە بە منت گوت ـ هۆ ڕەثیە* هەموار و خاس داڕێژراوەی ڕاستیی کە گیانی «سۆشیانەتەکان»(٤١) بەرەو ئەو پاداشەی کە نوێدی* بە نیکئەندیشان دراوە (پاداشی کە بەخشیشی تۆیە) هەنگاوی پڕنازی بەسەردا دەنێن ـ

١٤

ئەرێ، ئەی«مەزدا»!

ئەم پاداشە ئارەزوکراوەی کنشت* و مەنشےنیک جە ژینی جیهانیدا بەوانەی کە کشتکەرن و گەلە و ڕەمە خاس پەروەردە دەکەن، خەلات دەکرێت.

کە ئەیە* لە ئایینے تۆدایە ئەی«ئاهورا»! ـ ئەو ئایینەی کە ژیرانە ـ گەشەپێکەری کشتکاران و [شوانان]ە.

١٥

ئەی«مەزدا»!

ئێمە لە ڤەهترین ئاخاوتەکان و کردارەکان بەئاگابێنە!
ئەی«ئاهورا»! ئەی«ڤەهومەنە»! ئەی«ئاشەڤەهیشتە»!
ئێمە بە توانایی خۆتان لەو ستایشەی کە وامی* بەندەکانە، ئاگاسازکەن تا ژیان بە خواستی ئێوە شاد و نوێ بێتەوە.

---

٤١ ـ Soşyant: بەواتەی(ڕزگارکەر)ە و نێوی سێکەسە لە واپەسینانی«ئاخەرین» ئازادکەرانی دینیڕاستین کە لە هەزارەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی پاش(زاراتوشترە)و لەتوخمی وی پەیدا دەبن و جیهان لە ئازار و گزندی ئەهریمەنیی ڕزگاردەکەن.
لەم پارچەدا واژەی «وشەی» سۆشیانەت بەواتەی ڕزگارکەر بەکارهاتووە نەک وەک نێونک بۆ ئەو سێ ڕزگارکەرە.



www.koskikurd.com

## یەسنا ٠ هات ٤٣

١

بەکامی* دڵخوازانم کە «مەزدائاهورا»ی بەرهاوری ئارەزووەکان بە هەر کەسێک، ئەوەی خوازتاریەتی، پێشکەش‌دەکات.

ئەی«سپنتەئارمەیتیے» !

بەهێزی پایەداریی گەیشتن و لەڕاستی بەهرەوەربوون و شکۆی‌پاداش و ژینی [بە]مەنشیے‌نیک‌را بەمن بەخشە.

٢

ئەی«مەزدا» !

ئەوەی کە بەهەشت ئارەزوویەتی، لە پاک‌ترین مەنەهیے‌ئاگای تووە ڤهشتم‌ئاهیم‌ئاشونامیے* پێشکەش‌بێت و ئەوەی لە گشت [شتیَ]ڤەهتەرە: بەخشیشی مەنیے‌نیک و شادمانیی ژینی دێرپای کە تۆ [ڕۆژی] گشت ڕۆژان بەدەستیاریی«ڕاستیی»دەیدەیت، لە بری ئەوبێت.

٣

ژ «ڤەهـ» ژبۆ «ڤەهتر» بگۆڕێت هۆ مەردەی کە لەم ژینەجیهانیەدا و [لەو] ژینەمینۆکیےیەدا مەمانانی ڕووەو ڕێی ڕاستی سوود [بەخش] ڕێ‌نماکرد(٤٢): ڕێی دروستیی کە جە سەرئەنجامیدا «ئاهورا» و ئافریدانیے پاکی وی ئارامیان‌گرتووە.

ئەی«مەزدا» !

هۆ جوانەمەردەی کە بەچەشنی تۆ چاک‌ناس و پاکە بووە [ڕێ‌نوێنی]مە.

٤

ئەی«مەزدا» !

تۆم [لە جیهانیے‌مینۆکیدا] بە توانا و پاک ناسیی.

ئەودەمی کە پاداش [و پادئەفرە] دەگریتەدەست و بە پیرۆی ڕاستی

---

٤٢ ـ مەبەست لە «زارا»یە.



www.koskikurd.com

## ئوشتەڤەدگاثا

و پیرۆی درۆی دەدەیت، لە گەرمای «ئاتوری»* تۆوە ـ کە وزەی لە راستی‌یەوەیە ـ هێزی مەنەهێ‌نیک رووی لە من دەکات.

٥

ئەی «مەزدا ئاهورا»!

ئەودەمی کە بەرترین بار دیتمیت لە جیهانی مینۆکیدا، پاک ناسیم [و زانیم] کە چۆن مزدی* کردارەکان و گوتارەکان دەدەیت: پاداشی نیک بە [گوتار و کرداری] نیک و پادئەفرەی ئاکە بە [گوتار و کرداری] ئاکە.

تۆ لە کۆتایی گەردی ئافریندا*، بە هونەری خۆت [ڤتران* را لە نیکان جوداده‌کەیتەوە.]

٦

ئەی «مەزدا»!

لەو هەنگامەیدا کە رۆژی پەسێن وەپێش دێت، تۆ بە «سپەنتەمینۆ» و «خشەثرەڤایریە» و «ڤەهومەنە» ـ کە بەکرداری لە جیهاندا راستیی گەشەدەکات ـ وەدەردەکەون.

«سپەنتەئارمەیتیێ» مەشیەرا ژ وەپێش‌هاتنی هەنگامی دادوەریی وەئاگادێنێت ـ ئەو دادوەریەی «سپەنتەئارمەیتیێ» کە هیچ کەس ناتوانێ ڕێی فریوی تێدا ببینێتەوە ـ

٧

ئەی «مەزدا ئاهورا»!

لەو دەمەیدا کە «ڤەهومەنە» ڕووەو من هاتوو پرسی:

«کێیت و بەستەی کێیت و جە ڕۆژی واژپەسێندا وە کام‌نیشان خۆت و ژینێ خۆرا دەناسێنیت؟»

تۆم پاک ناسی.

٨

ئەودەم پێم‌گوت:

«ئەزم «زەرەتوشتەرە» کە دوژمەنی درۆپەرستم و دەبمە پەنای پرهێزی پێرۆی ڕاستیی تا لەڕۆژی بەرپابوونەوەدا دەخێوی* دلٚخواستی ئامرتاتێ ی لەبری من بێت.»

ئەی «مەزدا»!

تا هەنگامی کە دەستایێم* و دەسروودم* [هەروەها دوژمنی درۆ و یاوەری ڕاستیم.]

٩

ئەی «مەزدائاهورا»!

لەو دەمەیدا کە «ڤەهومەنە» ڕووەو من هات و پرسی:

«چ‌جۆرە لەڕۆژی واپەسێندا خۆت دەناسێنیتەوە؟»

تۆم پاک ناسی [و پرسڤم* بە وی داوە و گوتم:]

«بە دادەی [ئەو] نیایشەی [کە] لەتەک «ئاتوری*» تۆدا [دایدەنێم.] تا هۆ هەنگامی توانایاریم بەڕاستێ‌یەوە دەئەندیشێم [و] خۆڕا بە «دینی‌ڕاستین» دەناسێنمەوە.

١٠

[ئەی «زەرەتوشتەرە»!]

ببینە دینی‌ڕاستینی من کە من و «سپنتەئارمەیتێ» گشتی‌ڕا دەخوونینەوە تا بەرەو مە بێیت.

نوکە، ئەوەی دلٚخوازی پرسینیت لە مەی بپرسە کە پرسی تۆ، پرسی [مەردێکی] هێزمەندە و ئەو کەسەی کە [تۆ لی‌ێ دەپرسیت] توانایارە [کە] [پرسڤی*] تۆی [پرسەری] پڕتوانا [داتەوە و] کامڕەوای‌کات.

١١

ئەی «مەزدائاهورا»!

لەو دەمەیدا کە «ڤەهومەنە» بەرەو من هات و ژیۆ بەرترین [بار] ئامۆژم* لە ئاخاوتی تۆ وەدەستهێنا، تۆم پاک ناسی. ئایە [شۆڕ* و] دلٚدادەگی من لەهەنگامی گەیاندنی ئایینێ‌تۆ بە مەشیە ـ ئەو ئایینەی کە پێت‌گوتم ڤەهترین ئایینە ـ نابێتە مایەی ڕەنج و ئازاری من.



www.koskikurd.com

١٢

ئەو دەمەی کە فەرمانت دا پێم:
«ژبۆ ئامۆژدانی دەئێنەیڕاستین سەرپێ‌کەوە و ڕاستی دەئامێزکە!»
بەر لە زێوەرکردنی ڤیچی مێنۆکیی [و بەر لەوەی کە] «سروش» بە هاورێی «ئەشی»ی تواناگـر بەدەرکـەوێت و پاداش و پادئەفـرە بە نیکوکاران و ڤژەهکاران* بگەیێن، بێ‌هیچ نافەرمانی‌یەک گرەڤم* وە ڕاستیی هێنا.

١٣

ئەی «مەزدا ئاهورا»!
ئەو دەمی کە «ڤەهومەنە» ژبۆ ناسینەوەی داوای من [جە تۆ] رووە و من هات، تۆم پاک ناسی.
[ئەی «مەزدا»!]
ئەو زندەگی‌یە ئامرتاتە* ـ کە هیچکەس ناتوانێت ناچاری بەخشینیت کات ـ ئەو هەستە ئارەزوکراوەی کە لە ڤیچی [مێنۆکیی] تۆدا نوێدی پێ‌دراوە، بە من هەرزان بزانە.

١٤

گەر [لە]م جیهانە خاکیەدا یاریی* و پەنای ئەیزەدیی تۆ درێغیم لێ‌نەکەن و بەدەستیاریی «ئاشەڤەهیشتە» جە خشەثرەڤەریەیی و توانایی مێنوکیی بەهرەیاریم*، ڕاپەڕم و بەگشت پێڕۆانمەوە ـ کە گوێ ڕایەڵی فەرمانی ئاسمانیی تۆن ـ و ژە بەرابەر ئاکەخوازان* و خواردارانی* ئایینی تۆ بوەستم و ژبۆ لادانیان بکۆشم.

١٥

ئەی «مەزدا»!
لەو دەمەیدا کە «ڤەهومەنە» و «توشنامەئیتی»(٤٣) رووە و من هاتن و پێیان ئامۆژدام:

---

٤٣ـ Tuşn`amaiti : فریشتەی نوێنەری رەوشتی ئارام.



www.koskikurd.com

«نەبادا وەها رەفتارکەیت کە پێڕۆانی درۆ خۆش و پێڕۆانی راستی ناخۆشیان لێ بێت»،
تۆم پاک ناسی.

١٦

ئەی «مەزدا ئاهورا»!
«زاراتوشترە» هۆشی پاکی تۆی ژبۆ خۆ هەڵبژارد.
[ئەوانەی کە روو لە درۆ وەرگێڕن] رەوانی پاکی بژاردەی راستیی‌ڕا ـ بە پەیکەری ڕازاوە و لە ژین و هێز بەهرەدار ـ لە دەخێوی خۆرئاسای «سپنتەئارمەیتێ» وەدەستبێنن.
ببێت کە [سپنتەئارمەیتێ] بەو کردارانەی کە لە مەنەهی نیکەوە مایەگرن، بدات پاداش.

## یەسنا · هات ٤٤

١

ئەی«ئاهورا»!
ژبارەی نیایش ـ ئەو نیایشەی کە [شایستی] کەسێکی وەک تۆیە ـ لە تۆ دەپرسم؛ پرسڤم پێ بدە!
ئەی «مەزدا»!
کەسێکی چۆن تۆ دەبێ [نیایشێکی وەها]ڕا بە دۆستی چۆن من ئامۆژدات و بە دەستیاریی «ئاشەڤەهیشتە»ی ئەرجدار، یاریدەماندات تا مەنشێ‌نیک ـ رووە و مە نوی بێتەوە.

٢

ئەی «ئاهورا»!
ژ تۆ دەپرسم؛ بەدروستی بێژەپێم: چۆن مەشیە جە جیهاندا بە پاداشی کرداری نیک بەهرەمەند دەبن و ئایا بەڕاستی بەختیار و کامیار دەبن؟
ئەی «مەزدا»! ئەی «راستیی»!

ئەو مەردە پاكە(٤٤)، ئەو دۆست و دەرمان بەخشی ژینە، پەشۆكاوی رۆژی پەسێنە [و بەڵێنی رزگاریی بە مەشیە دەدات]

٣

ئەی «ئاهورا» !

ژ تۆ دەپرسم؛ بێژە پێم: لە ئافریدندا، بابی بەرترین راستیی كێیە؟ كێیە كە هڤەر* و ئەختەرانێ وەگەرد خست؟ جە [توانای] كێدایە كە مانگ دەكشێ و هەمیسان دەپونگێتەوە؟

ئەی «مەزدا» !

خوازتارم [كە] ئەم [هەمووە] و [بەسێكی*] دی [را] بزانم.

٤

ئەی «ئاهورا» !

ژ تۆ دەپرسم؛ بێژەپێم: چ كەسێ زەمینی لە ژێر و ئاسمانەكانی فراز راگرت كە نارمن؟ چ كەسێ ئاوەكان و گیاكان ئافرید دەكات؟ چ كەسێ توندی و گورجی بە باكان و هەورەكان دەبەخشێت؟

هانا* ئەی «مەزدا»؛ داددارى نیک مەن.

٥

ئەی «ئاهورا» !

ژ تۆ دەپرسم؛ بێژەپێم: كێیە كە رۆشنایی خاس‌كونش و تاریكیی ئافرید دەكات؟ كێیە كە خەوی ڤەهـ كونش و وشیاریی ئافرید دەكات؟ كێیە كە بەیان و نیوەرۆ و شەو ـ كە پەیمان بەیادی پۆریودكێشان* دێننەوە ـ ئافرید دەكات؟

٦

ئەی «ئاهورا» !

ژ تۆ دەپرسم؛ بێژەپێم: ئایا بەراستی وەهایە وەک من مژدەی [بە مەشیە] دەدەم؛ ئایا «ئاشەڤەهیشتە» و «سپەنتەئارمەتێ» بەكرداری خۆ یاریدەی [پاكدینان] دەدەن؟ ئایا «ڤەهومەنە» لەلایەن تۆوە، دەخێوی* [مێنۆكی] تۆ [بە بەشی مە] دەزانێت؟

[هانا ئەی «مەزدا» !]

ژ بۆ چ كەسێ پەسوی* بارەوری* شادبەخشت ئافریدكرد ؟

٧

ئەی «ئاهورا» !

ژ تۆ دەپرسم؛ بێژەپێم: چ كەسێ «ئاشەڤەهیشتە» و «سپەنتەئارمەتێ»ی ئەرژمەندی ئافریدكرد ؟ چ كەسێ بابی بەفرەزانیی* شەیدای پس* كرد ؟

ئەی «مەزدا» !

ئەز لەسەر ئەوەم كە تۆ و «سپەنتەمەینیە»ی پاک بە ئافریدگاری گشت ئەمانە بناسم.

٨

ئەی «ئاهورا» !

ژ تۆ دەپرسم؛ بێژەپێم: چۆن رەوانی من بە بەخشایشی شادی بە جۆشهێن پەیوەست دەكات؟ ـ [من] ئامۆژەكانی تۆ بەیاد دەسپێرم و ئەو ئایینی ژینەیرا كە جە «ئاشەڤەهیشتە» و «ڤەهومەنە»ی دەپرسم بە دروستیی هۆش دەكەم.

٩

ئەی «ئاهورا» !

ژ تۆ دەپرسم؛ بێژەپێم: ئایا من كە ئاڵودەیی* گوناهـ ژ دەئینەی مەشیەی ڤەهوئەندیش دەتەكینم و بەرەو راستیی رێ نوێنییان دەكەم، دەتوانم لەلایەن خوداوەندگاری ڤیچی [مێنۆكییەوە] مەشیەرا بەو سەرایەری كە كەسێكی چۆن تۆ ئەی «مەزدا» بە «ئاشەڤەهیشتە» و «ڤەهومەنە»وە تیایادا ئاسوودەیت مژدەدەم؟

١٠

ئەی «ئاهورا» !

---

٤٤ ـ زاراتوشترە.





www.koskikurd.com

ژ تۆ دەپرسم ؛ بیژەپیم: ئایا [مەشیە] بە دروستیی بە وچ* و کردار
دەئینەی من ژ ئامیزدەگرن ـ دینی بەراستی پەیوەستی من کە گەشە بە
جیهانیان دەکات ـ یان بە ئومیدی بەخشایشەکانی تۆ؟

١١

ئەی «ئاهورا»!

ژ تۆ دەپرسم ؛ بیژەپیم: ئایا دەبیت کە پاکدامەنیی و [فەرمانبریی]
روو لەو کەسانەکات کە دینی تۆم پێ‌ئامۆژدان؟
ئەزم بەرترین کەسی کە بە ڤەخشووریی* هەڵبژیردرام. گشت
ئەوانیدی [کە دوژمەنی دەئینەی راستینن] بە دیدەی بەدوویست دید
دەکەم.

١٢

ئەی «ئاهورا»!

ژتۆ دەپرسم ؛ بیژەپیم: لەنیو ئەو دەستەی کە پێیان دەدوێم،
کێهەیان پیرۆی راستییە و کێهەیان پیرۆی درۆیە؟
کێ [لەوانە] دوژمەنە؟ ئەو درۆپەرستەی کە ژیو بەخشایشی تۆ بە من جە
کارەزار دایە کێیە؟ ئایا نابیت ئەورا وەک دوژمەن بەرژمارخەین؟

١٣

ئەی «ئاهورا»!

ژتۆ دەپرسم ؛ بیژەپیم: چۆن دەتوانم [دێوی]درۆرا لەخۆ برەتینمەوە
و رووەو [سیادلانی*] کە لە نافەرمانیدا خوازنەیارن پەیوەستی
راستیبن و پەندگری مەنهەنیکبن ، برەوینم؟

١٤

ئەی «ئاهورا»!

ژتۆ دەپرسم ؛ بیژەپیم: چۆن دەتوانم درۆرا بە دەستانی [توانای]
راستیے بسپیرم تا ئەورا بە دەستوری ئایینے تۆ جە ئارا بەریت و
شکستی مەزن بە درۆپەرستان بدات و رەنج و ستیزیان بارکات.



١٥

ئەی «ئاهورا»!

ژتۆ دەپرسم؛ بیژەپیم: ئایا تۆ خودانی ئەو توانایەیت کە دوو
لەشکری ناسازگار(٤٥) پێک گەیشتن، بە دەستیاریی «ئاشەڤەهیشتە»
مەمانان* پەنادەیت؟

ئەی «مەزدا»!

بەپێی ئەو پەیمانەی کە تۆ پایەمانیت لەسەری سەرکەوتن بە کام
یەک لەو دوو لەشکرە دەبەخشیت.

١٦

ئەی «ئاهورا»!

ژتۆ دەپرسم؛ بیژەپیم: کێیە ئەو پیرۆزگەرەی کە پشت و پەنای
پیرۆانی ئایینی تۆیە؟

ئەی «مەزدا»!

ئەز را ئاشکرا جە بەرگومارنی* ئەو سەرووەرە* دەرمان بەخشی ژینە،
ئەوەی کە فەرمانبریی و مەنهەنیک رووبان تێکردووە، ئەوەی کە تۆ
خواستاری ویت، ئاگاسازکە.

١٧

ئەی «ئاهورا»!

ژتۆ دەپرسم؛ بیژەپیم: چۆن کامی دڵم لە پەیوەستن بە تۆوە بیتەبەر؟
چۆن گپم کارسازبیت؟ ئایا ژ رووی ئایینی تۆوە پاکدامەنیی و
ئامرتاتیی بەو کەسەی کە ژ راستییەوە بەهرەگرە، دەئامیزریت؟

١٨

ئەی «ئاهورا»!

ژتۆ دەپرسم ؛ بیژەپیم : چۆن ئەو مزدەی کە مژدەی بە من دراوە ـ دە
ماچە* و دە ئەسپ و یەکهوشتر ـ (٤٦) بەچەشنی مەزنیی و ئامرتاتیی

---

٤٥ ـ مەزدا پەرستان و دیو پەرستان.



www.koskikurd.com

ژ بەخشیشی تۆدا بەدەستاریی «ئاشەڤەهیشتە» بە من خەلاّت دەکرێت؟

**١٩**

ئەی «ئاهورا» !
ژتۆ دەپرسم؛ بێژەپێم: ئەو کەسەی کە مژدەی مەزدێک بدات و بەجێی نەهێنێت، چی‌یە سزای [لەم جیهانەدا] ؟
لەو سزایەی کە وەها کەسێک لە جیهانی مینۆکی‌دا پێی دەگات بە ئاگام.

**٢٠**

ئایا هەرگیز* دیوەکان، خوداوەندگارانی ڤەهیی بووین؟ ئەوانە دەبینن کە چۆن «کەرەپەن»(٤٧) و «ئووسیج»(٤٨) و «کەڤی»(٤٩) پەسوانیان ژبۆ ژ خوێن دەگەوزێنن.
ئەوانە ژرووی ئایینی راستێن پەسوان ژبۆ فراوانی بەخشێن بە بەکشت و وەرز* بەروەردەناکەن.

## یەسنا · هات ٤٥

**١**

نوکە دەپەیڤم، ئاگا ئەی کەسانی کە ژدوور و نێزیک گردبۆتەوە، خواستاری ئامۆژی دینی راستێن، گوێی فرا بدەن و گوێگری ئوختی من بن و وەیادی بسپێرن! گپی من ئاشکرا و رۆشنە:
نەبادا ئامۆژگاری ئاکە ـ ئەو درۆ پەرستەی کە [مەشیە]را بە زوانی خۆ رووەو تکشەی ئاکە دەخوێنێت ـ ژین را بارێکی دی تەباهکات.

---

٤٦ ـ چونیەتی ئەم پاداشە رۆشن نی‌یە. لەوە دەکات کە پاداشێک بووبێت کە دەبوایە بەرامبەر بە کارێک بە «زاراتوشترە» بدرێت.
٤٧ ـ بڕوانە ژ ٣١
٤٨ ـ Usij : لە پێشەوایانی دێوپەرستان بووە.
٤٩ ـ بڕوانە ژ ٣٢.



www.koskikurd.com

**٢**

ئێستێ باسی ئەو دووگەوهەرە(.٥) سەرەتایی‌یەی ژین دەکەم:
گەوهەری پاک بە گەوهەری پلیدی* گوت: نەمەنش، نەئامۆژتن، نەبیر و ئایین، ئاخاوت و کردار و دین و نەرەوانی مە پێک سازگارە.

---

. ٥ ـ سپەندمینۆ و ئەنگرەمینۆ.
+ نووسەرە فارسەکە (ئەهریمەنی) لەباتی (ئەنگرەمینۆ ـ ئەنگرەماینیە) بەکارهێناوە. واژەی (سپەند، سپەنت، ئسپەنت، ئەسپەنتە)= «مُقدَس»ی عەرەبی و (مینۆ ـ ماینییە)= گیان، روح و وێکڕا= «روح القدس»ی دینە سامی‌یەکان و = گیانی چاکەکاریی، پیرۆزەگیان، واژەی (ئەنگرە)= (شَر)ی عەرەبی و خراپەوبەدیی، بەتێکڕایی= گیانی تەباهکاریی، ئەهریمەن(بیری‌خراپ)، ساتانی جووەکان (کە واژەی «شیطان»ی لێوە هاتووە).
لە سەرەتادا گەلێ لە ناشارەزایان و ناحەزان ئەم جووتەیان بە دووخودا و ئەیزەد دەزانی و تاوانی فرەخودای‌یان «تعدد الإله» وەپالّ وەخشوزرەوە ( وەخشوزر= پێغەمبەر. ئەم نێوە تەنها بۆ زاراتوشترە بەکاردێت)دەنا و ئەلّبەتە لەمێژە ئەو پۆچوونانە بەرپەچ‌کراون و دوورەگی نەزانی و ناحەزی‌یان سەلمێندراوە. ئەم بیرەی زارا سەرەتایی‌ترین و گرنگترین بناغەکانی فیزیکی بە جیهان بەخشیوە کەبریتین لە(ـ و ـ [+] ، ـ لە ـ [−]) و هێزە ناکۆکەکان، بڕوانە پەرتووکی « A MODERN ZOROASTRIAN » نووسینی سامۆئێل لاتک)، هەروەها بیرێکی خستۆتەکاوە کە ڕەنگاوی لە گشت دینە ئارینییەکاندا داوەتەوە و تا ئەورۆش هیچ ئایدیۆلۆژیەتیەکی تر نەیتوانیوە بایی تنۆکێک بخاتە سەر فەلسەفەی چاکە و خراپە.
گەربێت و بەوردیی بڕوانینە باسی ئەو دووگەوهەرە دەبینین کە هەردووک زادەی مەزدان بەلاّم یەکیان دروستکەرە و ئەوی‌دیکەیان وێرانکەرە، دووهێزی ناکۆکن لە نێو هەموو ئافریدەیەکدا « مَخلوق » هەن ( بیر لە بیردۆزەکانی ئەنشتاین بکەرەوە) لەو ناکۆکی و ستێزە « صراع » پێشکەوتن پەیدادەبێت (بیر لە فەلسەفەی ماتریالزمی بکەرەوە)، ئەوجا زارا دروشمی « بیری چاک و گپی چاک کاری چاک » بە مرۆڤ دەبەخشێت. ئایا هیچ فەلسەفە و بیر و دین و بیردۆزێک هەیە لە گشت مێژوی مرۆڤایەتیدا و هەتا هەتایە توانیبێتی یا بتوانێت لە چوارچێوەی ئەو دروشمە دەربچێت؟ ئەمە پرسیارێکە کە شایەنی بیر لێ‌کردنەوەیە ، لەیادتان بێت کە زارا پێش هەزارەها سالّ گوتویەتی : بەهەشتی خودا لەو جیهانەی دی‌دایە ئێمە دەبێ لێرە خەبات بکەین بۆ نەهێشتنی گشت شتێکی خراپ ناپاک پیسوود . . هتد و ئەم زەمینە ( زەمین = کورەی ئەرز ـ زەوی = ئەرز، خاک ) بکەین بە بەهەشت، ئەوەدەم لە بەهەشتدا دەژین و بە مردنیش دەچینە بەهەشت.
گومانی تێدانی‌یە کە ئەم باسە پێویستی بە شی‌کردنەوەیەکی فرەتر هەیە و ئێرە شوێنی نی‌یە، لێکۆلینەوە و باسێکی تایبەتم لە بارەی ئەم دوو هێزە و پەیوەندییان بە زانستی نوێوە ئامادەکردووە کە هیوادارم لە هەلێکی گونجاودا بلاّوی کەمەوە.

٣

ژوەی کە«مەزدائاهورا»ی زانا جەسەرەتای ژیندا بەمنی گوت،
ئاخاوت ڕوێنم:

ئەوانەی لە نێو ئێوەدا، بەو ئایینەی کە من دەئەندیشم و دەیلێم،
نەگرەڤن* جە پەسێنێ ژیندا بەهرەیان داخ و درێغا دەبێت!

٤

ژوەی کە بۆ جیهان ڤەهترە، ئاخاوت ڕوێنم:
ئەی«مەزدا»!
[ئەز] بە ئایینی ڕاستین ئامۆژدەم:
ئەوی کە جیهانی ئافریدکرد بابی وەرزێری نیک مەنشە و زەوی
دوێتی نیککونشی (٥١) هەمانە.
«ئاهورا»ی بەسەر گشتدا نواڕ فریونادرێت.

٥

ژوەی کە«مەزدائاهورا»ی پاکتر پێیگوتم ئاخاوت دەڕوێنم ـ گپی
کە ژگوێگرتنی بۆ مەشیە ڤەهترە ـ :
ئەوانەی کە ژبۆ [خۆشنودیی] من (٥٢) ژوی (٥٣) فەرمانبەرداریی
دەکەن جە کردار [و] مەنشێنیکدا بە مەزنیی و ئامرتاتیی دەگەن.

٦

ژوەی کە لەگشت مەزنترە دەدوێم.
ئەی«ئاشەڤەهیشتە»!
ستایندەی* ویم ـ ئەوەیڕا کە نیکخوازی ئافریدەکانە ـ
«مەزدائاهورا» بە ڕەوانی پاکیخۆی، نیایشیڕا کە من لە
مەنشێنیکەوە وەدەستی دێنم، بگرێتەگوێ [و پەسەندکات.]
ببێت کە ئەو بە مەنەهێخۆی منڕا ژوەی کە ڤەهترە بەئاگابێنێت!

---

٥١ ـ سپەنتەئارمەیتێ.
٥٢ ـ مەزدا. ـ ٥٣ ـ زاراتوشترە.



www.koskikurd.com

٧

گشت زیندوان و هەموو ئەوانەی کە بوون و دەبن جە پاداش و
پادئەفرەی کە ژدەستی وی‌دایە(٥٤) بەوە دەگەن کە جە ئامرتاتیدا،
ڕەوانی پیرۆزیڕاستی هەمیشە کامڕەوا [و شادمان] و [ڕەوانی] (٥٥)
درۆپەرست [پەیوەستە*] لە ڕەنجدا دەبێت.
«مەزدائاهورا» ئەیەڕا* جە ڤچیمێنۆکیخۆیدا ئافریدکات.

٨

[پاداشێنیک]ڕا بە ستایش و نیایش وەدەستبێنە.
ئەرێ نوکە خوازیارم کە بە چاویخۆ بەسەر ڕێی ڤچیمێنۆکیدا،
ڕێی ئەندیشە و گوتار و کرداری نیک، بنۆڕم.
ژپاش ئەوەی کە بەدەستیاریی «ئاشەڤەهیشتە»، «مەزدائاهورا»مان
ناسی، نیایشەکانیخۆ ژ بارگەی ویدا بنیشێننەوە!

٩

[«مەزدا»]ڕا بە مەنشێنیک خۆشنودکە ـ [«مەزدا»ی] کە بە
خواستیخۆ ڤەهرۆژیی و سیارۆژیی بە مەمانان دەدات ـ (٥٦) ببێت کە
«مەزدائاهورا» لەڕێی خاسناسیی مە بە مەنشێنیک و بە نێوانچاکیی*
دەئێنەیڕاستین و توانایی‌خۆ کشت* و کار بەمەدات تا فراوانی بە
پەسوان و کەساغان بەخشین.

١٠

[«مەزدا»]ڕا بەدرودی پاکدامەنیی زەندوارکەن*ـ ئەو کەسەیڕا کە
هەموارە بە «مەزدائاهورا» نێودەبرێت ــ چ ئەو جە «ئاشەڤەهیشتە» و
«ڤەهومەنە»ی خۆیەوە نوێدی بەمەدا کە لە نیشتیمانی مێنۆکێ ویدا ژ
مەزنیی و ئامرتاتیی و لە بارەگەیدا ژ هێز و پایەداریی بەهرەمەند
دەبین.

---

٥٤ ـ مەزدا.
٥٥ ـ بڕوانە ژ٨.
٥٦ ـ مەبەستی لە پاداش و پادئەفرەی(سزای) ڕۆژی پەسلانە(قیامەت).

١١

کەواتە ئەی«مەزدائاهورا» !

ئەو کەسەی کە لەمەوپاش دێوان و مەشیەی ئاکەئەندیش وەک بەستەیەک* دەیڕۆننێ، بە نشێومەندیان بزانێت، دینی پاک و ڕزگارکەری ئەو سەروەرە(٥٧)، دەبێتە دۆست و برا و بابی.

## یەسنا٠هات٤٦

١

ڕوو جە چ سنوور و ڤیچێک کەم؟ بەرەوکوێ، ڕوو جە چ سەرزەمینێک کەم؟

خڤەئیتوشان* و ئایریامەنان* دووریان جەمن پەسەندکرد و ڤەرەزەنوان* نەبوونە مایەی خۆشنودیی من.

فەرمانڕەوایانی درۆپەرستی نیشتیمان [دوژمنایەتیم دەکەن.]

ئەی «مەزدا ئاهورا» !

بێژە، چگۆنە دەتوانم خوشنودتکەم(٥٨)؟

٢

ئەی «مەزدا» !

ئەز [خۆم] ئاگام کە ژبەرچی ناتەوانم: ئەز کەم سامان و [دارایيم] و کەسانم بە هەندەک دێنە ژمار!

ئەی «ئاهورا» !

ڕووەو تۆ گلە* دێنم. خودت بڕوانە [کاری من] و [من ڕا] یاریدەدە ـ وەهای کە دۆستێک [یاریدەی خۆی] بە دۆستێکی هەرزان دەکات ـ.

٥٧ ـ زارا.

٥٨ ـ لەم هاتەدا «زاراتوشترە»گلەیی لە خراپەکاریی و دوژمنایەتی دێوان و درۆپەرستان و نائەستواریی و بێهێزیی مەشیە (خەڵک) لە پێڕۆیی دینی ڕاستین دەکا و داوای یارمەتی لە «مەزدا»دەکات.



ئێمەڕا جە دینی ڕاستین، ژوەی کە سەرمایەی مەنشیەنیکە، بە ئاگابێنە!

٣

ئەی «مەزدا» !

کەی بانگدادی* ڕۆژی [ڕستگاریی] دێتەپێش [کە] جیهان ئامۆژی فرایی‌بەخشی* پڕ ژیریی ئازادکەران، دینی ڕاستین پەسەندکات؟

کامانەن ئەوانەی کە «ڤەهومەنە» چالاکانە بەیاریدەیان دەگات؟

ئەی «ئاهورا» !

ئەز تۆم ژبۆ ئاگاداربوونی خۆم هەڵبژارد.

٤

درۆپەرست(٥٩) ـ ئەو ئاکەنێوە تەباهکارە ـ ڕێ بە ڕابەرانی دینیەڕاستین نادات کە چارپێ جە گوند یان نیشتماندا پەروەردەکەن.

ئەی «مەزدا» !

[خواستاری] کەسێکم کە [درۆپەرست]ڕا لە خشەثرەڤەریەیی بێ بەهرەکات. ئەو کەسە جە پێشڕەوانی [ژینە] کە ڕێی ئایینەنیک برازێنێتەوە [و هەمواری کات.]

٥

گەر زانایەک، کە خۆی پیڕۆی دینیەڕاستینە، بتوانێت کەسێ ژ پێڕۆیانی درۆپەرستانڕا بێرێتە سەر ڕێی ڕاست، پێویستە بۆ نیگاياریی ئەو ئاگاداری ئازادیی و مەزنیی بێت تا پەنا بەو مەردە دات کە گرەڤیدی ئایینەڕاستینە و نەهێڵێت هاوکێشانی* دێرینی ئازاری پێبگەیەنن.

٦

گەر ئەو ئازادەی کە داخواستی پەنای لێکراوە، ڕانەپەڕێت بۆ یارمەتی و لە پەناداندا درێغی بنوێنێ، بێگومان ئەو مەردە بارێکی [تر] بە ئافریدگانی درۆوە دەپەیوەستێت؛ چ خودی ئەو درۆپەرست و نیک خوازی درۆپەرستانە.

٥٩ ـ باسی یەکێ لە پێشەواکانی درۆپەرستاندەکات.



www.koskikurd.com

ئەی «ئاهورا» !
هەر ژ بەرترین رۆژی کە دەئێنەت ئافریدکرد، یەک راستێپەرست دۆستی یەک راستێپەرستە.

٧

ئەی «مەزدا» !
جگە لە «ئاتەر»(٦٠) و «ڤەهومەنە»ی تۆ، کە دینێراستین بەکرداریان مەزن دەبێت، ئەو گاهەی کە درۆپەرستان ئامادە دەبن بۆ ئازاردانی من ، چ کەسێ دەبێتە یار و پشتیوانی من.
ئەی «ئاهورا» !
نیهادی منڕا لەم دەستوەرە ئاگادارکە.

٨

ئەی «مەزدا» !
نەبادا جە کرداری ئەو کەسە ـ کە لە سەریدایە ـ گزندێ* بە ئارای* من بگات، بەمن رەنج بگات.
ببێ کە [زیانی] ئەو کردارە بەرواژبێتەوە و بەو بگات، وەهای کە ژ زندەگی خۆدا بە بێ بەهرەیی بمێنێ و گیرۆدەی ئاکە ژینی بێت.

٩

کێیە ئەو رادمەردەی* کە بەرترین بار بەمەی یاددا تا تۆی [ئافریدکەر]ای کارساز و دادوەری پاکی دروست کردارڕا مەزنەوار ڕاگرین؟
[مەشیە] خوازیارن کە گپی «ئاشەڤەهیشتە»ی تۆ و ئەوەیڕا «گوشورون»(٦١) بە «ئاشەڤەهیشتە» گوت و ژ«ڤەهومەنە»ی پرسی، ببیستن.

١٠

ئەو مەردەی یان ژنەی کە ئەوەی تۆ ژبۆ جیهانت بەڤەهتر زانی، بەجێهاورد، بەهشتی [ئامرتات] بە پاداشی کرداری دروستێ وی پێی

٦٠ و ٦١ بروانە ژ ٥، ٧.



www.koskikurd.com

هەرزان بێت!
ئەز ـ بە گشت ئەو کەسانەوە ـ کە بەرگومارمی نیایشی تۆم ،خوازیارم جە پردی «چینڤەت»(٦٢) بپەڕمەوە.

١١

«کەرەپەن»یەکان (٦٣) و «کەڤی»یەکان(٦٤) ـ ئەوانەی کە ڕەوان و نیهادیان هەنگامی گەیشتن بە پلی چینڤەت(٦٢) خورپەی ترس دەیان هاژێنێت؛ ئەوانەی کە هەموارە تا ئامرتات، یارانی خانومانێدرۆ(٦٥) دەبن ـ ژبۆ تەباهکردنی ژین، مەشیە ناچاری ئاکەکرداریی دەکەن.

١٢

هەنگامی کە «ئاشەڤەهیشتە» لە [پرتەو]ای کۆششی «سپەنتەئارمەیتێ»وە ـ فەرەهکەری* ئارا ـ روو جە نەوە و خوێشانی نێودار «فەریان»ی(٦٦) تورانی دەکات،«ڤەهومەنە» پەسەندیان کات و «مەزدا ئاهورا» جە رۆژی پەسێندا ئارامییان پێبەخشێت.

١٣

کێ ژ نێو مەشیەدا ئەو کەسەیە کە «سەپیتەمان زاراتوشترە»ڕا بە ئامادەیی خۆی [ژبۆ تەشەنەی ئایینی راستین] خۆشنودکات؟ کەسێکی وا شایستی پر ئاوازەیی* و نێوداریيە. «مەزدا ئاهورا» ژیانەکی ئامرتاتێ پێدەبەخشێت. «ڤەهومەنە» بالاْ بە ئارایدەکات و ئێمە وەک دۆستی خاسی دینێڕاستینی دەناسین.

٦٢ ـ çinvat ، çinvad : وەک واژە واتەی ئەروەندکەر (امتحان کەر) دەدا، وەک زاراوەیەک لە دینی زاراتوشترەییدا نێوی پردێکە کە رەوانی مرۆڤ پاش مەرگ بەسەریدا تێپەڕدەبێت و بە بەهەشت یاخود دۆزەخ دەگات. ئەم پردە لە دینی ئیسلام و جوودا (جولەکەدا) نێوداری «صراط»ە .
٦٣ ـ بروانە ژ ٣١
٦٤ ـ بروانە ژ ٣٢
٦٥ ـ دۆزەخ
٦٦ ـ Fary`an : نێوی خێزانێکی تورانییە کە پیرۆزی ئایینێ «زارا»بوون.

## ١٤

ئەی « زاراتوشترە » !
کێیە ئەو پاکدینەی کە جە [تەشەنەی] ئایینی مەزنی موغدا،
دۆست [ویاوەری] تۆیە؟
کێیە ئەو کەسەی کە خوزیارە بەم نێوە بڵندئاوازە بێت؟
ـ ئەیە «گوشتاسپ»ە [کە] جە کۆتایی کاردا پشتیوانیی [ژ]
دینیڕاستین دەکات.
ئەی «مەزدا ئاهورا» !
ئەز کەسانیڕا کە تۆ جە [سەرای ئامرتاتی بەهشتدا] پێکیان
دەگەێنیت، بانگەوازی گوتار [و] مەنشی نیکیان پێڕادەگەێنم.

## ١٥

ئەی «هەچتەسپیان(٦٧)» ! ئەی «سەپیتەمانیان(٦٨)»
پێتان دەڵێم کە زاناڕا ژ نەزان بناسنەوە !
------------------------------ (٦٩)
بەم کردارەیە کە راستیی بەخۆتان هەرزان دەکەن، وەهای کە ژ
بەرترین ئایینی «ئاهورا»یە.

## ١٦

ئەی «فرەشوشتەرهڤۆگڤە»(٧٠)!
بەم رادەمەردانەوە(٧١) ڕوو بە[ڕەو بەهەشتی ئامرتاتیی] بێرە.
هەردووکمان(٧٢) خواستارین کە ئەوانە [لەوێدا] خۆش و شادکامبن:
ئەو جێیەی کە راستیی و پاکدامەنیی تێیدا پەیوەستن و جیهانی
ئامرتاتیی بەکامی مەنشێنیکە.

---

٦٧ـ Haçtasp : نێوی چوارەمین باپیری (زارا) بووە و لەوە دەکات کە (هەچتەسپیان) نێوی بەستەکانی (خزمەکانی bastak) ئەو بووە.

٦٨ ـ Sapitam`an : نێوی نۆیەمین باپیری (زارا)یە و (سەپیتەمانیان) خوێشان و کەسانی وین.

٦٩ ـ ئەم دێڕە نەماوە.



## ١٧

جێی کە من لە مەر تۆوە ئەی «جاماسب هڤۆگڤە»(٧٣) وجە فەرمانبریی و نیایش [و] ئامادەیت [ژبۆ گیان سپاردن] جە ڕێی ئایینێ راستیندا، لەکن «مەزدا ئاهورا» ـ کە بەدەستیاریی «ئاشەڤەهیشتە»ی پەندگری کارئاگا، زاناڕا ژ نەزان جودادەکاتەوە ـ پەیڤی هەڵسەنگێندراو دەپەیڤم نە نا هەڵسەنگێندراو.
ئەو کەسەی کە جە [پەیڕەویی ژ ئایینی] من پایەدارە، ئەز نوێدی ڤەهترین سامانی خۆم بەدەستیاریی مەنشێنیک بەو دەدەم.
ئەو کەسەی کە سەری ستێزەکردنی بە ئێمە هەیە [سزاواری ستێزە]یە. ]
ئەی «مەزدا» ! ئەی «ئاشەڤەهیشتە» !
وەها خواستی ئێوە ڕا [بێنمەدی و ئێوەرا] خۆشنودکەم.
ئەیەس فەرمانی مەنەهـ و مەنشێ من!

## ١٩

هۆوەی کە ئەوەی بە کامی من سازگارترە ژ ڕووی دینێڕاستینەوە لەبۆمی بەجێبێریێ، سزاواری پاداشە.
هۆوەی کە جیهانێتری پێ خەڵاتکراوە، [لەم جیهانەدا ژ] یەک جووت چارپێی باروەر و هەرچیەکی ئارەزومەندیەتی [بەهرەمەندبێت!]
ئەی «مەزدا» !
ئەی کەسی کە چارەسازتری! ئەم [ئارەزوە]تۆ لە بۆمنی دێنیتەبەر!

---

٧٠ ـ Farașuștar : بروانە لاپەرە (٣)

٧١ ـ کەسانی لە بەندی پێشوو دوان لە بارەیانەوە بوو.

٧٢ ـ مەزدا و زاراتوشترا.

٧٣ـ J`am`asp : برای فەرەشوشتەرە و زاوای زاراتوشترە بووە. ئەم دوو برایە لە دەستوەرانی (وەزیرانی) «گوشتاسپ» بوون و Hvogva نێوی خانەوادەییانە.



www.koskikurd.com

## یەسنا ٠هات ٤٧

١

[ئەو کەسەی کە] بە[رەو] «سپەنتەمینۆ*» و دینێ‌ڕاستین، ئەندیشە
و ئاخاوت و ئاکاری نیک بە پێشکەش بێرێت، «مەزدائاهورا» بەرزیی
و ئەمشەیی* و بڕست و پاکدامەنیی پێ‌دەبەخشێت.

٢

ئەوەی ژێۆ «سپەنتەمینۆ» ڤەهترە دەبێت بە گوفتار و مەنشی نیک و
کرداری [پەسەندکراو] بە جێ‌بهێنرێت. بە ئەم [ئەندیشە و گوفتار و
کردارە نیکە]یە کە مەشیە خۆی‌ڕا بە «مەزدا» ـ بابێ‌ڕاستی ـ دەنوێنێت
و [«مەزدا»] دەناسێتەوە.

٣

ئەی «مەزدا»!
تۆی بابی پاکی «سپەنتەمینۆ» ـ کەسی کە ژ پاش پرسش و پرسڤ
بە «ڤەهومەنە»، چارپێی شادی بەخشی ژێۆ مە بەدیدهاورد.
ئەوگاه «سپەنتەئارمەیتێ» ژبەر وی ئارامی‌ی بە کشتزارەکان
بەخشیی(٧٤).

٤

ئەی «مەزدا»!
درۆ پەرستان سەرپێچییان جە [فەرمانی] «سپەنتەماینیە»کرد نە
ڕاستێ پەرستان.
ئەو کەسەی کە بە زۆر و کەم [شادومان] و تواندارە دەبێت
میهرەبانیی بە ڕاستێ‌پەرستان بنوێنێت و ئاکەویستێ درۆپەرستان بێت.

٥

ئەی «مەزدائاهورا»!
تۆ بە دەستیاریی «سپەنتەماینیە»، نوێدی هەرچی کە ڤەهترە بە

---

٧٤ ـ واتە ژێۆ کشتزاری کە لە بەشی چارپێیە و چاریێ تیایادا دەلەوەڕێ.



www.koskikurd.com

# سپیەنتەمەد گاثا

راستیےپەرستانتدا. ئایا درۆپەرست ـ ئەوەی کە بە کردار و مەنشی زشت بەسەری دەبات ـ بیٚ خواستی تۆ جە [پاداشی ئەو نوێدە] بەهرەوەر دەبێت؟

٦

ئەی «مەزدائاهورا»!

بەسێک* کەسانی کە [دەخازن] گرەڤ بە ئایینےراستین بێن، خواستارن ببیستن کە [ژ] هەنگامی ئەروەندی ئاتوردا* بە یاریی «سپەنتەماینیە» و دەستیاریی «سپەنتەئارمەتیے» و «ئاشەڤەهشتە» پاداش و پادئەفرەی راستیےپەرستان و درۆپەرستان چگۆنە دەدەیت.

## یەسنا · هات ٤٨

١

ئەی «ئاهورا»!

کەڕۆژیژمار [وەپێش‌هات و]ڕاستی درۆ بەزاند ـ وەهای کە بە دێوان و مەشیەی [گوناهکار و پێڕۆی درۆ] ئەو سزایەی کە لەمێژە ڕاگەیندراوە، بگات ـ ئەو کەسەی کە نیایشگری تۆیە ژ ئامێزگری بەخشایشت بێت.

٢

ئەی «ئاهورا»!

ئەزڕا ژوەی کە تۆ [لیٚی] بە ئاگایت، ئاگاگەردانکە:

ئایا [لەتوانادا دەبێت کە]بەرژە گەیشتنی ڕۆژیپەسێن و کیفردانی* درۆپەرستان لە جیهانی مێنۆکیدا، پێڕۆیڕاستی [ئالەم جیهانەدا] شکستیی بە درۆپەرست بەخشێت؟

[نیک] ئاشکارە کە [پرسڤی] ئەم [پرسەی] جیهانڕا پەیغامی ڤەهیٖیە*.

٣

ڤەهترین ئامۆژ ژبۆ زانا ئەوەیە کە «ئاهورا»ی ڤەنگەهوخوازی* پاک



www.koskikurd.com

بە نێوانچاکیی دینےڕاستین ئامۆژیدات.

ئەی «مەزدا»!

[زانا دەبێت] بەدەستیاریی مەنەهی مەنشےنیک، پەی یەدەروونی ئایینی [تۆ] بەرێت.

٤

ئەی «مەزدا»!

ئەو کەسی کە گاو* پێڕۆی مەنەهـ و ئوخت و ڤرشتەی* ڤەهـ بێت و گاو دوژمەن* و دوژئوخت* و دوژڤرشت*، دەمیٚ گرەڤ بە ئایینےڕاستین بێنێت و ڕۆژگارێک ڕووەو تکشەی* درۆیین ڕووبێنێت، جە پەسێنڕۆژدا بەخواستی تۆ [لەوانەی کە بە بەهەشت یان بە دڕژەنغوو* دەگەن] جوداکرێتەوە [و ئەوڕا دە هەمەستەکان‌نێن (٧٥) . ]

٥

ئەی «سپەنتەئارمەیتیے»!

[وەهاکە کە] خشەثرەڤەیریانیخاس بە کردار و ئایینےنیک پاشایەتی*کەن.

نەبادا کە خشەثرەڤەیریانی ئەنگرە پاشایەتیمانکەن.

ئەی «سپەنتەئارمەیتیے»!

[وەهاکە کە]ژبۆ مەشیە کەدە و زندەگی ڤەهتر و ژبۆ پەسوان* چەمەن و لەوەڕگەی خۆش بێتەکا.

٦

ئەریٚ [«سپەنتەئارمەیتیے»] خانومانی ڤەهـ و پایەداریی و تونای بەمەدا و «ڤەهومەنە»ی ئەرژمەند* چەمەن* و چراگەی* ژبۆ چارپێیان بەدیدهاورد.

---

٧٥ـ Hamastakan : (برزخ،اعراف)ی ئایینی ئیسلام، شوێنێکە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا.

+ بە (Misvana) ش نووسراوە.

«مەزدائاهورا» لە سەرەتای ئافریدنی* گێتیدا* بە دەستیاریی*
«ئاشەڤەهیشتە» گیاکانی ڕواند [و لەوەرگەکانی ڕاخست] .

٧

ئاگا ئەی کەسانی کە خوازیاری پاداشی مەنشی نیکن! بەدەستیاریی
دینی راستین ـ کە مەردی پاک یاوەریەتی ـ کین لەبەر توڕدەن و ستەم
لەخۆ وەدوورخەن.
ئەی «ئاهورا» !
ئافریدەی وەها کە خاوەنی مەنشی نیکن دەیانەوێت [ئامرتاتانە] لە
سەرای* توودا بژین.

٨

ئەی «مەزدا» !
کامەیە بەخشیشی ڤیچی نیکی تۆ؟ کامەیە پاداشی تۆ؟ ـ ئەریٚ
پاداش ژبۆ من ئەی «ئاهورا» ! ـ کامەیە ئەو دادوەریە ئاشکرایەی تۆ
بە نیٚوانچاکیی «ئاشەڤەهیشتە» ؟ کامەیە ئەو هەڵسەنگاندنەی کردارەکان
بە یاوەریی «ڤەهومەنە» کە بەررۆشنان* ئارەزومەندین؟

٩

ئەی «مەزدا» ! ئەی «ئاشەڤەهیشتە» !
کەی دەزانم کە ئێوە لە گشت کەسێک تواناترن ـ تواناتر لەوەی کە
منڕا بەئازار دەترسێنیٚ ؟ ـ
دادوەریی «ڤەهومەنە»ڕام ئاشکار پیٚبێژەوە!
رزگارکەر(٧٦) دەبێت بزانێت کە پاداشی وی [ژبۆ دین تەشەنەکردن]
چسان* دەبێت.

١٠

ئەی «مەزدا» !
کەی مەشیە ئاشنای پەیامی [من] دەبێت؟
کەی پلیدیی ئەم مەیەڕا(٧٧) ـ کە «کەرەپەن»یەکان(٧٨) لەرووی کین
و ئاهەنگیئاکەوە ، خشەثرەڤەریان و سەروەرانی سەرزەمینەکانی



پیٚ فریٚودەدەن ـ لەنیٚودەبەیت؟

١١

ئەی «مەزدا» !
کەی راستی و پاکدامەنی و نیشتیمانی بەکشتزار نەخشێنراو و
ئاوەدانی و خانومانی ڤەهـ بەدیددێت؟
کامانەن کە بەرابەر بە درۆپەرستانی خوونخۆر ئارامی بە [مەمانان]
دەبەخشن؟
کامانەن کە هەمیسان مەنشی نیک دەناسنەوە؟

١٢

ئەی «مەزدا» !
ئەمانەن(٧٩) ئازادکەرانی نیشتمانان کە بۆ خۆشنوودیی ئایینی تۆ
پیٚڕۆیی ژ مەنش و کرداری نیک و راستی دەکەن. ئەمانە کە لە
ئارابرانی کین [و کورتکەرانی دەستی ستم و زۆرن*] .

## یەسنا · هات ٤٩

١

ئێستا دێرگاهێگە کە «بگندڤە»(٨٠) مەزنترین ناسازگارە بە من
ـ منی کە خوازیارم گومرێیانڕا گەردانی خۆشنوودیی راستیکەم ـ .
ئەی «مەزدا» !
بە پاداشی نیکەوە ڕووەو من بیٚ و پەنا بەخشم بە !
ئەی «ڤەهومەنە» !
«بگندڤە» گرفتاری مەرگ‌کە !

٧٦ ـ «زەرەتوشتەرە» خۆی بە رزگارکەر دەناسێنیٚ.
٧٧ ـ بڕوانە ژ ٣٤ ـ haoma
٧٨ ـ بڕوانە ژ ٣١
٧٩ ـ ئەوانەی کە لە بەندی پێشوودا لە بارەیانەوە دواوە.
٨٠ ـ Bgndva: یەکیٚ لە شارەوانانی «دیوسنا» و لە دوژمنانی «زارا» و ئایینەکەی بووە.



www.koskikurd.com

٢

ئێستێ دێرگاهێکە کە «بگندڤە» ـ ئەم ئامۆژگارە* درۆینەی کە سەرپێچیی ژ راستێ کردووە و جە ئەندیشەیدا نیە رێ بە «سپەنتەئارمەیتێ» بدات ڕووی تێکات و بە «ڤەهومەنە» بکەوێتە داد وستانەوە* ـ لەسەر رێی من ماوە.

٣

ئەی «مەزدا»!
«راستێ» ژبۆ سوود بەخشین جە ئایینی مەدا هاتێیە و «درۆ» ژبۆ زیان گەیاندن جە تکشەی «درۆییندا».
ئارەزوویارم کە [گشت گومرێیان] بەمەنشێنیکەوە پەیوەندکەن.
ئەز [کەسانڕا ژ] ئامیزبوون بە درۆپەرستان وەردەگێڕمەوە.

٤

ئەو ئاکە مەنشانەی کە شڤان نین و لەنێو شڤاناندا بەسەری دەبن و بە زوانیان کێن و ستەم پەروەردە دەکەن و ئاکە کرداریان پترترە، جە رۆژی پەسێندا خانومانی دێو(٨١) ـ کە جێگەی درۆپەرستانە ـ بەشیان دەبێت.

٥

ئەی «مەزدا»!
کامیاریی و گەشەکردن [لەژیندا] ژ بەشی کەسەک بێت کە ڕەوانی بە«ڤەهومەنە»وە ببەستێتەوە و بە نێوانچاکیی «ئاشەڤەهیشتە» و «سپەنتەئارمەیتێ» پێشکەش کرێت.
ئەی «ئاهورا»!
بە [کەسانێواوە] دێمە ڤیچی [مینوکیی] تۆوە.

٦

ئەی «مەزدا»! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»!
ئێوڕا بە گوتنی ئەوەی کە ئەندیشەی ژیرتان [بوێژیەتی] بەجۆشخەم تا دروست بزانم چگۆنە بەری دەئێنەی ئێوەڕا [بەرینکەم].



www.koskikurd.com

٧

ئەی «مەزدا»!
«ڤەهومەنە» و «ئاشەڤەهیشتە» بیستەری ئەم [پەیڤە] بن! خودی تۆش ئەی «ئاهورا» گویٚ فرا بە* ـ کام پێشەوا و کام لەشکری داددەر و [ئایین پەسەندکەرە] کە بە [پەسەندکردنی دین] ئاوازی* ڤەهـ [ژبۆ گرەڤ هێنان بە دینێڕاستین] بەکشتکەران دەدات؟

٨

ئەی «مەزدائاهورا»! ئەی هەمارە* ئامرتات!
ژتۆ داواکارم کە پەیوەندیی شادیبەخشتر بە «فەرەشوشتەر»(٨٢) و «ئاشەڤەهیشتە» بەخشیت و بە من نیشتیمانی مینۆکیی خۆت.
ئەی «ئاهورا»!
من و [فەرەشوشتەر] خواستارین کە بە نێردراوانی تۆ بەژماربێین.

٩

«جاماسب»(٨٣) ـ نیگاوان [و یاوەری دەئێنەیراستین] کە ژبۆ سوودبەخشین ئافریدکراوە ـ گوێی لە فەرمانەکان بێت! راستبێژ بە درۆپەرست نەئامێزرێت و جە ڕۆژی پەسێندا ڕەوانی بەڕاستێپەیوەستان ژ ڤەهترین پاداش بەهرەوە ربێت.

١٠

ئەی «مەزدا»! ئەی توانای زەند!
مەنشی نیک و ڕەوانی پیرۆزیراستی و نیایش و پاکدامەنی و کۆشش لە بارگەی تۆدا چاوودێریکەم تا تۆ بە توانای پایەداری [خۆت] پاسەوانییکەیت.

١١

ئەو کەسانەی کە گەردن ژبۆ فەرمانی خشەثرەڤەریانی ئاکە شۆر دەکەن، دوژمەتە* و دوژئوختە* دوژڤرشتن*!

---

٨١ ـ خانومانی دێو: مەبەست لە (دۆزەخ)ە.
٨٢ ـ بروانە ژ ٧٠. ـ ٨٣ ـ بروانە ژ ٧٣.

[له کۆتایی زندەگیدا] ڕەوانی [گوناهکارانی دی] ئەو پیرۆیانەی
درۆ بە جۆرەها خرۆشی* پلیدییەوە پێشوازی بکرین. ئاشکرایە کە
ئاوانە بە دۆزەخ ـ خانومانی درۆ ـ دەگەن.

١٢

ئەی «ئاشەڤەهیشتە»!
کامیە یاوەری تۆ؟
ئەی «ڤەهومەنە»!
چییە یاریی [و پشتیوانی تۆ] بۆ من کە زەرەتوشتەرەم و تۆ بە
هەمارە یار دەناسێنم؟
ئەی «مەزداهورا»!
ئەز کە بە ستایشەکانی [خۆم] بێژەری ئافەرینم بۆ تۆ، خواستاری
ئەم یاریدەیەم لە تۆ:
ـ ئەو شتەی کە لە بەخشیشی تۆدا [جە گشت شتەک] ڤەهترە.

## یەسنا · هات · ٥٠

١

ئایا [پاش کۆتایی ژین] ڕەوانی من دەتوانێت ژ یاوەریی کەسێک
بەهرەمەند دەبێت؟
ئەی «ئاشەڤەهیشتە»! ئەی «ڤەهومەنە»!
ئەو دەمەی کە من ئێوەڕا بە هەمارە یار دەخوونم، جگە لە ئێوە و
«مەزداهورا» ـ کە بە دروستی ناسراوە ـ کێیە کە [یاوەر و]
نیگاداری منە؟

٢

ئەی «مەزدا»!
چ جۆرە [دۆخی]* کەسی کە خواستاری چارپێی شادی بەخشە و
ئارەزویارە کە ئەو چارپێیە و کشتزار[ی خورەم] ژ بەهری وی بێت؛
کەسێکی کە لە ڕووی دینی ڕاستینەوە دروست زندەگی دەکات، لە



نێوان گەلەکی کە چاویان لە خورشید* بڕیوە؟
تۆ لە ڕۆژی ژماردا جێی ئەوانە جە بەهشتدا ـ سەرای هۆشیاران ـ
دەکەیتەوە.

٣

ئەی «مەزدا»!
ئەوەی بە دەستیاریی «ئاشەڤەهیشتە» و بە نێوانچاکیی
«خشەثرەڤەیریە» و «ڤەهومەنە» نوێدت دا، ژ بەهرەی وی(٨٤) بێت! ـ
ئەو مەردەی کە بە هێزی «ئەشی»(٨٥) [دینێ ڕاستین]ڕا جە سەرزەمینی
هاوسایانێ درۆپەرست [بلاوکراتەوە] ـ و ئارای* [بەهرەوەری
ئاوەدانی دەکات].

٤

ئەی «مەزداهورا»! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»! ئەی «ڤەهومەنە»! ئەی
«خشەثرەڤەیریە»!
ئێستێ ئێوە ڕا ستایشکەرانە دەپرستم تا [پەیکەری] نوێنەری
کردارەکان ـ کە ڕادمەردان لە ئارەزویدان(٨٦) ـ لەڕاهی فەرمانبردەرانی
[ئایینی ڕاستیدا] ڕووە و «گەروێنەمەنە»(٨٧) بوەستێت.

٥

ئەریێ، ئەی «مەزداهورا»! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»!
ژ [بەخشیشی] ئێوە بەهرەمەندبم، چ ئێوە بە پەیام هاوری خۆ
میهرەبانن و بە ئاشکرا یارن، بە یەک تەکانی دەست بەهشت [ڕا] بمە
خەلات دەکەن.

٦

ئەی «مەزدا»!
پەیامبەری نیایشگوزاری [تۆ] ـ «زەرەتوشتەرە»، ئەو دۆستی
ڕاستێیە ـ بانگی بەر هاوردووە:

---

٨٤ ـ لەوە دەکا کە مەبەستی لە «کەی گوشتاسب» بێت.
٨٥ ـ بڕوانە ژ ٢١.



www.koskikurd.com

ـ ببێت کە ئافریدگاری هۆش، بە نیوانچاکیی «ڤەهومەنە»، ئایینی خۆی [را بە من] ئامۆژدات تا زمانم [جگە لە راستی نەزانێت و نەلێت]

٧

ئەی «مەزدا»! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»! ئەی «ڤەهومەنە»!
ئێستیٚ بە[ستایش و] نیایشی ئێوە، ئەسپانی تەکاوەر* و چوست و بەرینبڕ و توانا بە جۆشدێنم تا گردبنەوە و گورج بگەنە فریام.

٨

ئەی «مەزدا»! «ئاشەڤەهیشتە»!
بەو سرووده بڵند ئاوازانەوەی کە بە کۆششی [من] بەدیدار گەیشتوون و بە دەستانی فرازکشاوەوە و نیایشی پاکدامەنان و هەرچییەکی جە هونەری مەنشیەنیک بەژماربێت، ڕوو بەرەو ئێوە دێنم.

٩

ئەی «مەزدا»! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»!
ئەو گاهەی کە دەستم بە پاداشی دڵخواستی خۆم دەگات بەکردار و مەنشیەنیک و پەرستنی ستایش کەرانەوە، ڕووەو ئێوە بێم.
لەمەودوا بکۆشم تا ڤەهـ ئەندیشیش [پیڕۆی دەئێنەی ڕاستینیش] ژ پاداشی نیک [بەهرە] وەرگرێت.

---

٨٦ ـ پاش مەرگ کرداری نیکمەردان و پاکان دەبێتە پەیکەری کەنیشکێکی جوان و ئەو پاکانە ڕووەو بەهەشتیئامرتات ڕێبەری‌دەکات و کرداری درۆپەرستان دەبێتە پەیکەری پەتیارێەکی زشت و(ناشرین ـ ئەهریەنی ـ درنج ـ بەدکار) ناشیرین و دەیانکێشێتە دۆزەخەوە .
٨٧ ـ Garzaman ـ جیهانی بەرین : بەهەشتیئامرتات ـ جێیەگای فرۆکی(نور) بۆ «مەزدا ئاهورا».
+ ئەز لەشوێنی (گەرزەمان)ی نووسراوە فارسی‌یەکە واژە ئاڤێستاییەکەم بەکارهێناوەتەوە واتە (GaruNemana) کە یەکسانە بە (بڵندترین پلەی بەهەشت)، شێوەی لە زمانی پەهلەویدا گۆڕاوە بە ( گەرەزمان ـ گەروسمان ـ گەروزمان ) و لەهەمان کاتدا بە واتەی تەختی شایەتی (عرش)ش بەکارهاتووە.

گەروزمان= عرش(عەرەبی) ، گەرەزەن= تاج(عەرەبی) .



www.koskikurd.com

١٠

ئەی «مەزدائاهورا»! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»! ئەی «ڤەهومەنە»!
هەر ئەو کردارە ڤەهەی کە وەرزیومە* و ژیۆی دەوەرزم و هەرچییەکی [لە گێتیدا] بە دیدەکانی [من] ئەرژدار و [جوان و خۆش ئەندامە*]، وەک فرۆکی [تابانی*] خورشید و سپێنەی بەرەبەیانان، گشتی ژیۆ نیایشی ئێوەیە.

١١

ئەی «مەزدا»! ئەی «ئاشەڤەهیشتە»!
خواستارم کە بە ستایشگری ئێوە بناسرێم و تا ئەو دمەی کە یاری تاو توانم هەر وەهابم.
داددەری* جیهان جە مەنشیەنیکەوە وەهاکات کە [جیهانیان] ئەوەی بەخواستی وی سازگارترە، دروست بەجیٚبێرن.

# ڤەهوخشتەر گاثا



## یەسنا · هات ٥١

١

ئەی «مەزدا» !
ڤیچےڤەهے پەسەندکراوی [تۆ] (شایەنترین بەهرەی راستی) جە بەشی کەسێک دەبێت کە کۆشش‌کات تا ژ کردارەکانیدا ڤەهتری بەجیٚ بێنیٚ.
ئێستا لەسەرئەوەم کە ئەم خواستەی [کەسان]ڕا بێنمە دیتن.

٢

ئەی «مەزدائاهورا» ! ئەی «ئاشەڤەهیشتە» ! ئەی «سپەنتەئارمەیتے» !
جیهانی [مێنوکی]تانڕا ـ کە سامانے ئێوەیە ـ بەنێوانچاکیی «ڤەهومەنە» بە من و هەر کەسێکی کە نیایشگری [ئێوە]یە، بنوێنن.

٣

ئەی «ئاهورا» ! ئەی «ئاشەڤەهیشتە» !
گوێیانتان دەبیٚ بەکەسانێک بێت کە ژپەیڤ و کرداردا پەیوەستەی فەرکایشەکانے ئێوەبن.
ئەی «مەزدا» !
تۆ و «ڤەهومەنە» بەرترین ئامۆژگەری ئەوانەن.

٤

ئەی «مەزدا» !
رەنج دیدەکان لە کویٚ پاداش و پەتیتە* وەدەستبێنن ؟ [مەشیە] لە کویٚ دەمسازی «ئاشەڤەهیشتە» و «سپەنتەئارمەیتے» و «ڤەهومەنە» و «خشەثرەڤەیریە»ی تۆ دەبن؟

٥

گەر ڤەرەزەنوی* ڤەهـ پەیڤے هۆشیار، ئەو کەسەیڕا کە دادوەریی* نیوان [ڤەهـ ئەندیشان و ئاکە کرداران]ی بە دادگەری* زانای



www.koskikurd.com

دروستکردار(۸۸) بسپارد، نیایش کات، بە راستی جە [پاداشی رۆژی
پەسێن و بەخشایشی «مەزدا» بەهرەمەند دەبێت.

٦

«مەزدائاهورا» جە کۆتایی گەردی گەردووندا، ئەوەی ژ ڤەهـ ڤەهتەرە
بە کەسێک بەخشندەیەتی کە خواستی وی وەبەربێنێت و ئەوەی جە ئاکە
ئاکەترە بە کەسێک دەدەیەتی کە خۆشنوودی نەکات.

٧

ئەی ئەوەی کە جانوەران* و ئاوان و گیایانت ئافریدکرد!
بەدەستیاریی «سپەنتەمینۆ»، بەخشندەی ئامرتاتیی و زەندیی بە من.
ئەی «مەزدا»!
بە نێوانچاکیی «ڤەهومەنە» توان و پایەداریی لە دادوەریی
واپەسیندا بە من بەخشە.]

٨

ئەی «مەزدا»!
نووکە ژ دوو شت دەدوێم ـ کە دەبێ ئەوەرا بە [هەرا] زانایەک
بگوترێتەوە ـ:
ـ ئەو خۆشیەی کە بە راستیپەرست دەگات و ئەو ئاکەییەی کە ژێو
پێڕۆی درۆ [دەبێت.]
ئەرێ پەیامبەر شادە کە [بتوانیت] دینرا بە[هەرا] زانایەک
بنوێنێت.

٩

ئەی «مەزدا»!

۸۸ ـ ئەو دادگەرە (عادلە) زانا دروست کردارەی کە لە رۆژی پەسیندا پاداشی نیک ئەندیشان و پادئەفرەی «عقاب» ئاکە «بەد» کرداران دەدا «زەرەتوشتەرە» خۆیەتی.

+ لە خوێندنەوەی مێژووی دینەکاندا وەدەردەکەوێت کە ئەم ئەندیشەیە (کە بێغەمبەر لە رۆژی پەسیندا ئامادە دەبێت و بەشداریی دادگەریی دوارۆژ دەکات) وەک فرە شتی تری گاتاکان (کۆنترین بەشی ئاڤێستا) لە دینەکانی پاش (زارا) رەنگی داوەتەوە.



ژ ئەو سزایەی کە بە ئاتوری* دەرەخشان و ئاسنی تواوە(۸۹) بە دوو
دەستەی [مەزدا پەرستان و دێو پەرستان]ی دەدەیت، نیشانی بخەرە
گیانانەوە: سوود ژێو پێڕۆی راستیە و زیان ژێو پێڕۆی درۆ!

١٠

ئەی «مەزدا»!
جگە لە «کەڤی»(۹٠) کە زادەی «ئەهریمەنە» و ئاکەخوازی مەشیەیە چ
کەسێ خوازیاری تەباهکردنی [کار]ی منە؟ «ئاشەڤەهیشتە»را رووەو
خۆ دەخووم تا بە پاداشێنیک لە پێی دەربێت.

١١

ئەی «مەزدا»!
کێیە ئەو مەردەی کە دۆستی «سەپیتەمە زەرەتوشتەرە»یە؟
کێیە ئەوەی کە پەندی دەئێنەی راستین پەسەند دەکات؟
کێیە ئەو دروست کردارەی کە جە مەنشێنیکەوە دەئەندیشێتە ئایینی
موغ*؟
کێیە «سپەنتەئارمەیتێ»؟

١٢

کۆیلەی منداڵ بازی (کەڤی)(۹۱)«زەرەتوشتەرە سەپیتەمە»ی کە جە
«پەرتوزەمو*»دا(۹۲) ئەسپەکانی لەسەرمادا دەلەرزین [و ناچاری
لادانبوو] خۆشنوود نەکرد [و پەنای نەدا].

١٣

بەم شێوەیە مەنەهێ* درۆ پەرست(۹۳) پاداشی ئاشکرای رێی راستی
لە خۆ تەباهکرد.
روانێ جە هەنگامی ئاشکرابوونی کردارەکان، لەسەر پولی*
«چینڤەت»(۹٤) هەراسان بێت، چ بە کرداری زیان [هاوری] خۆی لە
رێی راستی گەڕایەوە.

۸۹ ـ بڕوانە ئەروەندی ئاسن ـ ژ ۲.

۹٠ ـ بڕوانە ژ ۳۲



www.koskikurd.com

## ١٤

«کەرەپەن»یەکان ژێر ئازاری کە ژ ڤچ و کرداری خۆدا بە چارپێیانی دەگەیەنن فەرمانبری دەستوور و دادی وەرزێری نین.

ئەی «مەزدا»!

ئەو دادوەریەی [ڕا] کە پاشان دەر [بارەی] خانومانی درۆ دەیکەیت، ئێستێ بەچیی بێنە.

## ١٥

موزدو [پاداشی] کە «زەرەتوشتەرە» ژبۆ «موغان»(٩٥) [و پێڕۆیانێ دینێڕاستین]ی نوێدا [گەیشتن بە] گەرونیمەنەی [ە](٩٦) ــ [ئەو جێگایەی کە] بەرترینبار «مەزدائاهورا» تێیدا پەیدابوو و [پرتەوی پڕاند.]ــ

ئەیەس ئەو رزگاریەی کە من ژ پرتەوی مەنشێنیک و ڕاستێیەوە بە ئێوەی نوێد دەدەم.

## ١٦

«کەیڤیشتاسپ»(٩٧) بە خشەترەڤەریەیی [خۆیەوە] ئایینی «موغانی»

---

٩١ ـ مەبەستی لە یەکێ لە ژێر دەستەکانی «کەڤی»یە.

+ لە نووسراوە فارسیەکەدا «چاکەری فرومایە»ی بەکار هێناوە = «کۆیلە بێ ئەخلاق» و ڕوون‌دەکاتەوە و دەڵێت: ئەو وشەیەی کە لە ئاڤێستاوە وەرگێڕدراوە بۆ (چاکەری فرومایە) لە ڕاستیدا واتەی (غلام بارە= منداڵ باز)دەدات، و بێ‌سوودنابێت گەر بڵێین کە سزای منداڵ بازیی لە (ئایینێ زارا)دا مەرگە بێ یەک‌و دوو.

٩٢ ـ نێوی شوێنێکە کە زارا پیایادا تێدەپەڕی.

+ ئەز واژە ئاڤێستای‌یەکەم بەکارهێناوەتەوە لە بری (گذرزمستان)ی دەقە فارسی‌یەکە

ـ پەرتو= تێپەڕگە= پەر(par)+ پاشگری «تێ»(to)= پەرتێ= تێپەڕ

ـ زەمو(zamo)= زستان، زمستان

٩٣ ـ مەبەستی هەمان نۆکەرەی «کەڤی»یە.

٩٤ ـ بڕوانە ژ ٦٢

٩٥ ـ نێوی پێشەواکانی ئایینی زەردەشت «موغان» بووە، بەڵام لە وێژەوانی فارسیدا بە گشت پێڕۆوانی ئایینی زەردەشتییان گوتوە موغان.

٩٦ ـ بڕوانە ژ ٨٧ . ـ ٩٧ ـ بڕوانە ژ ٩.



پەسەندکردو ڕێگەی منشێنیک و ئامۆژەکانی «مەزدائاهورا»ی پاکی ڕاستێئەندیشی هەڵبژارد.

بەم شێوەیە کار بەکامی مە ئەنجام دەگرێت.

## ١٧

«فەرەشوشتر هڤۆگڤە» پەیکەری مەزنی بە من بنوێنە(٩٨).

«مەزدائاهورا»ی توانا ئەوەی ڕا کە خۆی خواستاریەتی ژبۆ دینێنیکی خۆی بەئەو بەخشێت تا بەشداری تواناگریی ڕاستێ بێت.

## ١٨

«جاماسب هڤۆگڤە»(٩٩) ئەم ئایینی [ڕاستینە]ڕا وەک توانایەکی [کە جە] وز [ەی ئەیزەدی بەر دەگرێت] بۆ خۆت هەڵبژێرە. ئەرێ ئەو وەدەست‌هێنەری سەرزەمینی «ڤەهومەنە»یە.

ئەی «ئاهورا»!

ئەم خەڵاتە بە من‌کە، کە ئەوانە لە پەنای تۆدابن (١٠٠).

## ١٩

«مەدیومە سەپیتەمان»(١٠١) ژ پاش وەی کە [خۆی] لە دەروونی‌دا ئەو کەسەی ناسییەوە کە لە جیهاندا تێدەکۆشێت(١٠٢)، لەسەر ئەوەیە کە ئەوەی جە ئایینی «مەزدا»دا ژیارەی کردارەکانی ژینەوە بە ڤەهتر دەبینێت [بە مەشیەی ئامۆژدا و ئەوانی لێ]بە ئاگابێنێت.

## ٢٠

ئەی کەسانی کە هەمو بێکەوە هاوکامن(١٠٣) بە «ئاشەڤەهیشتە» بە «ڤەهومەنە» بە «سپەنتەئارمەیتێ»!

کە لە هەنگامی نیایشدا ستایشتان دەکەین بەشایەنی ئەم بەخشیشەمان بزانن، «مەزدا» بەو شێوەیەی کە نوێد دراوە یاریی* بەخشێت.

## ٢١

مەردی کە لە پاکدامەنیدا پاک‌گەردبێت و جە ئەندیشە و ئاخاوت و کردار و دینیدا گەشەپێکەری ڕاستی بێت [و دەئێنەی‌ڕاستین تەشەنە



www.koskikurd.com

کات.] «مەزدائاهورا» بە نیوانچاکیی «ڤەهومەنە» جیهانی [مینۆکی خۆی ڕا] بەو مەردە خەلات دەکات.
ئەم پاداشە نیکە ئارەزو دەکەم.

۲۲

«مەزدائاهورا» ئەو کەسەی ڕا کە ستایشی لەڕووی ڕاستیەوە ڤەهترە، دەناسێت.
ئەوانەی کە بوون و هەن بەنێو ستایشیان دەکەم و بە درود لێیان نێزیک دەبمەوە.

---

۹۸ ـ مەبەست لە کیژی «فرەشوشتەرە»یە کە زارا بەهاوژینی خۆی پەسەندکردوە و هەلیبژاردووە، نێوی «هڤۆڤی ـ Hvovi» بووە.
۹۹ ـ بڕوانە ژ ۷۳.
۱۰۰ ـ جاماسب و یاوەرانی دیکەی مەزنی دین.
۱۰۱ ـ Madyum`ah لە خانەدانی سەپیتەمان (خانەدانی زەردەشت) و بەپێی چیرۆک و داستانەکان پسمامی بووە و بە یەکێک لە بەرترین یاریدەرەکانی دینی «زەردەشت» بە ژماردێت.
۱۰۲ ـ مەبەست لە«زارا»یە.
۱۰۳ ـ مەبەست لە جیهانی فریشتانە (ئیمشاسپەنتان).



www.koskikurd.com

# ڤەهیشتویەشت گاثا

# یەسنا · هات ٥٣

١

ڤەهترین دارایی بەدیکراو جە بەشی «زەرەتوشترە ئەسپیتەمانە» کە «مەزدائاهورا» ژ پرتەوی ڕاستےیەوە پێی دەبەخشێت: شادیی ژینےخۆشی ئامرتات.

[«مەزدا» ئەم پاداشەڕا] بەو کەسانەش دەبەخشێت کە ئوخت و کردەوەی دینےنیکی فێردەبن و بە کاردەبەن.

٢

[یاوەرانی دەئێنەی ڕاستین وەک] «کەی ڤەهیشتەئەسپە»(١.٤) و پسی* «زەرەتوشترە ئەسپیتەمان» و «فەرەشوشتەر»(١.٥) کە بە مەنەهـ و ئوخت و کرداری [ڤەهـ «مەزدا»ڕا] خۆشنوود دەکەن و شادمانانە بە نیایش و یەزشنے* هەڵدەستن و ڕێی ڕاستی ئەو دەئێنە ئازدکەرە نےکراوەی «ئاهورا» دەڕازێننەوە، [لە خۆری] هەمان پاداشی مێنۆکیدان.

٣

ئەی «پووروچیستەی»ی(١.٦) جە تیرەی «هەچتەسپ»(١.٧) و خانەدانی «سەپیتەمانە»(١.٨)! ئەی جەوانترین دوێتی «زەرەتوشترە»!

ئەم [مەردە](١.٩) جە مەنەهے ڤەهـ و ڕاستی ئەروەندکراوەم ئەڕای پەیوەندیی بە تۆوە هەڵبژارد. تۆ خۆت پرسەری ڕێبە جە هۆشت و پەندوەرگرە و پاکدامەنی و نیک ئەندیشیی خۆت بەجێبێنە.

---

١.٤ ـ بڕوانە گوشتاسپ ژ ٩، + لێرە نێوە ئاڤێستاییەکەم بەکار هێناوە.

١.٥ ـ بڕوانە ژ ١.

١.٦ ـ Pouruçista پچوکترین کیژی زارایە، کە ئەم بەندە لە بارەی بەشودانی دەدوێ.

+ ڕوون و دیارە کە زەردەشت لەم بەندەدا ئازادیی هەڵبژاردنی مێردی بەکیژەکەی داوە و مەبەستیشی لەمکارە ئەوەبووە کە کیژی خۆی بکاتە نموونە و پەندێک لەنێو کۆمەڵدا.

١.٧ ـ بڕوانە ژ ٦٧

١.٨ ـ بڕوانە ژ ١٤

١.٩ ـ مەبەست «جاماسپە» کە زارا بە زاوا پەسندیکردووە .



www.koskikurd.com

٤

ئەرێ بە دڵگەرمییەوە ڕابەری «پووروچیستە» بە دین دەکەم تا باب و مێرد و وەرزگران و ئازادان بتوانن لەو پاکدینے پاکدینانە خۆشنوود بن.

«مەزدائاهورا» ئەڕای دینےنیک [و پایداری] تا ئامرتات بەشایەنی پاداشی درەخشانی مەنشےنیکے دەزانێت.

٥

[ئەی «جاماسپ»! ئەی «پووروچیستە»!] پەند و گوتەی بە ئێوە و گشت کەنیشکانی* ڕووەو شووڕۆی دەڵێم، بسپێرنە یاد و جە دەروونداا نیگایاریبن تا ژ کۆشش بۆ گەیشتن بە ژیانی [ئامرتات و شایستەی] مەنەهےنیک بەکارتان بێت:

ئێوە دەبێ لەکاری دینےڕاستیندا پێش یەکتر بگرنەوە و خوازیاری بەرتریبن، چ مایەی ڕزگاریی و شادمانیی و پاداشی مێنۆکی لەمەدایە.

٦

[ئاگا ئەی مەردان و ژنان!](.١١)

[بزانن:] هەر ئەو فراوانیی [و شادکامیەی کە ئەوڕۆ] لەکن پیڕۆیانی درۆ دەیبینن [جە ڕۆژی پەسێندا] لێیان دەستێندرێتەوە و ئارامی [و خۆشییان لێ]دەبڕێ و لەبۆ ئەو درۆ پەرستانەی ئایینی ئازار جگە لە وای و درێغ و خرۆشی دۆزەخی چےدی نابێت!

ئێوە[ش گەر وەک درۆ پەرستان ڕەفتارکەن] ژینی مێنۆکی داهاتووتان بە دەستانی خۆ تەباهـ دەکەن.

٧

تا ئەو هەنگامەی کە کۆشش و جۆشش [لە] ڕاهی دین پەروەریی و ئایینی پژێنیی لە ڕەگ و خوونتاندا بێت موزد [و پاداشی نیکی]

---

.١١ ـ ئەم بەندە لە زمانی جاماسپەوەیە.

ئایینی موغ ـ [جه ڕۆژی پەسێندا] کە ڕەوانی درۆپەرست [لە گرانیی باری گـوناهـ] بە پشـتی چەمـاوەوە بەکنارتاندا تیٚ دەپەریٚ و لـە ئارا دەبریٚت ـ لە بەشی خۆتان بزانن.

گـەر ئەورۆ ئایینیـموغ ڕا بـە پست* بزانن [و ڕوو جـە درۆپەرسـتـان کەن] سبەی بانگی درێغا و ئەفسوستان لێوە هەڵدەستیٚ.

٨

وەدیبێت کە مەزدا خشـەثرەڤـەریانی ڤەهـ [بەربژارخات و بەهێزیان] ئاکـەکـرداران ڕا ـ کە فـرێودراون [و لەو جـیـهـانەی دیدا بە پادئەفرەی* کرداری ناپاکیان ئازار دەبینن و ناڵەو و] خرۆشیان لەبەر هەڵدەستێت ـ [لەم جیهانەشدا] شکەستدات و گزند[یان] [پیٚ بگەیێنێت.]

[وەدیبـێت کـە «ئاهورا» بە هـێزی خـشـەثرەڤـەریانی وا]بە گـوندان ئارامی و شادکامی بەخشێت.

زوو ڕوودات کـە [مـەزدا] ـ ئەوەی کـە جـە گـشت مـەزنتـرە ـ [درۆپەرستان]ڕا گرفتاری زنجیری مەرگ و ڕەنج کات.

٩

ئەو ئاکـەتکشانەی کـە خواسـتـاری بە زەبون* داناِنی ئـەرژمـەندان و پەسـەندکـراوان و بە پـست* ئەژمـاردنـی ئایینی [راسـتـین] سـزاواری تەباهی و سزای سەختی [ئەو جیهانەی دیکەن.]

کـوانیٚ ئەو دادگـر [و خـشـەثرەڤـەریە] دروست کـردارە[ی کـە لەم جیهانەدا] ، ژیان و ئازادیی [درۆپەرستان] دەگرێتە چەنگەوە [و ڕام* و فەرمانبریان کات] ؟

ئەی «مەزدا» !

توو ئەوەیت کـە شایسـتـەیی و توانـایی [هێنانەدی خشـەثرەڤـەریەکی دادگـری وەهاو] و ڤـەهرۆژی بـەخشین بەبیٚ نەوایانی* دروستکـردار لە ئارەزوت دایە.



# یه سنا

www.koskikurd.com

لەسەرەتای «گاثاکان»دا لەمەڕ «یەسنا»وە دواین و لێرەشدا هەوڵ دەدەین کە هەندەکی‌دی باسی کەین تا خوێنەر ئاشناتربێت.

«یەسنا» یەکێ لە دێرینترین بەخشەکانی نامەی مینۆکی (ئاڤێستا)یە کە خودانی (٧٢) بەخشە و هەر یەک لەم بەخشانە لە ئاڤێستادا«Haiti» و لە پەهلەوی و فارسیدا «هات» یاخود «ها»ی پێ‌دەگوترێت.

گوتمان کە «گاثاکان» (١٧) هاتن لە (٧٢) هاتەکەی «یەسنا» و ژبەر جیاوازی زمانی چەکامەکانێ (شیعرەکانی) و خودی چەکامەبێژەکەی (شاعیرەکەی) کە «زەردەشت»ە هەمیشە وەک بەشێکی جیاواز نێو براوە.

لە (١٧) هاتی «گاثاکان» و بەندەکانی هەریەکیان، لەسەرەتای ئەم پەرتوکەدا دواین و لێرەدا نیازتیە کە دووبارە بکرێتەوە.

لە (٥٥) هاتە ماوەکەی «یەسنا» هەفت هاتی [1]٣٥ تا ٤١ کە بە «haptang haiti» نێودەبرێ] جوداکراوەتەوە چونکە هەمان زمانی «گاثاکان»ی هەیە بەلاّم پەخشانە و گوماندەکری لە زەمانێکی نێزیک بە زەمانی نیگارکردنی «گاثاکان» نووسرابێت.

بەشێ لە جستوجۆکەران (باحثین)، هاتی (٤٢)ش بە تەواوکەری ئەم هەفت هاتە دادەنێن بەلاّم زەمان و باسی بەو هەفت هاتە یەکسان نی‌یە. و دەبێ زەمانی نیگارکردنی ئەو ڕا بە پاش‌دەمی ئەو هەفت هاتە بزانرێت.

ئەم (٨) هاتە (٣٥ ـ ٤٢) دەنێوان هاتی ٣٤ (کۆتایی«ئەهونەڤەد گاثا») و هاتی ٤٣ (سەرەتای«ئەشتەڤەد گاثا») شوێنیان گرتووە.

هەروەها هاتی ٥٢ لە نێوان (٤)مین و (٥)مین گاثادا جێ‌گیرە و «هۆشبام»ی نێوە و نیایشێکە (دوعایەکە) کە لە هەنگامی بەرەبەیاناندا دەخوێندرێتەوە.

باسی هاتەکانی «یەسنا» ستایش (مدح) و نیایشی «ثناء» «ئاهورامەزدا» و «ئەمشاسپەندان»، «ئەیزەدان» و ئافریدە ئاهورایەکانی دیکەیە.

مە لەنێوان (٥٥) هاتی «یەسنا» سێ هاتی (٩ و ١٠ و ١٢) دەمان هەلبژاردووە و داڕێژی ئەم پەرانەمان کردوون. باسی ئەم سێ هاتە داستانی‌تر و شیرین‌ترە و ژبۆ خوێنەرێکی تینوی خوێندنەوەی گوڵبژارێکی «ئاڤیستا»، دلگیرترە لە هاتەکانی دیکەی «یەسنا».

لە هاتەکانی ٩ و ١٠دا گیای «هەومە»ی(homa ) سپەنت (مقدس) کە لەئەنجامی گوشینیدا جۆرە مەیەک وەدەست‌هێنراوە و لە جێژن و مەزنگریە(مراسیم) دینی‌یەکاندا نۆشراوە، شالودەی(طرح) باسەکەیە.

لە «گاثاکاندا» دیتمان کە خودی زەرتەشت ئاشی «هەومە» نکۆ(ذم ـ زەم) دەکات، بەلاّم پاش نەمانی پێڕەوەکانی ئارەزوی نەریتە مێژینەکانیان کردۆتەوە و هێناویانەتەوە گۆڕ و بە ئایین(قانون) و دینی زارای ڤەخشۆر(پێغەمبەر ـ ئەم نێوە تایبەتە بە زەردەشت و بۆ پێغەمبەرانی دیکە بەکارنایەت) ئامێزراوە، بەوچەشنە هەوم نەک تەنها لە نکۆیی ڕزگاری‌بووە بەڵکو روخساری ئەیزەدێکی توانای لێ‌نراوە و بۆتە ڕووگەی دەستی فرازکێشراوی خواستەری یاریدە و نیگاوانیی.



ئەوەی لەگشت پتر لە نیگاری ئەم دووهاتەدا بەردیدە دەگرێ جوانیی و ئەندیشەگیری چەکامانەیەتی(شاعیرانەیەتی) و هەستی ناسک و سەرشاری(پڕ) تام و سۆزی چەکامەبێژانیەتی و ئەمە لەخۆیدا بۆ خوێنەرێکی کە پاش چەندان سەدەی دوور و درێژ ڕوویەڕووی ئەم نووسراوە کۆنە دەبێت و پەی (پەی‌بردن = درک(ع)) بە جوانی ئەندیشەی نیگارکەرانی دەبات، هەست بە شادمانی و خۆبینی (غرور) دەکات.

لە هاتی (١٢)دا یەکی لە پێڕۆانی ئایینی «مەزدا» لە بارەی فەرمانبەری و پێڕۆیی و پاکدڵی خۆی دەسەلمێنێتەوە و بۆ ئەوەی کە لە ڕێی نیکی و خۆشی سەرئەنجامی پاکی و ڕاستیدا گامێکی* جێ‌گیری هەبێ، سوێند* دێنێتەوە یاد.

لەم شوێنەدا باس هەموی لە بارەی ستایشی پاکی و ڕاستی و جوانی و ژیان و ئازادی و نکۆی پلیدی (پیسی) و درۆ و زشتی و کینە. مەردی «مەزداپەرست» بە زمانێکی کارەنگ (بلیغ) دووپاتی دەکاتەوە کە خودانی ئەندیشە و پەیڤ و کرداری نیکە و پەیوەندیی خۆی بە گشت دیوان و ناپاکان و درۆزنان دەپسێنێ. بە دڵێکی پاکەوە دەڵێ کە ڕێز لە ئازادی و گیان و دارایی کەسان دەگرێ و جگە لە ڕەوشتی ڤەهـ و پاک بەرابەر بە مەشیە (خەڵک) هي ڕەوشتێکی دی نەگرێتە خۆ.

مەزدیەسنے(مەزداپەرست) باوەڕی بە ئایینێک هەیە کە بە ئاوان و گیایان و زەمین و ئاسمان و مرۆڤ و ئاژەڵ بایەخدەرە و هیچ ئافریدەیەکی (مخلوق(ع)) نیکی بە بێهۆ (عبث) نابینێت.

سەرئەنجام ... لە کۆتایی ئەم هاتەدا دەبینین کە مەردی «مەزداپەرست» لە جیهانی (...٣) سال پێش ئەمرۆدا باوەڕی بەئایینێک هەیە کە ئامرازی جەنگی لە کنارێکدا هەلسباردووە و ئاهەنگی دڵگیری ئاشتی لە نێوان ئافریدەکاندا کرۆتە سروود.

خوێندنی ئەم هاتە ژبۆ هۆشکردنی (درک) چۆنیەتی ئەندیشەی باپیرانی ڕێزمەندمان لە بارەی ئایینێکی کە دەبێ لە ژیندا باوەڕیان پێ‌ی هەبێ، گەلێ سوودمەندە.

لە کۆتایی ئەم یادنامەیدا خراپ نی‌یە گەر هەندەک لە بارەی واژەی (وشەی) «یەسنا»وە بدوێین.

لە « ئاڤێستا »دا بە Yassna و لە « سەنسکریتے »دا بە Yajna و لە پەهلەویدا بە Yazasn نووسراوە کە واتەی «ستایش و پەرستن»دەدات. ڕەگی ئەم واژەیە لە «ئاڤێستا»داYazl و لە «سەنسکریتے»دا Yaj و لە پارسی کۆندا Yad و لە پەهلەویداYastan یا Yazitan ە.

لە فارسیدا لە ڕەگی ئەم وشەیەوە «یەزد» و «ئەیزەد» و «یەزدان» (کە کۆی «یەزد»ە = «ئەیزەد» ئەما بە شێوەی تاک بەکاردێت» ماوە و بەکاردێت ( لە کوردیشدا وەک فارسی ئەم وشەیە بەهەمان شێوەی نادروست بەکاردێت ئەمرۆ)هەروەها واژەی «جەژن ـ جەشن» لە -Yasna)ی ئاڤێستاوە، مایەی گرتووە چونکە گشت جەژنە گەورەکانی ئێران ( واژەی ایران گۆڕاو و پاشماوەی واژەی «ئەرینە ڤەئیچە»ی ئاڤێستایە کە نێوی نیشتیمانی خودی زەردەشتە و وەک واژە = ولاتی نەجیبان و دەنگی «ئەرین» لە فرە زماندا گۆڕاوە بە «ئاری» بەلاّم لە کوردیدا وەک نێو تا ئەوڕۆ لەکاردایە) دینی بووە و واتەی ستایش و پەرستنی دینی هەبووە، و ئەم



www.koskikurd.com

واژەیەی کـە پاشـان وای لێ هاتووە بۆ گـشت ئاهەنگ و زەمـاوەند و خۆشییەک بەکاریێت پاشماوەی ئەو رۆژگارانەیە.
تا ئەمرۆ لە گەلێ وشە و نێوی کە تەنەوە ئێرانییەکان بەکاری‌دێنن ڕەگو ڕیشەی «یەسنا» بەرچاو دەکەوێت وەک (یەزدگرد = یەزدەگرد) و «یەزدخواست» یا «ئەیزەدخواست» و «یەزد ئاباد» ... هتد.

* بەخـراپی نازانم گـەر بارەکی‌دی بەخـوێنەرانی ئەم کـارە ڕاگـەیێنم کـە مـن بەپێی توانا هەوڵمداوە کە واژەی ئاڤێستایی بەکاربێنمەوە کە لە خودی کارە فارسیەکەدا بەهیچ شێوەیەک بەکارنەهاتوون و هەوڵیشم داوە لە هەندێ شوێندا هەندێ شت پتر ڕوونکەمەوە.
* گام ـ (پەهـ gam) = هەنگاو.
* لەمـێژبوو بیـرم لەوە دەکـردەوە کـە کـورد بۆچی سـوێند دەخـوات، هەرچەندم دەکـرد چ پەیوەندیەکی نێوان (خواردن) و سوێندم پێ‌پەیدا نەدەکرا تا دەستم بە زەردەشتیەت و ئاڤێستا خوێندنەوە کرد، ئەمەش هۆی ئەو خواردنەیە.
سـوێند = لە ئاڤێستـادا بە «سەئوکێنتە» نووسراوە بەواتەی گۆگرد (کـبریت) کە جۆرە ئەروەندێک (امتحان)بووە کردویانە بۆ کەسێکی کە بیانەوێ بزانن گوناهکارە یان نا.
ئەروەندەکـە بەم شێوەیە بووە: گۆگـردیان تێکەڵ بە ئاو کردووە و داویانە بەو کـەسەی کـە گومانی لێکراوە گوناهکاربێت و تەماشایان کردووە کە ئەو تێکەڵە چۆن کار لە لەش و ڕەنگ و ڕووی دەکات و بەپێی ئەو کارتێکردنە بڕیاری تاوانباری و بێ‌تاوانی ئەو مەردە دراوە.
بۆیە ئێمە تا ئێستا سوێند دەخۆین واتە گۆگرد دەخۆین واتە ئامادەی ئەو ئەروەندەین بۆ سەلماندنی ڕاستی و ڕاستگۆییمان.



## یەسنا ٠ هات ٩

١

سپی‌دەمان* کـە «زەرەتوشـتـرە» ئاتورداني* پـاک دەکـــردەوە و [دەیرازاندەوە] و سـروودی دەخـوێند، «هەوم»(١١١) بـەرەو وی هـات.
«زەرەتوشترە» لی‌ی پرسی:
کـێیت ئەی مـەردی کە بە گیـانی درەخشان و ئامرتاتی خۆتەوە بە نیکۆترین [پەیکەری] کـە جە سەراسەری جیـهـانی خاکیـدا [دیتومە] دەبەر دیدەکانمدا نمایان بوویت؟

٢

«هەوم»ی دوور دارندەی مەرگ(١١٢) پرسڤـێ داوە:
ئەی «زەرەتوشترە» !
ئـەز «هـەوم»ی پاکی دوور دارنـدەی مـــەرگم. چەنـگم ژبـۆ بێنە و ئامادەی نۆشینێ کە!
ئەی «سەپیتەمان» !
من‌ڕا وەها ستـایشکە کە لەمەو پاش «سوشیـانەتە»کان(١١٣) ئەمن‌ڕا ستایش‌کەن.

٣

«زەرەتوشترە» گوتی:
درود بۆ [تۆ ئەی] «هەوم» !
ئەو کەسەی کە بەرترین* بار* لە جیهـانی خاکیدا تووی ئامادەکرد کێ‌بوو و چ پاداش و نیک بەختییەکی پێ گەیشت؟

٤

«هەوم»ی پاکی دووردارندەی مەرگ پرسڤی‌داوە:

١١١ ـ لە پێ‌پەڕی بەندی ١٤ یەسنای ٣٢ باسی «هەوم»مان کردووە. لێرەدا هەوم بەشێوەی پەیکەری مەردێک خۆی بە زارا نیشاندەدات.
١١٢ ـ مەرگ دوور ڕاگری و مەرگ دوورخستنەوە ڕەوشتی هەوم.
١١٣ ـ ڕێ‌نیشاندەران و ئازادکەرانی دینی ڕاستین لەکۆتایی گەردی گێتیدا.



www.koskikurd.com

بەرترین بار «ڤیڤەنگهان» (١١٤) منی لە جیهانی خاکیدا ئامادەکرد و بە پاداشی [کرداری] ئەم نیک بەختیەی پێ گەیشت کە بووە خودانی پسێک: «جەمشید» (١١٥)، ئەو دارندەی گـەلە* و ڕەوەی خـــاس و شکۆمەندترین کەسی کە ژ نیوان مەشیەدا زادەبووە*؛ ئەوی کە چاوانی چەشنی خورشید بووە، ئەوەی کە لە هەنگامی* خشەترەڤەریەیی خۆیدا جانەوەر و مەشیەی بێمەرگ و ئاوان و گیایانی بێ وشکی و خۆراکی تەبر کردووە.

٥

جە (هەنگامی) خشەترەڤەریەیی [جەم]ی (١١٦) دلێردا، نەسەرمابوو و نەگەرما، نەپیری بوو و نە مەرگ و نە ڕشکی* ئافریدەی دێو. بابان و نەوزادان گشت لە پانزدە سالە دەچون.

٦

[«زاراتوشترا» پارەکی دی پرسی:]

ئەی «هەوم»!

چ کەسێک پارەکی دی جە جیهانی خاکیدا تۆی ئامادە کرد و چ پاداش و نیک بەختیەکی پێ گەیشت؟

٧

«هەوم»ی پاکی مەرگ کنارکەر پرسڤی داوە:

دووەمین بار «ئاتبین»(١١٧) منی لە جیهانی خاکیدا ئامادەکرد و بە پاداشی [کرداری] ئەم نیک بەختیەی گەیشت کە بووە خێوی پسێک [بە نێوی] «فرەیدون» جە خانەدانی توانا.

---

١١٤ ـ (vivanghan) نێوی بابی(جەمشید)ە.

١١٥ ـ جەمشید : [ ئەم ڕوونکردنەوەیە لە کارە فارسییەکەدا نەهاتووە بەڵام خۆم خوازیاری بووم و بەخراپم نەزانی لێرەدا باسیکەم. ]...+ جەمشیدی ئاڤێستا یەکسانە بە (نوح)ی دینە سامییەکان. پاشگری (شید) کە گۆڕاوی واژەی (شیت)ی ئاڤێستاییە یەکسانە بە ( درەخشان)ی ئەمڕۆ و بۆیە نێوەکە بەگشتی دەکاتە (جەمی درەخشان)= (جەمی جوان).

١١٦ ـ جەم = جەمشید.

١١٧ ـ Atbin : نێوی بابی «فرەیدون»ە.



٨

کەسی کە «ئەژی دەهاکی»(١١٨) سێ پۆزی سێ سەری شەش چاوی ـ ئەو دارندەی هەزار [جۆرە] چالاکی، ئەو دێوە فرە هێزمەندەی درۆ، ئەو ئازاری جیهانە و زۆرمەندترین [دێو]ی درۆیەی کە «ئەهریمەن» ژبۆ گزندی* جیهانی خاکی و مەرگی «ڕاستی» بە دیدی هاودر ـ کوتایە ژێرخۆ و کوشت.

٩

[«زەرەتوشترە»] سێیەمین بار پرسی:

ئەی «هەوم»!

چ کەسێ سێیەمین بار تۆی لە جیهانی خاکیدا ئامادەکرد و چ پاداش و نیک بەختیەکی پێ گەیشت؟

١٠

«هەوم»ی پاکی مەرگ کنارکەر پرسڤی داوە:

سێیەمین بار «ثریتە»(١١٩) منی جە جیهانی خاکیدا ئامادەکرد و بە پاداشی [کرداری]ئەم نیک بەختیەی پێ گەیشت کە بووە خودانی دوو پس:

«ئورڤاخشەیە»(١٢٠) و «گورشاسپ» ـ یەکەمین دادوەری دادگەر و دووەمین [پاڵەوانی] زەبرەدەست و لاوی کەزی درێژ و گورز گران*.

١١

کەسی کە ئەژدیهای شاخداری، ئەو ژەهر ناپوختە زەرد ڕەنگەی کە

---

١١٨ ـ Azhidahaka : هەمان فەرمانڕەوا خراپ کونش و خراپ کارەی کە لە وێژەوانی فارسیدا بەنێوی «زوحاکی ماردوش» یادیانکردوە و وەک لە «شانامە»دا هاتووە کە «کاوەی ئاسنگر» لە ڕوویدا وەستا و بەیارمەتی «فرەیدون» لایاندا و لە کێوی دەماوەند بەزنجیر بەستیانەوە.

١١٩ ـ ثریتە = ( لە خودی نووسراوە فارسییەکەدا «تریتە» نووسراوە و ئەمن ئاڤێستاییەکەم بەکار هێناوەتەوە)..لە ئاڤێستادا بە (thrita) نووسراوە و لە نووسراوەکانی پاش ئیسلام (اتراط). نێوی بابی «گورشاسپ»ە پاڵەوانی گەورەی ئایینی مەزدیسنی.

١٢٠ ـ (urv`axşaya)= نێوی برای «گورشاسپ»ە.



www.koskikurd.com

ژەهری زەرد گـۆنی* بە بڵندیی یەک نێزە ڕەوان بوو، ئەو لە بنابڕەی مەردان و ئەسپانەی بە زەمیندا کوتا و کوشت.
«گورشاسپ» لە کاتی نیوەڕۆدا لەسەر [پشتی] ئەو [ئەژدیهایە] لە دێگێکی* ئاسنیند چێشـتی لێ‌دەنا. ئەو زیانکارەی کـە [لە تینی ئاگرەکە] خەهی* دەرژاند، لە ناکاودا لە ژێر دێگەکە هاتە دەر و ئاوی کوڵاوی پڕژاند. «گورشاسپ»ی مەردمەنش گەیشتە سەری.

۱۲

[«زەرەتوشترە» چارەمین بار پرسی: ]
ئەی «هەوم»!
چ کەسێک چارەمین بار لە جیهانی خاکیدا تووی ئامادە کرد و چ پاداش و نیک بەختیەکی پێ‌گیشت؟

۱۳

«هەوم»ی پاکی دوور ڕاگری مەرگ پرسڤی داوە:
چارەمین بار «پووروشەسپە»(۱۲۱) منی لە جیهانی خاکیدا ئامادەکرد و بە پاداشی [کرداری] ئەم نیک بەختیەی پێ هەرزان کرا کە تۆ ژ بۆ وی پات نایە جیـهـانەوە! تۆ ئەی «زەرەتوشـترە»ی پاک، ژ خـانەدانی «پووروشەسپە»ی دوژمنی دیوان و دارندەی ئایینی ڕاستین.

۱٤

ئەی «زەرەتوشترە»! ئەی جە «ئەرین ڤیچ»دا(۱۲۲) نیوهاور!
دەبێ تۆ لە پێشاندا [مۆنترا*]ی «ئەهونە ڤەئیریەهـ ...»(۱۲۳) چار بار بەو درەنگی‌یەی کـە پێویسـتـە سروودکـەیت و نـیـوەی دووهەمی‌ڕا [ئاهەنگ]* بڵندتر بخوونەوە.

۱٥

ئەی «زەرەتـوشـتـرە»! ئەی تـواناتـرین، دلێرترین، تێکۆشـەرتـرین، چالاک‌ترین و پیرۆزترین* ئافریدەی مـێنۆکی! تۆ گشت دیوانی‌ڕا کە لەمەوپێش بە چەشنی مەشیە ڕەویان بەسەر ڕووی زەمیندا دەکرد جە زەمیندا کردنت نیهان.



۱٦

«زەرەتوشترە گوتی»!
درود بە «هەوم» : «هەوم»ی نیک، «هەوم»ی خـاس و ڕاست ئافریدەکراو، [ئەو] دەرمان بەخشە خۆش‌ئەندامە* ڤەهـ کـونشـە، ئەو پیرۆزگرە زەردگۆنە نەرم پۆپەی کە گەر بنۆشرێت ڤەهترین [نۆشاو] و ڤەهترین تووشەی ڕەوانە.

۱۷

ئەی «هەوم»ی زێرین! ژبۆ تۆ خوێنەری ئەوەی ژێرڕام:
ـ جە تۆ خـواسـتـاری دلێریی و پیرۆزیی و دروستیی و دەرمان و گـەشـەکـردن و پێ گـەیشتن و پرهێزیی تەن و فـرەزانەیم تا وەک خشەثرەڤەریەکی کامڕەوا* بە جیهان وەرکەوم و شکێنەری ستێز و شکستدەری درۆیم.

---

۱۲۱ ـ Pourușa spa «+ پورروش ئەسپە» : نیوی باوکی «زەردەشتە».
۱۲۲ ـ + ئەرین ڤیچ = لە خودی نووسراوە فارسیەکەدا بە«ایران ویج» نووسراوە و دەڵێ = (سەرزەمینی سەرەکی میلەتە ئاریەکان). ئەم واژەیە لە ئاڤێستادا بە (Aeryena V aija= ئەرینە ڤەئیچییە) نووسراوە و «ئەرینە» بەواتەی «ڕادمەردان/ نەجیبان»ە و «ڤیچە، ڤەئیچییە» بەواتەی «زادگە = سەرزەمین، نیشتیمان، وڵات» بە سەرجەمی دەکاتە «سەرزەمینی ڕادمەردان/ وڵاتی نەجیبان» و مەبەست لە نیشتیمانی زەردەشتە، کە هەمیشە بە بەرزترین نەتەوە و مەزنترین وڵاتیان دەژمێرێت.
+ لێرەدا بە خراپی نازانم گەر دوو پنتک«خاڵ» بەر چاو خەم!
ا ـ زەردەشت لە گوندی «هەردشنە»ی نێزیک بە شاری ئورمیەی «ئەمڕۆ» لەدایک بووە واتە لە ناوچەی شکاکانی«ئەمڕۆ» و لە فرە شوێنی ئاڤێستادا زەردەشت بە چەشنی چەکامەبێژێکی (شاعیرێکی) شەیدا بە دار و بەرد و ڕووبار و چیای نیشتیمانیدا هەڵدەدات و بە هەمان چەشنی کە پێغەمبەرانی دی نەتەوە و خاکی خۆیان مەزنەوار کردووە دەبینین کە پێغەمبەری کوردانیش بە جوانترین و ڕەوانترین شێوە بە نەتەوە و خاکی خۆیدا هەڵگوتووە.
ب ـ واژەی(ووشەی) ئەرینە واژەیەکی فرە دێرینە. ئەمڕۆ ئەو ووشەیە بە سێ شێوە بەکاردێت: ـ ئاری ـ ئێران ـ واژەی ئەرین تا ئەوڕۆ لە زمانی کوردیدا ماوە بەڵام درێغا کە هەر وەک نێو ماوە و لە ئاخاوت و پەیڤتندا لە کار کەوتووە.
۱۲۳ ـ مەبەست نیایشی «یتاهوو ئیریو»یە کە لە سێ چەکامە پێکهاتووە و دەبێ بە درەنگانەوە «ئێوارااندا» جوار جار بخوێندرێتەوە.



www.koskikurd.com

۱۸

ئەی «هەوم»ی زەرین*!
خوازیارم [من ڕا یاریی دەیت] تا ستێزەی بەدویستانڕا [چ] ژ دێوان و مەشیە و [چ] جە جادوان* و پەریان و ستەمکاران و «کەڤی»یان(۱۲٤) و «کەرەپەن»یان(۱۲٥) و زیانکاران و ڕێگومکەرانی دوو پا و گورگانی چارپا و لەشکری پڕژاوی دوژمەن ـ کە شاڵاوی بە فرێو هاورد ـ تێک بشکینم و [پێ‌شێل کەم].

۱۹

ئەی «هەوم»ی دوور دارەندەی مەرگ!
جە تۆ خواستاری ئەم یەکەمین بەخشیشەم:
ـ بەهەشتی پاکان، ئەو [بەرینیە] ڕۆشنە و [بارگەی] ئاسایش [و ئارامیەڕا.]
ئەی «هەوم»ی دوور دارەندەی مەرگ!
جە تۆ داواکاری ئەم دوومین بەخشیشەم:
ـ تەندروستی و هێزی تەنڕا.
جە تۆ خواستاری ئەم سێ‌یەمین بەخشیشەم:
ـ ژیانی دێرپای گیانڕا.

۲۰

ئەی «هەوم»ی دووردارەندەی مەرگ!
جە تۆ خواستاری ئەم چارەمین بەخشیشەم:
ـ کامرەوا و دلێر و شادمان بە [بەرینایی] جیهان وەدەرینم و تێک شکێنەری کارەزار و شکستدەری درۆ[بم.]
ئەی «هەوم» دوور دارەندەی مەرگ!
جە تۆ خواستاری ئەم پێنجەمین بەخشیشەم.
ـ من پیرۆزمەند و شکستدەر* [لە کارزاردا*] بە [بەرینایی] جیهان

۱۲٤ ـ بڕوانە ژ ۳۲.
۱۲٥ ـ بڕوانە ژ ۳۱.



بگەم و تێک شکێنەری ستێزە و شکستدەری درۆ[بم].

۲۱

ئەی «هەوم»ی دوور دارەندەی مەرگ!
جە تۆ خواستاری ئەم شەشەمین بەخشیشەم:
ـ مە لە پێشدا بۆی دز و ڕێگر و گورگ بکەین. چ کەس لە پێش مەدا بۆی نەکات. هەمیشە مە لەپێشدا بۆی بکەین.

۲۲

«هەوم» بە دلێرانی کە لە گۆڕەپانی نەبەرددا ئەسپ تاودەدەن، زۆر و توانا دەدات.
«هەوم» بە ژنانی زایندە پسانی نێودار و ڕۆڵەی پاکدامەن دەدات.
«هەوم» بەوانەیڕا کە بە خواستےدڵ، ئامۆژەکانی [ئایینی ڕاستینڕا] پەسەندکەن پاکی و فرەزانەگی دەدات.

۲۳

«هەوم» بە کەنیشکانی کە دێرکاتێکە شونەکردە ماونەتەوە ـ گەر ژوی خواستاربن ـ مێردی پەیمان ناس دەدات.

۲٤

«هەوم» بوو کە «کیریسانی»یڕا(۱۲٦) ژ خشەثرەڤەریەیی لادا ـ ئەوەی کە لە ئەزمەندیدا* جە خشەثرەڤەویەیی خۆی [ترسدار بوو و] دەناڵی و دەیگوت: لەمەو پاش پێشەوای دین ژێو بڵاوکردنەوی ئایین بە سەر زەمینی مندا نەگەریت!
ئەو کەسەی کە دەیویست گشت [خرۆشێک] بۆ پێشکەوتنڕا تێک شکینێت و بمرێنێت ـ .

۲٥

خۆشا* بە تۆ ئەی «هەوم» کە بەتوانای خۆت خشەثرەڤەریەی کامڕەوایت.

۱۲٦ ـ Keres`ani : یەکێک لە شارەوانانی «دێویسنە» و دوژمەنی ئایینی «زاراتوشترا» بووە کە ڕەوایی نەداوە پێشەوای دین بەسەر زەمینیدا بگەڕێ و ئایینەکەی لەنێو مەشیەدا بڵاوکاتەوە.



www.koskikurd.com

خۆشا بە تۆ کە فرە گوتەی ڕاستگوتراو دەزانیت.
خۆشا بە تۆ کە ژ پرسینی ئوختی ڕاستگوتراو بێ نیازیت.

٢٦

ئەی «هەوم» !
بەرترین بار «مەزدا» کەمەر ئەستیرە نیشانی(١٢٧) مێنوکیی دینیی پاکی «مەزدیسنا»ی بۆ تۆ فراز هاورد. بەو شێوەیە هەمیشە کەمەربەند بە کەمەرەوە و بە دەندونی کێوەوە پەناو نیگاوانی ئوختی ئەیزەدیت.

٢٧

ئەی «هەوم» ! ئەی گەورەی خانومان* ! ئەی گەورەی دێ ! ئەی گەورە شار، ئەی گەورەی ڤیچ، ئەی جە پاکدامەنیدا زانا.
توان و پیرۆزیی و گەشەکردنی بەسی* ئازادی بەخشی تۆم ژبۆ تەنی خۆ دەوێت.

٢٨

کینی کینەوەر ڕا ژ مە وەدوورخە و مەنشی توورەی وی بەرواژکە* !
هەر کەسێکی کە لەم خانەدا، لەم دێیەدا، لەم شارەدا و لەم سەرزەمینەدا گوناهکاریی کات توانای لە پێ خە و هۆشی وی ڕا سیاکە و مەنشی تێک شکێنە !

٢٩

ئەو کەسەی کە بە مەنش و پەیکەری مە کینەدار بێت بە دوو پێ بەرەو پێش نەتوانێ بڕوات ! بە دوو دەست کاری نەتوانێ بکات ! بە چاوان نەبینێ زەمین ! بە چاوان نەبینێ گیان لەبەر !

---

١٢٧ ـ مەبەست لە «کوشتی» یاخود «کوستی»یە. کە بەندێکە (پشتێنێکە) لە ٧٢ ڕشتە خوری سپی چنراوە و پێڕوانی ئایینی زەردەشتی لە کەمەریان دەبەست.
+ (کوستی ، کوشتی) پشتێنێکە کە بە فەرمانی ئاڤێستا دەبێ گشت زەردەشتییەک لە تەمەنی ١٥ ساڵەییدا و بەپێی مەزنگریی(مراسیم) داڕێژراو و دیاریکراو لە پشتی ببەستێت.
ئەم پشتێنە لە مووی مەڕو بزن یاخود تووکی ووشتر هۆنراوەتەوە.



٣٠

ئەی «هەوم»ی زەرین
بە پەیگاری* ئەژدەهای زەردی سامناک، کە پەیکەری پاکدامەن ڕا لە ئارا دەبات، زەئینە* بگرە دەست.
بە جەنگی ڕینگری ئاکەکاری خوونخۆری ئازاردەر، کە پەیکەری پاکدامەن ڕا لە ئارا دەبات، زەئینە بگرە دەست!

٣١

ئەی «هەوم»ی زێڕین !
بە ستێزەی فەرمانڕەوای درۆپەرستانی ستەمکار، کە بە تەروەمەتییەوە* سەر فراز دەکاتەوە و پەیکەری پاکدامەن ڕا لە ئارا دەبات، زەئینە بگرە دەست.
ئەی هەومی زێڕین !
بە ڕەزمی ڕێ گومکەری ناپاک و تەباهکەری ژین، کە ئوختی ئەم ئایینەی جە مەنەهد دایە [بەڵام] ژ کردارا وەجێی ناهێنێت و پەیکەری پاکدامەن ڕا لە ئارا دەبات، زەئینە بگرە دەست!

٣٢

ئەی «هەوم» زێڕین !
بە جەنگی ژنی ڕووسپی* جادوگری مەردبارە* ـ کە پەنادەری [گوناهکارانە] ، کە مەنشی بەچەشنی هەورێ ژبەر بادا لەرزانە، کە پەیکەری پاکدامەن ڕا لە ئارا دەبات، زەئینە بگرە دەست!
ئەی «هەوم»ی زێڕین !
بە پەیکاری هەر کەسێکی کە پەیکەری پاکدامەن ڕا لە ئارا دەبات، زەئینە بگرە دەست!



www.koskikurd.com

# یەسنا · هات ۱۰

۱

دێوان و مێینەی دێوان لەم شوێنە وەدووركەون!
«سروش(۱۲۸)»ی نیک [لەم شوێنەدا] پایەمان بێت*!
«ئارت(۱۲۹)»ی نیک لەم جێیەدا ـ لەم خان‌ومانەدا کە ژ بەهرەی «ئاهورا» و «هەوم»ی ڕاستیپەروەر[ە] ـ خۆش‌جێ بێت و ئارامی پەسەندکات!

۲

ئەی هۆشمەند!
ژێرین بەشی هاوەنی تۆ کە [خوساری* «هەوم»]ڕا فرازدەگرێت، بە «ڤاژ(۱۳۰)» ستایش‌دەکەم.
بەرزین بەشی هاوەنی تۆ کە بە زۆری [بازوی] مەردانە [خوساری«هەوم»ی] پێ‌دەکوتم، بە «ڤاژ» ستایش‌دەکەم.

---

۱۲۸ ـ بڕوانە ژ ۳٦
۱۲۹ ـ Art هەر (Aşi)یە، بڕوانە ژ ۲۱
۱۳۰ ـ vazh هاوڕیشەی واژە و گواژە و ئاوازە و واتەی ئەو نیایشە(دوعا)کورتانە دەدات کە بە ئەسپایی و لەژێر لێوەوە دەخوێندرێنەوە.
+ لەخودی پەرتوکەکەدا Bazh نووسراوە و دێڕە چەکامەیەکی (شعر) فردەوسی هێناوەتەوە کە دەڵێ:

« پرستندهء آذر زردهشت همی رفت با باژ و برسم به مشت »

وشەی ڤاژ، واژ، باژ لە وشەی (ڤچ)ی ئاڤێستاییەوە ڕەگ و ڕیشەیان گرتووە کە واتەی گوتار و ئاخاوتە و هەروەهاش نەریتێکی کێش‌یی(مەزهەبی) زاراتوشترای‌یانە کە لە هەندێ لە مەزنگریە(مراسیم ، تشریفات) تکشەی‌یەکاندا (مەزهەبی) بەکاردێت. لە هەمان وشەوە(ڤچ ـ وچ) دەبینین کە وشەی دی‌کەی وەک وەچیر(فەتوا) و وچرگر ـ وەچەرگر (فەتوادەر ـ مفتی) پەیدابوون.



۳

ئەی «هەوم»!
هەور و بارانی‌ڕا کە پەیکەری تۆ لەسەر فرازی کێو دەڕوێن، ستایش‌دەکەم.
چەکادی(۱۳۱)کێوی‌ڕا کە تۆی لەسەر دەڕوێیت، ستایش‌دەکەم.

٤

ئەی «هەوم»!
زەمینی بەرین و لەدارایی تۆ بەخشیش‌گر، ستایش‌دەکەم.
سەرزەمینی‌ڕا کە تۆ ـ وەک شایستەترین گیایانی خۆش‌بۆ و خاسی «مەزدا» ـ لەودا دەڕوێیت، ستایش‌دەکەم.
ئەی «هەوم»! ئەی سەرچاوەی ڕاستی!
لە دەندونی کێواندا بڕوێ و لەگشت شوێنێکدا بالآکە*!

٥

ئەی «هەوم»!
بە ئافەرین [و نیایشێ]من جە سەرانسەری ڕەگەکان و بەژنەکان و خوسارەکاندا بالآکە!

٦

گەر «هەوم»ڕا ستایش‌کەن، بەر فر* دەبێت.
مەردی کە «هەوم»ڕا ستایش‌کات، پیرۆزدەبێت.
کەمترین گوشراو، کەمترین نۆشاو و کەمترین ستایشی «هەوم» بەسە بۆ کوشتنی هەزار دێو.

۷

ئەو کەیەیدا* کە «هەوم»ی بێننێ و [چەکامەی*]دەرمان بەخشیی و دروستیی و چارەگریی [ئەوڕا ژێو دەمەنەم* و شوثرەم*] بسروودن، هەر ئالودەییەکی کە پەیدا بوویێت بە زوویی بنابڕ دەبێت.

---

۱۳۱ ـ چەکاد: دەندون، قوله، لووتکە.



www.koskikurd.com

٨

ئەریْ گشت مەیەکان کینے خوونینے رەزم گەشەکەریان لە پەیدایە*، مەی« هەوم » نەبێت کە ئارامیی ڕاستی دەگەڵدایە و مەستییەکەی سووکە.

ئەو کەسانەی کە « هەوم »را بەچەشنی نەوباوەی* خۆیان نازدەن، « هەوم» ژیۆیان ئامادەدەبێت و دەرمان بە کاڵبەدیان* دەبەخشێت.

٩

ئەی « هەوم » !

بەخشەندەی هۆ دەرمانانەبە بەمن کە تۆ [خۆت] دەرمانسازیانیت.

ئەی « هەوم » !

بەخشەندەی هۆ پیرۆزییانەدە بەمن کە تۆ [خۆت] بەوان دوژمەن بەزێنیت.

ئەی « هەوم » !

خواستاری وەم کە دۆست و ستایشگری تۆ بم. « ئاهورامەزدا » دۆست و ستایشکەرێکی ڤەهتەری گەرەکە بە چەشنی « ئاشەڤەهیشتە »ڕا .

١٠

تۆ ئەی دلێری ئافریدەی داددار، ئەیزەد هونەر دەئافریدێنێت.

تۆ ئەی ئافریدەی داددار، خوداوەند هونەر لەسەر [چەکاد]ی هەرەبەرزە(١٣٢) دەنیشێنێتەوە.

١١

پاشان مەلی پاک و [کار]زان بە هەمو لایەکدا دەتپژێنێت: لە نێو لوتکەکانی [کێوی] « ئوپائیری سەئێنە »(١٣٣) و چەکادی [کێوی] « ستەرۆسارە »(١٣٤) و نێوان [کێوی] « کوسرۆپەتە »(١٣٥) و پەرتگەی(+) [کێوی] « ڤیشپاثە »(١٣٦) و [دامەنی کێوی] « سپیتەگەونە »(١٣٧) .

---

١٣٢ ـ هەرەبەرزە: مەبەست لە کێوی (البورز)ە. ... (ماویەتی)



www.koskikurd.com

١٢

ئەی « هەوم » !

لەو هەنگامەیدا لەو کێوانەدا پڕشیر و گۆناکگۆناک* و زەرد ڕەنگ دەڕوێت، دەرمانەکانی تۆ پەیوەستی شادی « ڤەهومەنە »ن. نووکە [ئەی « هەوم »] مەنشے ئاکەگۆیڕا کە سەری ئازاری منی هەیە بەرواژ کەرەوە و لە ئارابەرە!

١٣

« هەوم »ڕا نیایش دەکەم کە مەنشی بێنەوا ڕا، بەچەشنی تواناگر مەزنکات.

« هەوم »ڕا نیایش دەکەم کە مەنشی بێنەواڕا چەندان مەزن کات کە بە ئارەزوی خۆی بگات.

ئەی « هەوم »ی زێرینی ئامێزراو بە شیر !

تۆ بەوکەسەی کە ژتۆ بەهرەمەند بێت، بەسیارێک مەردان دەبەخشیت و ئەوڕا پاکتر و هۆشمەندتر [دەکەیت.]

١٤

ئەوانەی کە « هەوم »یان نۆشیوە نابیْ بەخواستیدڵ لە جەنگدا ڕەوشتی « درەوشی کاوەییان »(١٣٨) بگرنەخۆ.

ئەی « هەوم »!

ئەوانەی کە بەتۆ مەستدەبن، دەبیْ زندەدڵ وەپێش ڕەوکەن [و کۆششکەر] و لێوەشاوە [بن.

---

+ ئەز لێرە نێوە ئاڤێستایەکەم بەکار بردۆتەوە هەرچەندە لە خودی پەرتوکەکەدا البورز بەکار هاتوە. وشەی البورز لە (ال)ی عەرەبی و وشەی (بەرز)ی ئاڤێستایی واتە کوردی پێکهاتووە و لە ئاڤێستادا بەم چەشنە نووسراوە ( Hara-berezaiti= هەرەبەرزایەتی)

١٣٣ ـ Up`airi Saêna: بە بەشێکی زنجیرە چیای هندوکۆش ڕامان دەکرێت.

١٣٤ـ ١٣٥ـ ١٣٦ـ ١٣٧ـ :Kusro pata,Staro sara, vis patha,Spita gaona: شوێنی ئەم کێوانە نەزانراو و نارۆشتن ئاێنیستە.

+ مەبەست لە پەرتگە ئەوشوێنە ترسناک و ئاستەمانەی چیاکانە کە مرۆڤ مەترسی پەڕین و بەربوونەوە و کەوتنی لێیان هەیە. وەک لە (پەرت و بڵاو)دا.

ئەی«هەوم»ی ڕاست و ڕاستی پەروەر!
ئەم پەیکەرە ڤەهـ ڕواوەی خۆت بەتۆ پێشکەشدەکەم.

۱۵

کەم و کاستی* ژنی ئاکـەکـاری کـورت هۆش ڕا کـە بـە فـرێودانی «ئاتەرەوان»(۱۳۹) و «هەوم» دەئـەندیشـێـت، بە هیچ ئەنگار دەکــەم. خودی خۆی فرێو خواردەیە و یەکسەرە لە ئارا دەبرێت.

«هەوم» بەو کەسەی کە بیەوێت بەخۆی [ئاشی وی]ڕا بخوات و جە [بێ نەوایان و بێچـاران دریغی کـات] پسـانی نـیک و پسـانی کـە کارابن ڕۆژێک بینە «ئاتەرەوان»* نادات.

۱٦

تا ڕۆژی پەسـێن کـە نەبەردی واپەسـێنـێ نێوان دوو گـەوهەر(۱٤۰) وەبەر دەگات، ژیۆ پێنجان هەم و ژیۆ پێنجان نیم:
ژیۆ هڤەمەتە* و هڤەئوختە* و هڤەرشتە* و فەرمـانبری و ڕاستیی هەم.
ژیۆ دوژمەتە* و دوژئوختە* و دوژڤرشتە* و نافەرمانیی و درۆ نیم.

---

۱۳۸ ـ درەوشی کاوەییان: ئەو ئالأیەی کە کاوەی ئاسنگەر لە بەربەندە چەرمەکەی دروستی‌کرد و بوو بە ئالأی شۆڕشی دژ بە ئەژدیهاک.
+ درەوشی کاوەییەکان = ئەختەری کاوەییەکان = ئەو پارچە چەرمەی کاوە کرا بە ئالأی شاهانی ئەو سەر زەمینە و گشت شایەکی فەرمانی گرتبێتە دەست بایی خۆی زێڕ و بەردی گران بەهای لێداوە و لە کاتی جەنگدا لە پێش سپاوە بەرز دەکرایەوە.
ئەم درەوشە لە سەردەمی ساسانیەکانیشدا هەر مابوو و بە گرتنی تەیسەفون لە لایەن عەرەبەکانەوە پارچە پارچە کرا و بەسەر لەشکردا دابەش کرا.
+ مەبەست لەم دێرە ئەوەیە کە نابێ ئەو شۆڕشیگێرانە کەی خۆیان بیانەوی جا وەک درەوشی کاوەیان لێبێ و لە ڕێزەکانی پێشەوی جەنگدابن بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ گشت کاتێک وەک درەوشی کاوە بن.
۱۳۹ ـ پێشەوای دینی.
+ ئاتەر(Atar) کوردیی دێرینە (ئاڤێستایی)= ئاگر.
۱٤۰ ـ سپەنتەمەینییەڤە و ئەنگرەمەینییەڤە.



www.koskikurd.com

۱۷

«زەرەتوشترە» گوتی:
درود بـە «هـەوم»ی دادەی* مـەزدا! «هەوم» دادەی ڤـەهی «مەزدا»[یە]. درود بە «هەوم»! ستایشگری گشت «هەومە»کانم، چ ئەوانەی کە لەسەر فرازی کـێوەکان[و] چ ئەوانەی کە لە[ژەرفای*] درەکاندا* دەڕوێن[و] چ ئەوانەی کـە ژنەکـان چنیـسویانەتەوە و لە گۆشەیەکدا هەڵیانچنیوە.
ئەی «هەوم»!
تۆ بە زەمـیندا نـەدەم: تۆ ژ جـامی زیوینەوە بڕژمە جـامی زێڕین، چونکە پایەدار و ئەرژومەندیت!

۱۸

ئەی «هەوم»!
ئەمەیە سروودەکان و درودەکان و ستایشەکانی تۆ.
ئەمـەیە پەیڤی ڕاست کـە دروسـتیی دێنێت و پیـرۆزی دەدات و ژ بەرابەر بە دوژمەن چارە و دەرمان دەبەخشێت.

۱۹

ئەی «هەوم»!
ئەم هەمووە لە بەهری تۆیە بەلأم ژیۆ من:
توند بێتە پێش مەستیی تۆ!
ڕۆشن بێتە پێش مەستیی تۆ!
سووک بێت مەستیی تۆ!
[«هەومی»] پیرۆزگرڕا هەمـوارە بەم گـوتارە سـروودیانە سـتـایش کەن.

۲۰

درود بە چارپێیـان! گـوتەی خۆش ژیۆ چارپێیـان! پیـرۆزیی ژیۆ چارپێیـان! خـوراک و لەوەڕگـە ژیۆ چارپێیـان! کـشت و توان ژیۆ چارپێیانی کە خۆراک جە بۆ مە پەروەردە دەکەن!

٢١

«هەوم»ی زێرین بەرگ‌ڕا ستایش دەکەم ! «هەوم»ی جیهان گەشێن‌ڕا ستایش دەکەم! «هەوم»ی مەرگ دوور خەرڕا ستایش دەکەم!
گشت «هەوم»ەکان ڕا ستایش دەکەم.
نووکە «فەرەڤەهر»(١٤١) و پاداشی «سەپیتەمە زەرەتوشترە»ی پاک‌ڕا ستایش دەکەم !

## یەسنا · هات ١٢

١

[ئەز دێوان را نکۆدەکەم !]
ئەز دیسانەکێ دەڵێمەوە کە مەزدا پەرست و دوژمەنی دێوان و پیڕۆی ئایینی «ئاهورا»م.
ئەز ستایشکەر و پەرستەری «ئاهورامەزدا» و «ئەمشەسپەنتان»م(١٤٢).
ئەز «ئاهورامەزدا»ی نیک، خوداوەندی نیکی، ئەو پاکە شکۆمەندە بە سزاواری [نیایش] دەزانم چونکو ژوی‌یە هەرچییەکی کە نیکە، ژوی‌یە چارپێیان؛ لە فرۆکی وی‌یە کە [جیهان] بەرگی شادمانی پۆشی.

٢

«سپەنتەئارمەیتێ»ی نیک را هەڵدەبژێرم؛ با ئەو جە بەهرەی من بێت !
ئەز لە دزیی و بەدەربردنی چارپێیان ڕوو وەردەسووڕێنم !
ئەز لە زیان و وێرانی گەیاندن بە گوندانی مەزداپەرستان ڕوو وەردەسووڕێنم !

١٤١ ـ faravahr: یەکێکە لە هێزە پێنجینەکانی مرۆڤ کە پێش لە دایک بوون و پاش مردن بوونی هەیە و نەمانی بۆ نییە.
١٤٢ ـ ئەمشەسپەنتان = جیهانی فریشتان.



٣

ئەز ژ ئازادیی هاتوچۆ و ئازادیی کەی و کۆریتێ هەر کەسێکی کە بە چارپێیانیەوە لەسەر ڕووی ئەم زەمینە بەسەری دەبات، ڕێزدەگرم.
لە هەنگامی نیایشدا جە بەرابەر بە «زۆر»(١٤٣) دەڵێمەوە:
لەمەوپاش بەزیان و وێرانی گوندی مەزداپەرستان بێ‌نیازم و ئاهەنگی تەن و گیانی کەس نەکەم.

٤

[ئەز] پەیوەندی [خۆ]ڕا بە دێوانی گەندەڵی ناپاکی بەدسروشت ئافریدکراو بپسێنم !
[ئەز] پەیوەستێ [خۆ]ڕا بە ئافریدەکانی درۆ و تەباهی و پیسی ئازادکەم !
دیوان و پیڕۆانی دێوان، جادوان(١٤٤)، جادو پەرستان [وهەمو] ئافریدە گزنددەرکان بەردەدەم !
بەم شێوەیە پەیوەستی‌ی [خۆم]ڕا بە هەر یەکێ لە درۆ پەرستانی ئازاردەر جە ئەندیشە و ئاخاوت و ئاکاردا دەپسێنم!

٥

«ئاهورا مەزدا»! وەهای بە «زەرەتوشترە» ئامۆژدا ـ لەو هەنگامەیدا کە «مەزدا» بە «زەرەتوشترە» دەدواند، جە گشت گپ* و گوێ رایەڵیەکاندا و گشت ئەنجومەنەکاندا «ئاهورامەزدا» وەهای بە «زەرەتوشترە» ئامۆژدا ـ

١٤٣ ـ Zor پێشکەشیە ئاوییەکان وەک شیر، مەیی هەوم و کە بۆ ئاگر کەدەکانیان (معابد) دەهێنا.
+ مەیەزد بڕوانە ژ. ٤.
١٤٤ ـ + : جادو ـ (پهـ yatuk ) = سحرباز. ئەم واژەیە لە کۆندا بە واتەی (جادوکەر ـ ساحر) بەکار هاتووە بەڵام ئەمڕۆ بە واتەی (سحر) بەکاردێت و بە سحرباز دەڵێن جادوکەر.
منیش لێرەدا وشەی جادوم نەکردووە بە جادوگر و بەپێی واتە مێژینیەکەی بەکارم هێناوە و لە نەسکە (کتێبە) فارسیەکەشدا بە هەمان شێوە بەکار هێنراوە.



www.koskikurd.com

٦

وەها، وەهای کە «زەرەتوشترە» پەیوەستیی بە دیوان ئازادکرد ـ جە هەموو گپ و گوێ رایەڵیەکاندا، جە هەموو ئەنجومەنەکاندا، لەو هەنگامەیدا کە بە «مەزدا» دەدوا ـ ئەژی کە مەزدا پەرستێکم پەیوەستیم بە دێوان ئازاد دەکەم!

٧

[ئەز باوەرم بە ئایینێکە کە] بە ئاوان، بە گیایان، بە چارپێیانێ قەهـ ڕێزیارە.

[ئایینی کە یژێت:]

«ئاهورامەزدا» چارپێیان و مەرد[انی] پاک ئافرید دەکات.

[ئایینی] «زەرەتوشترە»را، [ئایینی] «کەی ڤیشتاسپە»را(١٤٥)، [ئایینی] «فەرەشوشتەر»(١٤٦) و «جاماسپە»را(١٤٧)، [ئایینی]هەر یەک لە «سۆشیانەت»ی(١٤٨) راستی پەروەرەی پاکرا. ئەز کە مەزدا پەرستێکم، باوەرم بەم ئایینە [راستینە] هەیە.

٨

ئەز [بە زوانێکی کارەنگ] دیسان دەڵێم کە مەزداپەرست و زەرەتوشتەریم و باوەرم بەم ئایینە هەیە.

ئەز باوەڕم بە مەنەهـ و ئوخت و ڤرشتی قەهـ هەیە.

٩

ئەز باوەرم بە دینێ راستینێ «مەزدیسنە» هەیە کە جەنگ را بەرئەنداز* دەکات و زەئێنە* بە گۆشەیەک دەسپێرێت.

دینی پاکی کە لە نێوان گشت دەئێنەکانی کە هەن و دەبن مەزترین و قەهترین و جوانترین [دەئێنە]یە؛ دینی ئاهورایی زەرەتوشترەیی.

گشت قەهیەکان بە سزاواری «ئاهورامەزدا» دەزانم.

---

١٤٥ ـ بڕوانە ژ ٩ .

١٤٦ ـ بڕوانە ژ ١٠ .

١٤٧ ـ بڕوانە ژ ٧٣ . ـ ١٤٨ ـ بڕوانە ژ ٤١ .



www.koskikurd.com

# فەرهەنگ

خوێنەری هێژا

ئەم فەرهەنگە تایبەتە بەم نەسکە، گرینگیەکی ئەوتۆی هەیە بۆ تێگەیشتنی بەشەکانی «ئاڤێستا» کە، ووشەی تێدایە کە ئەورۆ لەکارکەوتوون، ووشەی تێدایە کە ئاڤێستایین، ووشەی تێدایە کە بەشێوەیەکی نوێ بەکارهێنراوون.

www.koskikurd.com

ئاتور« `atur » :

ئاتەر «atr ,athr ,atere ,atar» ئاڤێستایی. ئەمانە هەموو شێوەن بۆ ووشەی « ئاگر »ی کوردیی نوێ.

ئاتورەوان :

ئاگرەوان ، وەک .. دارەوان ، شاخەوان ..هتد.

ئاتەرەوان :

ئاگرەوان. یەکێکە لە چینە دینیەکانی زەردەشتییەت.

ئاذەر :

ئاگر. واژەیەکی پەهلەوییە، ئەم واژەیە ئەورۆ لە نێوی « ئازەربایجان »دا دەبینین. ئەم نێوە نێوێکی فرە دێرینە و گەلەک ژپێش هاتنی تورکان بۆ ئەو هەرێمە باوبووە و دەستگرتنی تورکان بەسەر ئەو هەرێمەدا نێوەکەی نەگۆڕی. « ئەتروپاتگان = پایەگای ئاگر = عاصمە النار» شێوەی دێرینی نێوەکەیە و پاشان بو بە ئاذەرئاپادگان و پاشانیش بە ئازەربایجان ، ئەم نێوەشی لەبەر ئەوەلێنراوە کە ئاگرکەدەی زۆر بووە و ئاگرکەدەکانی بەرزە چینی « شایان، سەرداران، جەنگاوەران »ی ئەو ولاتە کە مادەکان بوون وەک ئاگرکەدەی « `atur gușn asp » « ئاتور گوشەن ئەسپە = ئاگری نێرە ئەسپ = ئەسپی چالاک » لەوێ بووە و ئاگرکەدەکانی نزمە چینی ئەو ولاتە لە باشوور و ڕۆژهەلاتدا خر ببونەوە وەک ئاگرکەدەی «Burzên mitr» کە «ئاذەر بەرزین ، بەرزین میهر»یشی پێدەگوترا لە هەرێمی خوراسان.

ئارا :

بوون ، وجود. کورد دەڵێ « لە ئارادا نەماوە ».

ئاراپڕیی :

نەمان ، فەنا ، فناء«ع».

ئارەزومەند :

ئارەزودار ، خاوەن ئارەزو.

ئاش « `aș » :

خۆراک ، شلە ، ترشی ، شۆربا.

ئاشو :

ئاشویی یەکسانە بە پاکی لە ئەندیشە و پەیڤ و کرداردا. ئەم واژەیە کە بە زۆری دەگەڵ نێوی زەردەشت بەکاردێت « ئاشو زەردەشت » یەکسانە بە « سانتا ـ Saints »ی لاتینیو « موقەدەس »ی عەرەبی، و ئەم واژەیە پەهلەوییە و ئاڤێستاییەکەی « سپەنتە »یە و بەرواژەکەشی لە ئاڤێستادا « دورڤەند »ە.



www.koskikurd.com

هەناسە :

«Andasa» ئەندئاسە، ئاڤێستایی، ئەند لە ئاڤێستادا = هەوا، و ئاسە = خواردن، و ئەندئاسە = هوا خواردن = هەناسە، تا ئەورۆ لە زمانی سویدیدا Andas = هەوا هەڵکێشە.

هەنگام :

کات، دەم.

هەنگاو :

قۆناغ.

هڤەر :

«Hvare» ئاڤێستایی. خۆر، ڕۆژ، لە ئاڤێستادا هەمیشە نێوی خۆر بە شێوەی «Hvare xshaeta» هڤەر خشەئیتە، هاتووە و « هڤەر » = خڤەر = خۆر، و « خشەئیتە » = شەئیتە = شیت = شید = درەخشان = درەوشاوە، و ئەم نێوە ئەورۆ بووە بە ، خورشید، و پاشگری « شید » لە نێوی « جەمشید » یشدا دەبینین کە = جەمی جوان = « نوح »ی دینە سامییەکان.

هڤەئوختە :

«Hvauxta» ئاڤێستایی. هڤەئوختە = ئاخاوتی ڤەهـ = گوفتاری چاک.

هڤەرشتە :

«Hvarshta» ئاڤێستایی. کرداری ڤەهـ = کرداری چاک.

هڤەمەتە :

«Hvamata» ئاڤێستایی. ئەندیشەی ڤەهـ = ئەندیشەی چاک.

هورەخشیتە :

خورشید، بڕوانە « هڤەر ».

هوئوختە :

«Hvauxta» ئاڤێستایی. هڤەئوختە = ئاخاوتی ڤەهـ = گوفتاری باش.

هومەتە :

«Humata» بڕوانە « هڤەمەتە ».

هوشتر :

«ushtra»، ئوشترە، ئاڤێستایی. ووشتر = حوشتر.

## — ی —

یاکەند :

یاقوت .

یاوەر :

یاریدەر ، دۆست .

یاریی :

هاوڕێیی ، یاریدە ، یارمەتی .

یەزەتە :

«Yazata» ئاڤێستایی . ستایش .

یەزتە :

یەزەتە .



ئافەرین «`afrin» :

واژەیەکە بە یەکێک دەگوترێت کە کارێکی چاکی ئەنجامدابێت هەروەها بە واتەی مونترەی چاک «دوعای چاک» ، سوپاس ، ستایش «مەدح» ، نێوی دوعایەکی«خوردە ئاڤێستا» یە. ئەم واژەیە دژ بە واژەی «نەفرین» ە.

ئافریدن «`afritan» :

«ئافریتی ، ئافریت» ئاڤێستایی . بە ئارا هێنان ، خەلق کردن ، بە دید هێنان.

ئافریدە :

بە ئارا هێنراو ، خەلق کراو ، مەخلوق.

ئافریدەکان :

خەلق کراوان ، مخلوقات«ع» .

ئافریدکەر :

ئافریدەکەر ، خودا ، خالق.

ئافریدگار «`afritkar» :

ئافریدکەر.

ئاکە «`aka» :

ئاڤێستاییە. خراپ ، بەد .

ئاکە ئەندیش :

بەد ئەندیش ، گەن ئەندیش ، ئاکە ماینیە ، بیر خراپ.

ئاکە بەختی :

بەخت ڕەشی.

ئاکە خوازان :

بەد ویستان ، دوژمەنان.

ئاگا ساز کە :

ئاگادار کە. ئاگا گەردان :ئاگادار.

ئاڵودەیی :

ناپاکی ، ناپوختەیی.

ئامرتات :

«ameretat» ئاڤێستایی . نەمرایەتی ، نەمریی ، جاویدان«ف» ، خلود«ع» . ئەم واژە ئاڤێستاییە لە ٣ بەش وێک هاتووە:ـ «ئا ،ئە» کە = «بێ»ی کوردیی نوێ + «مر» کە ڕەگی واژەی «مردنە» + «تات» کە پاشگرە وەک «یەتی» و بە گشتی دەکاتە «بێ مەرگایەتی» .

ئامرزن ـ ئامەرزەن :

بەخشین ، غفران «ع» .

ئامەشە :



www.koskikurd.com

«a-masha» ئاڤێستایی، «ئا،ئە» ئامرازی نایەتییە «نەفیە» لە کوردیی دێریندا واتە لە ئاڤێستای‌یدا و «مەشە»ش = «مەرگ» و بە گشتی دەکاتە «بێ‌مەرگ».

ئامرزیدە :

لێبوردراو، بەخشراو، مغفور«ع».

ئامۆژ :

وانە، پەند، درس«ع». ئامۆژەکان = تعالیم«ع».

ئامۆژدان :

یاددان، فێرکردن.

ئامۆژگار :

ئامۆژکەر، مامۆستا، پەندگۆ، رابەر.

ئاوازە :

ئاواز، ئاهەنگ، دەنگ دانەوە، دەنگ.

ئاواژ :

عەکس، دژ، خیلاف... ئاواژکردنەوە = عەکس کردنەوە.

ئاواژ خواست :

دوژمەن، دژخواز، موخالیف.

ئاهەنگ :

ویست، ئارەزو، عەزم. هەروەهاش بە واتەی ـ ئاواز، نەوا، لەحن، و بەواتەی وەزن و کێشی ئاوازیش بەکاردێت.

ئاهەنگ کەر :

خوازیار، ئارەزوکەر، نیەت دار.

ئایریامەنان :

«aiyrama» ئەم واژە ئاڤێستای‌یە یەکسانە بەواژەی «روحانیون»ی عەرەبی، پێشەوایان. واتەی دروستی ئەم ووشەیە «برادەر، دۆست، رەفیق» بەلاّم بۆ پێشەوا ئایینیەکان وەکارچووە بۆیە یەکسانە بە «روحانیون».

ئایین :

یاسا، مەزهەب. واژەی ئایین یەکێکە لەو واژانەی کە ئەورۆ بە هەڵە لە باتی واژەی «دین» کە لە «دەئێنە»ی ئاڤێستای‌یەوە هاتووە و هەزاران ساڵ پێش عەرب بەکارمان هێناوە بەلاّم مخابن ئێمە ئەورۆ ئەو واژە شیرین و دێرینەمان «دین» بە عەرەب پێشکەش کردووە و واژەی ئاینمان لە شوێن داناوە و چوین واژەی «یاسا»ی مەغولیمان خواستۆتەوە و خستومانەتە شوێنی ئایین . بۆیە تکادەکەم کە خوێنەری هێژا هۆشیاری ئەوە بێت کە لەم نووسراوەدا واژەی ئایین یەکسانە بە یاسا و مەزهەب نەوەک دین .



«ئـ»

ئوخت :

«Uxt» ئاڤێستاییە بە واتەی ... ئاخاوت، گوتە، قسە.

ئوز :

«Uz» ئاڤێستاییە بە واتەی ... وزە، هێز. هەروەها تواندنێکیش بووە بۆ خۆر بۆیە بە کاتی خۆر ئاوابوونیان گوتوە «Uzayeirina».

ئوزمەندتر :

تواناتر، وزەدارتر، بەهێزتر. ئیرو :بێ کەم و کاستی، کەماڵ.

---

«ئە»

---

ئەختەر :

ئەستێرە.

ئەڕای :

ژبۆ، لەبۆ، بۆ .

ئەرزانیی :

خەلاّت، دیاریی // هەرزانیی.

ئەرژ «arj» :

ئەرج، بەها، بایی، قیمەت.

ئەروەند :

ئەزمۆن، ئمتیحان، تاقیکردنەوە، هەڵسەنگاندن.... ئەم واژەیە بە چەندین واتەی دیکەش وەکار هاتووە بە چەشنی ... «رنج، حەسرەت، ئارەزو // سحر و جادو // شکۆ و شەوکەت و توندی // هەروەها بە ڕوباری تیژلە «دجلە»ش گوتراوە «ڕوباری ئەروەند» و فارسیش پێی گوتووە «اروندرود». لەم نووسراوەدا تەنها بە واتەی ئەزمۆن و ئمتیحان بە کارهاتووە.

ئەرێ :

بەڵێ.

ئەزمەند :

ئەزوەر، تەقەت، قایم‌کار، حریص«ع»، زۆرخواز، طماع«ع». واژەی «ئاز، `az» یەکسانە بە «حرص، طماع»ی عەرەبی، لە کوردی ئەمڕۆدا بەچەشنی هەزارەها ووشەی کوردی دیکە تەنها وەک نێو ناسراوە لەنێو نەوەی نوێی کورد دا «ئەزوەر».



www.koskikurd.com

ئەزوەر :

پڕوانە ئەزمەند.

ئەمشە :

«a-masha»ئەمەشە یاخود «a-mesha» واژەیەکی ئاڤێستاییە بە واتەی بێمەرگ. «a`، a» لە ئاڤێستادا هەندێ جار وەک نیشانەی نایەتی «نەفی» و هەندێ جاریش وەک نیشانەی نایەتی «ئیجاب» بەکارهاتووە، لێرەدا واتەی نایەتی دەبەخشێت وەک «نە» لە «نەمر»دا و «بێ» لە «بێمەرگ»دا. «مەشە»ش لە کوردەواریدا بۆتە «مێشە» کە دەڵێن «مەڕ مێشە» = «مەڕە مردووە».

ئەندەرز :

«andarz» یان «Handarz» ... پەند، ئامۆژگاریی.

ئەنگام :

«Hangam» کات، دەم، هەنگام، گا.

ئەنگەهە :

«angha» واژەیەکی ئاڤێستاییە بەواتەی ... چاک، خاس.
«Angho» ئەنگەهو = چاکترین. ئەنگەهە لە هەندێ سەرچاوەدا بە «vanghu» ڤەنگەهو نووسراوە.
بەرواژی «عەکس» ئەم وشەیە «Dugangha» «دوژئەنگەهە»یە و = خراپ و لە واژەی «Angho Vahishta» «ئەنگەهو ڤەهیشتە»دا دەکاتە «چاترین جیهان» بە واتەی «بەهەشت».

ئەنگەهە دەئێنە :

دینی چاک.

ئەنگەهۆ :

چاکترین.



«ب»

باب :

باوک ... لە پەهلەویدا «p`ap».

بار «b`ar» :

جار ... یەک بار، دوو بار، دووبارە.

بارگە :

ئەو شوێنەی کە ینکەی شا یاخود سەرکردەیە، کۆشکی شا، ئەو شوێنەی کە شا خەڵکی تێدا دەبینێت، شوێنی بار دانان، نشینگە، مەقەر، مەکۆ.

بارەوەر :

باردەر، بەردەر، بەرهەم دەر، مونتج.

بالاکە :

بەژنکە، بڕوێ، نموکە.

بانگداد :

بەرەبەیان، شەوەکی، سپێی دەمان.

بەخشایش :

لێبوردن، غفران «ع».

بەخشایشی ئەیزەدیی :

لێبوردنی خودایی، المغفره الاهیه «ع».

بەخشیش :

خەلات، پێشکەشی، هبە و عطاء «ع».

بەدید هاور :

بەدید هێنەر، دروستکەر، جێبەجێکەر، ئافریدکەر، خالق.

بەرئەنداز :

بەراورد، هەڵسەنگاندن، تقیم و مقایسە «ع». «ڤەرئەنداز و وەرئەنداز»یش هاتووە.

بەرابەر :

ڕوو بەڕوو، بەرامبەر.

بەرپابوونەوە :

هەستانەوە، هەستانەوە پاش مردن، قیامە «ع»، ڕۆژی بەرپابوونەوە = یوم القیامە.

بەرترین :

بەر = پێش، بەرتر = پێشتر، بەرترین = پێشترین = یەکەمین.

بەرتریی :



www.koskikurd.com

پێشتریی، ئەفزەلییەت، ئیمتیاز.

بەردەر :

بەرهەمدەر، باردەر.

بەرڕۆشن :

موئمن، ئیماندار. بەرڕۆشنان = موئمینان.

بەرزە دەست :

دەسەڵاتدار.

بەرزەدەستی :

دەسەڵاتداریی، استیبداد.

بەرزیگر :

وەرزێڕ، وەرزگر، فەلاح.

بەرفرازکردن :

بڵندکردنەوە، بەرەو سەرەوە ڕاکێشان (وەک دەست بەرزکردنەوە لەکاتی مونترادا «دوعا»).

بەرگوماردن :

بریکارکردن، توکیل«ع».

بەرواژکە :

بگەڕێنەوە، عەکس کەرەوە.

بەس :

فرە، گەلەک، کیفایەت.

بەستە :

پست، خوار، زەلیل.

بەست کردن :

قەدەغەکردن، ڕێگرتن، نەهێلان.

بەسێک :

گەلێک، فرە، زۆر.

بەسیارێک :

بەسێک.

بەهـ :

واژەیەکی ئاڤێستاییە «vah-vih ڤیهـ ـ ڤەهـ» بەواتەی چاک، خاس، باش، و ڕەگی لە زمانە ئوروپییەکانیشدا ماوە وەک لە «better»ی ئنگلیزیی کە یەکسانە بە «بهتر» و «vahishta»ی ئاڤێستایش یەکسانە بە «best».

بەهدین ـ بەهدینان :

«vah ڤەهـ»ی ئاڤێستایی + «daena دەئێنە ـ دین»ی ئاڤێستایی و وەک



دوو واژەی ئاڤێستایی دەکاتە چاکدینان و وەک زاراوە یەکسانە بە زەردەشتیان و مەزدا پەرستان و تەنها بە زەردەشتیان دەگوترێت بەهدینان و بەهدین و بەدینی زەردەشت دەگوترێت ـ دینی بەهی ـ .

بەهر :

سوود .

بەهرە :

بەش، نصیب«ع»// سوود، فائدە«ع».

بەهرە بر :

سوودبر، شەریک، هاوبەش.

بەهرەمەند :

سوودبر، سوودمەند، خاوەن بەش و سوود // هەروەها واتەی زیرەک و «موهوب»ی عەرەبیش دەدات .

بەهرەوەر :

بەهرەمەند، سوومەند.

بەهرەیار :

سوودمەند، بەهرەمەند.

بەهی :

ڤەهی، خاسی‌ی، چاکی‌ی. واژەیەکی ئاڤێستاییە.

بەهێزک ـ وەهێزک :

«Vahijak-Vahêzak» ڤەهێزک، ڤەهێژک... نێوی دوا پێنج ڕۆژی ساڵە و وە فارسی پێی‌دەڵێن «پنجە دزدیدە» و وە عەرەبی «خمسە مسترقە».

بەیاریی :

بە یاریدەی، بە یارمەتی‌ی، بەهاوڕێی‌ی.

بڕست :

توان.

بگرەڤن :

ئیمان بێنن، پەیوەندی بکەن ... «Gravitan» گرەڤتن = باوەڕکردن بە کەسێک یاخود شتێک، عەقیدە پەیدا کردن ... بڕوانە گرەڤ.

بیرگر :

گرەڤکەر، گرەڤ هێن، بیر هەڵگر.

بێ‌تاو :

بێ‌وزە، بێ‌تاقەت، بێ‌توان، مردوو، بێ‌ڕۆشنی، بێ‌گەرمی.

بێوەر ـ بێڤەر :

«bêvar» ئاڤێستا = ....١



www.koskikurd.com

بێڤەر ئەسپ :

«bēvar asp» خـــاوەنی دە هەزار ئەسپ... ئازنێوی زوحـــاک بووە.

بێنەوا :

بێچارە، قەلەندەر، هەژار، ناتوان، داماو، مستضعف«ع».

---

«پ»

---

پاداش «p`atd`aş» :

موزد، جەزای کاری چاک. واژەی پاداش لە فەرهەنگی دیکەدا هەمیشە یەکسانە بە سزای کاری چاک یاخود خراپ .. بەلأم لەم نووسراوەدا یەکسانە بە سزای کاری چاک تەنها و بەرواژەکەشی واژەی «پادئافرە»یە کە تەنها سزای کاری خراپە.

پادئافرە ـ پادەفرە :

سزای کاری خراپ × پاداش.

پادرەم «p`atram» :

پاترم، چینی خوارەوەی کۆمەڵ، خەلکی بێ پایەو دەسەلأت، رەعیە.

پادشا «p`ataxşa» :

پاتەخشە، فەرمان رەوا، شارەوان، مەلیک، بریکارەکانی«وەکیلەکانی» شاهنشا لە هەرێمەکانی ولأتەکەدا و یەکسانە بە پلەی «پادوسەپانی» سەردەمی ئانوشیروان کە ولأتەکەی کردبووە چوار بەش و هەر بەشەی بە پادوسەپانێک سپاردبوو و واژەی «پاد» کە لە رواڵەتدا «پات، p`at» یەکسانە بە «تەخت، تەختی‌شا» و پادوسەپان یەکسانە بە «تەختپارێز».

پاکدامەن :

داوێن خاوێن، دەست‌و دڵ پاک، طاهر«ع»، عفیف«ع».

پاکدامەنان :

الطاهرين«ع».

پاک دەئینە :

پاک دین، دین‌پاک، بەهدین، زەردەشتی.

پاک دەئینان :

بەهدینان، زەردەشتیان، خاوەنانی دینی‌پاک، اصحاب الدين العفيف«ع».

پەتیتە :

«paitita» ئاڤێستاییە . تۆبە، مەغفیرەت، مغفره«ع».

پەتواژ ـ پەتڤاژ :

«patvaç» ... بەشی «vaç ـ ڤەچ» ئاڤێستاییە و واتەی گوتە و قسە



www.koskikurd.com

دەدات و پەتڤاژ بەگشتی یەکسانە بە: وەلأم، جەواب // قەبوڵ، استجابه«ع».

پەدید «pat-dit, padit»:

بەدید، بەدیت، بێتە بەردید، بێتەدیتن، پەیدا، نەمایان، ظاهر«ع».

پەسەند :

دلگیر، بەدڵبوو، قبوڵ.

پە سو :

«pasu» :ئاڤێستاییە بەواتەی بەرخ. ئەمڕۆ و لەئەنجامی دەنگ‌گۆڕاندا بووە بە «پەز».

پەسین «pasên» :

پاشین، ئاخرین. رۆژی پەسین = يوم الاخره «ع»، رۆژی قیامەت.

پەسین رۆژ :

رۆژی پەسین، دوا رۆژ، رۆژی قیامەت، يوم الاخره «ع».

پەند :

ئامۆژگاریی، نەسیحەت.

پەی بردن :

تێگەیشتن، هەست پێکردن، و = ادراک«ع».

پەیدا :

دیار، ئاشکرا.

پەیڕۆ :

ئەوەی لە شوێن پێی یەکی دیکە دەڕوات، باوەڕ پێکەر، تابع «ع» .

پیرۆز :

«aparveç, pêroç» ... سەرکەوتوو، بە ئاوات گەیشتوو، شاد.

پیرۆزگر :

پیرۆزی‌گر، پیرۆزیی‌دەر، دروستکەری پیرۆزیی، (مظفر، فاتح، منتصر)«ع».

پەیکار «patk`ar» :

جەنگ، نەبەرد، رەزم .

پەیوەست «patvast» :

هەمیشە، بەردەوام، دوو شتی کە پێکەوە لکابن، (مترابط، دائم)«ع».

پەتڤەست :

پەیوەست.

پەیوە ستە :

هەمیشە.

پەیوەستکەرانی راستیی :

لایەنگرانی راستیی، انصار الحق«ع».

پرتەو :
روناکیی، تیشک، فرۆک، نور«ع»، پیاوێکی پرتەو = پیاوێکی نورانیی.

پرتەو بینیی :
بینین و وێنەگرتنی ئەندامەکانی لەش بە تیشک، تەشیعە.

پرسف :
وەلآم.

پرئاوازە :
نێودار، بە ناوبانگ، بەرێز.

پردەو :
توند دەو، سریع«ع».

پس :
کوڕ.

پست :
زەبوون، حقیر«ع».

پل ـ پول :
پرد.

پلید :
ناپوختە، پیس.

پۆریۆدکێشان :
لە خودی ئاڤێستادا بە «paoiryo Tkasha» پوریوتکشە هاتوتە نووسین و بەشی یەکەمی... پوریو، فوریو = پێش. و بەشی دووەمی... تکشە = «کش»ی پەهلەوی و «مذهب»ی عەرەبی و هەردوو بەش پێکەوە = یەکەمین پیروانی ئایینی زەردەشت... واتە «ئەسحابە».

پێبەرجێیی :
مان، خۆڕاگریی، بەردەوامیی، ثبات«ع».

پێشگە ـ پێشگا :
پێش دەرگە، دەرگە، هەیوان، بارەگە.



« ت »

تا :
تاو، تاب، توانایی، تاقەت، گەرمیی، ڕۆشتایی.

تاباک :
تاواک، تاولەرز، تا، بێ ئارامیی، بێ قەراریی، اضطراب«ع».

تابان :
درەخشان، روناک، ڕۆشنایی‌دەر.

تابە :
مورژ، تاوە، دەسگەیەکی میتالّی پانی ڕۆخدارە گۆشتی تێدا سووردەکرێتەوە.

تاخت «T`axt» :
هێرش‌بردن، شالاو. ئەمڕۆ لە «تاخت و تاز»دا ماوە و نەم بیستووە کەس بەتەنها بەکاری بێنێت. واتەکانی دیکەی ئەم واژەیە... دەوین، ڕاکردن، توندڕەویی.

تاو :
پروانە تا.

تاوناک :
تابان.

تە :
تۆ، ئەتو.

تەپاه «Tap`ah» :
خراپ، گەندەڵ، فاسد«ع».

تەپاهکار :
خراپەکار، موفسد«ع».

تەپاهکەران :
خراپەکەران، تێکدەران، موفسدین«ع».

تەپاهکردن :
تێکدان، خراپکردن، ڕماندن، تدمیر و افساد«ع».

تەپاهی :
افساد«ع».

تەرگ «Targ» :
کلاوێکی ئاسنینە لە کاتی جنگدا لە سەر دەکرێت، خۆدە«ع».

تەرمەنشیی :
خۆبینی، غروریی، ترزلیی، تەرومەتی«ئاڤێستایی».



www.koskikurd.com

تەرمەنشنە :
«مەنش= ئەخلاق»، غوروور، مغرور و متكبر «ع».

تەرومەتی :
«Taromati» ئاڤێستایی. تەرمەنشیی. هەروەها نێوی دێوی «رب النوع» ئازار و ئەشکەنجەیە لە ئاڤێستادا و بە «تەئورڤی ـ Taurvi» یش نێو براوە دژ بە «هورڤەتات»ە.

تەرومەند :
عابث «ع». بێهودە کار، یاوەیار.

تەرومەندان :
عابثین «ع».

تەکاوەر :
توند دەو، سریع، تیژ ڕەفتار، ئەسپی تونددەو، «تەگاوەر»یش گوتراوە.
واژەی «تەک» لە پەهلەویدا = دەوین و غار.

تکشە :
«Tkasha» «ئاڤێستایی». ئایینزا، مەزهەب. لە پەهلەویدا بۆتە «دکشە».

توان «Tuw`an» :
هێز، زۆر، تاقەت.

توانگرتن :
هێزوەرگرتن.

تەورزین :
چەکێکی دێرینە زەمان و کەونە و بریتی بووە لە تەورێکی مەزن کە لەکاتی سواریدا دەیانکرد بەزینی ئەسپەکانیانەوە و بۆیە پێی گوتراوە «تەورزین».

تووش :
توانا، هێز، تاقەت.

توشە :
زاد، خۆراک. کەمێ خواردن کە لە کاتی ڕێبواریدا لەگەڵ خۆ دەیبەن.

« ج »

جادوان :
جادوگران، لە دێرین زەماندا واژەی جادو واتەی جادوگری ئەمرۆی هەبووە و پاشان وای لێهاتووە کە جادو = سحر و واتەی ساحیر لەدەست بدات.

جان :



گیان.

جانپەنا :
سەنگەر.

جان سپار :
گیانسپار، پێشمەرگە، گیانفیدا.

جان سپاردن :
گیاندان بە شتێک یان کەسێک، شەهیدبوون.

جان وەر :
جانەوەر، گیاندار.

جە :
لە.

جەستووە :
بەدەست هێناوە.

جوان مەنش :
فرزتەن، متواضع «ع».

جۆش :
گەرمی، کوڵان، شۆرش، هیجان «ع».

« چ »

چ :
چونکە، کە.

چارپێ :
ئاژەڵ.

چە :
چونکە.

چەکاد :
دەندوون، لووتکە، قولە.

چەکامە :
واژەیەکی گەلەک کەون و دێرینە و = هۆنراوە، شعر. «چامە»ش گوتراوە.

چەمەن :
سەوزەزار، مێرغوزار / گیا، چیمەن.

چرەگە :
لەوەرگە. شوێنێکی پڕ گیاو گۆڵە و بۆ لەوەڕ دەست دەدات.



www.koskikurd.com

چسان :

چۆن .

چی :

کە ، هەرچەندە .

چیرە :

سەرکەوتوو ، پیرۆزمەند .

چینڤەت :

« çinvat pul » پردی چینوەت یان چینڤەت ـ یەکسانە بە « السراط المستقیم »ی دینی ئیسلام. بەپێی دینی زەردەشتی ئەم پردە بەسەر دوزەخدا دەکشێت، چوار ڕۆژ پاش مردنی مرۆڤ گیانی دەگاتە سەر ئەم پردە، و لەوێ وەک ئاڤیستا دەڵێت ڕوو بەڕووی کردارەکانی جیهانی دەبێتەوە. گەر ئەو گیانە گیانی مرۆڤێکی پاک « ئاکار و گوفتار و ئەندیش » بێت، ئەوە فریشتەیەک دێتە سەر ڕێی و دەیپەڕێنێتەوە و گەر گیانی مرۆڤێکی ئاکە بێت ئەوە پەیکەرێکی فرە ناشرینی لێ پەیدا دەبێت و تورێ دەداتە دوزەخەوە.

---

## ـ خ ـ

---

خانومان :

خێزان .

خەدە :

ئاڤێستایی. کەدە، خانوو، ماڵ.

خەهـ :

ئارەقی لەش.

خرۆش :

جۆش، بانگ و فریادی تووڕەیی و دڵتەنگی، هەڵچوون، هیجان « ع ».

خشەترەڤەریە :

« khshathra vairya » ئاڤێستایی. خشەترە = وڵات / شا ، و ڤەیریە = هەڵبـژێردراو = شای هەڵبـژێردراوی وڵات = شارەوان. ئەم ناوە لە فارسیدا کردویانە بە « شەهریوەر » ، لە هەندێ نووسراودا کە بەر چاوانم کەوتوون واتەی ئەم ناوەیان بە « توانا و دەسەڵات » داوە.

خڤەئیتوش :

« xvaetush » ئاڤێستایی. جەنگاوەر، لە گاثادا یەکسانە بە چینی جەنگاوەران کە یەکێک بووە لە سێ چینەکەی کۆمەڵی ئەو سەردەمە.

خواردانانی :



خوار، خڤار = زەبوون، هیچ و پووچ، زەلیل، حقیر. خواردانان = بە خوار زانینی، بە حەقیر زانینی.

خوازیار :

ئارەزوودار.

خوازیارم :

خواستارم.

خواستار :

داواکەر.

خوایش :

خواست، ڕجا، رجاء « ع ».

خو :

خاس، چاک.

خودان :

خاوەن، خودا.

خود ستایی :

خۆ ستایش کردن، خۆ مەدحکردن، غرور.

خورسەند :

خورەم، شادمان، خۆشنوود.

خورشید :

خۆر. شێوە ئاڤێستاییەکەی ئەم واژەیە « هورەخشیتە »یە، بەشی دووەمی واتە « شیت » کە دەنگی « ت »ی لە « خورشید »دا گۆڕاوە بە « د » یەکسانە بە درەخشان و ڕۆشن و لە ناوی « جەمشید » یشدا کە لە ئاڤێستادا ناوی هەمان پێغەمبەرە کە لە دینە سامییەکاندا ناوی « نوح »ە ئەو « شیت »ە دەبینین ناوەکە دەکاتە، جەمی درەخشان واتە « جەمی جوان ».

خوسار :

لق.

خۆشا :

خۆزگە.

خۆش ئەندام :

جوان.

خۆشنوود :

خۆشحاڵ، شادمان.

خۆشنوودیی :

خۆشحاڵیی، شادی.



www.koskikurd.com

دادە :

دیاری، خەلات، عطیە «ع».

دادار :

داد بەدەست، داد دەر، حاکم، حکم «ع». یەکێکیشە لە نێوەکانی ئەیزەد.

داد دەر :

داددار.

دادگر :

داددار.

دادوەر :

داددار.

دادوستان :

گفتوگۆ، دیالۆگ / ستیز، جیدال، موناقەشەت.

دەئێنە «Daena» :

دەمێکە دەئێنای ئاڤێستایی گۆڕاوە بە دین و زمانەکانی دی لە ئاڤێستایی‌یەوە وەریان گرتووە بۆ نموونە زمانی عەرەبی. واژە و ووشەی دین هەمیشە بەو واتەیەی کە ئەورۆ هەیەتی بەکار هاتووە بەلاّم وەک واژەکی ئاڤێستایی واتەی «ویژدان»ە گەر وەک واژەیەکی ڕووت بیرپوانینێ. نێوی «بەهدینان» کە تا ئەورۆ وەک نێوی هەرێمێکی کوردستان لە بەکارهێناندا ماوە لە دوو واژەی ئاڤێستایی پێک هاتووە (بیسهـ + دین) و «بیسهـ» گۆڕاوە بە «بەهـ» کە دەکاتە «چاک»، و نێوەکە بۆتە بەهدینان، ئەم نێوە تایبەتە بە زەردەشتی‌یان، واتە «بەهدینان» یەکسانە بە «زەردەشتی‌یان» و بە عەرەبی دەبێتە «اصحاب الدین النبیل».

دەئێنەی ڕاستین :

دینی ڕاستین، دین الحق «ع».

دەخێو :

دەخیوک، واژەیەکی ئاڤێستایی‌یە، لە هەخامەنشی‌دا «dahyu» دەهیو بە ولاّت گوتراوە بەلاّم لە ئاڤێستادا «dakhyu» هاتووە. ئەم واژەیە لە فارسیدا بۆتە «دە» و لە کوردیدا بۆتە «دێ». نێوی شاری «دهۆک» لە پشماوەی دەخێوکی ئاڤێستایی‌یە و تەمەنی لە ۲٦.. سالّ پترە. لەم نووسراوەدا تەنها بەواتەی «ولاّت» بەکارهاتووە.

دەدان :

لە پەهلەویدا بە «dat» نووسراوە، «دەد» واتە جانەوەری دڕندەی وەک شێر



و پلّنگ و هتد ...، حیوانات وحشیە «ع»، و دژ بە ووشەی «دام» کە یەکسانە ئاژەلّ و جانەوەری مالّی کە بە عەرەبی پێ‌ی دەلّێن «حیوانات الیفە». دەدان کۆی «دەد»ە.

دەستائێم ـ دەستایەم :

ستایش دەکەم.

دەسروودم :

سروود دەلّێم و دەخوێنمەوە.

دەستیاری :

هاوکاری، یارمەتی، یاریدە.

دەم :

کات، گاهـ.

دەماندن :

جولاّندن، تاودان، بەگەڕخستن. کە دەلّێن «خوونت لە ڕەگەکانمانا دەماند» یەکسانە بە «اجریت في عروقنا الدم»ی عەرەبی.

دەمەنەمە :

ئاڤێستایی، «demanaem» لە «گاثا»دا هاتووە ، «خێزانێک».

دەمساز :

هاونشین، پێک دوان، یار، هاوڕاز، سازگار.

دڕە :

ڕێ‌ی نێوان دوو کێو، ڕێ‌ی دوورو درێژی نێوان دوو زنجیرە چیا، ئەو زەوی‌یەی کە ئاوی باران یان بەفری چیاکان یان سەرچاوەی ئاو و کانیەکان دەیدڕن و ئاویانی پێدا دەڕوات.

درەخشان :

تاوناک، رۆشن، تابان، ڕووناک.

درژەنغو :

ئاڤێستایی، «dujanghu» دوژئەنغو، دوژئەنگەهو. ۱ ـ دوژ = دژ = خراپ. ۲ ـ ئەنغو، ئەنگەهو = ئارا، بوون، وجود. ۱ + ۲ = ئارای دژ «الوجود المظاد» . ئەم واژەیە ئەمرۆ بووە بە «دۆزەخ».

دژورشت :

ئاڤێستایی، «Dugvrshta» دوژڤرشتە = کرداری بەد و خراپ.

دکشە :

لە ئاڤێستادا بە «Tkasha» تخشە، تکشە، نووسراوە و یەکسانە بە ووشەی «مذهب»ی عرەبی و لە پەهلەویدا بووە بە «کیش».

دلّدادە :



www.koskikurd.com

شەیدا، عاشق.

دوژ :

ئاڤێستایی‌یە «dug» . دوژ، دژ. خراپ، بەد.

دوژ ئوخت :

«duguxta» ئاڤێستایی. دوژئوختە = گوفتاری بەد و خراپ. وەکو پێشتر باس کرا «دوژ» دەکاتە «ئاکە، ڤترە، بەد، خراپ» و «ئوخت،ئوختەت» لە کوردیی نوێدا بۆتە «ئاخاوت» و واژەکە بە گشتی دەکاتە «ئاکە ئاخاوت».

دوژڤرشت :

«dugvarshta» ئاڤێستایی. دوژڤرشتە، ڤرشت دەکاتە کردار و لە کوردیی نوێدا بۆتە «ڕەوشت، ڕەڤشت» و واژەکە بەگشتی دەکاتە «ئاکە ڕەوشت، بەد ڕەوشت، بەدکردار».

دوژمەنەهـ «dugmanah» :

ئاڤێستایی. «مەنەهـ، مەن، مەینیەڤە»ی ئاڤێستایی یەکسانن بە «بیر، فکر، ئەندیشە» و لە زمانی کوردیدا «دوژمەنەهـ، دوژمەن» بەشێوەی دوژمەن ماوەتەوە و واتە ئاڤێستایی‌یەکەی دەکاتە «ئاکە مەن، ئاکە ئەندیش، بەد بیر ...هتد». ئەو «مەنەهـ و مەنە» لە کوردی نوێدا واتەی بیر و هۆشی لەدەست داوە بەڵام لە گەلی زار و زمانی دیکەی هیندۆئۆروپیدا ماوەتەوە وەک لە ئینگلیزیدا دەڵێن «mean» و لە ئەڵمانیدا دەڵێن «meinen» . ئەم واژەیە لە پەهلەویدا بۆتە «menishn» و لە فارسیدا «مەنش»، و لە کوردیشدا بایی ئەوەندەی ئەمن لێی بزانم لە «مەن»ی دوژمەندا ماوە و گەر لە واژەی دیکەدا ڕەگ و بنەمای مابێت ئەوە من ئاگام لێ‌نی‌یە.

دوژمتان :

«dugmata» ئاڤێستایی. دوژمەتە، دوژمەت = ئەندیشەی بەد، ئاکە ئەندیشیی.

دوژمەن :

دوژمەنەهـ .

دوژمەنی :

خراپ بیریی، دژبیریی، عداء فکری «ع».

دووکانەکی :

دوو سەرچاوەیی، دووڕەگی، دوو خودایی، «شرک»ی عەرەبی.

دیدکردن :

دیتن، بینین.

دیگ :

مەنجەڵ.



www.koskikurd.com

دین :

وەک لە باسی «دەئینە»دا باسمانکرد دین ووشەیەکی ئاڤێستایی‌یە و ووشەی «ئایین»ی کە ئەوڕۆ لەبری «دین» بەکاری دێنین یەکسانە بە «یاسا، ڕێڕەو، قانون» و ووشەی یاسا ووشەیەکی مەغولی‌یە جا ئێمە بۆچ دینمان بەخشیوە و بردووە بە بووک بۆ زمانی دی و بۆچ ئایین«قانون»مان خستۆتە شوێنی و بۆچ یاسای مەغولیمان هێناوەتە شوێن ئایینی کوردی ئەوە نازانم!

دێرپا :

بەردەوام، پایەدار، نەمر، هەمیشەیی، خالد«ع».

دێرگاهێکە :

لەمێژە، دەمێکە.

دێگ :

مەنجەڵ.

دێو :

«d`eva, divhe» ئاڤێستایی. «دیڤ» نێوی کۆنترین خواکانی نەتەوە ئەرینیەکانە «ئاریەکانە» و یەکسانە بە واژەی «رب النوع»ی عەرەبی. وەک ئاشکرایە بەر لە زەردەشت ئەرینەکان باوەڕیان بە «فرە خودایی ـ تعدد الاله» هەبوو و بەو خودایانەیان دەگوت دیڤ جا دێوی ئاو هەبوو دێوی دار هەبوو دێوی کین هەبوو ... هتد. زەردەشت دژ بەم خودایانە و ئایدیۆلۆژی‌یەتی فرەخودایی وەستا و لەنێوی برد و پایەی یەک خودا پەرستیی داکوتا و لە زەردەشتەوەیە ئەو ڕامان و وێنەیەی کە ئەمڕۆ هەمانە بەرابەر بە دێوان کە ناشرین و خراپن و پاشماوەی دینی پێش زەردەشتە کە ئەمڕۆ چیرۆکی کوردی باسی «دێو سپی و دێوی ڕەش» دەکات واتە دێوی باش و دێوی خراپ کە دەکاتە ئەیزەدانی چاکە و چاکی و ئەیزەدانی خراپە و خراپی کە ئەوەش لە خۆیدا بەشێکی گرنگی فەلسەفەی دینی کورد بووە پێش پەیدابوونی فەلسەفەی زەردەشتی.

دیوان :

ارباب الانواع «ع».

دێویسنی :

دێو پەرستی. گەر ئەم واژەیە بکەینەوە بە کوردی نوێ دەبێتە (دێو + یسنی «پەرستی» فرەخودا پەرستی و دوور نی‌یە وەک مامۆستا مەسعود محەممەد دەڵێت ئەم «دێویسنی»یە ئەوڕۆ بۆتە «داسنی». ئەم واژەیە بەرواژی«عەکسی» واژەی «مەزدیسنی»یە کە یەکسانە بە مەزداپەرستی واتە یەکخودا پەرستی.

## — ر —

ڕات :

ڕاد ، نەجیب . لە ئاڤێستادا بە «rta» نووسراوە = دروستی ، ڕاستی ، پاکی ، بە فارسی دەبێتە «نظم نیکو» .

ڕاتی‌ی :

ڕادیی ، نەجابەت .

ڕادمەرد :

نەجیب .

ڕازڕنگ :

شاڵودەی ڕازی هەیە ، ڕازاویی .

ڕام :

خووگرتە ، ئارام ، ئولفەت گرتە ، فەرمانبر × سەرکێش . الیف «ع» .

ڕامان :

ئەنگار ، تصور«ع» .

ڕەثە :

«ratha» ئاڤێستایی . گەردوونە ، عەرەبانە . ئەوڕۆ لە بەر ئەوەی دەنگی «ث» لە زۆربەی زارۆچکەکانی زمانی کوردی نەماوە ، ئەو نێوە دەبێتە «ڕەتە» و شایەنی ئەوەیە کە بژیێندرێتەوە و بۆ نموونە بڵێن زارۆڕتە «عەرەبانەی منداڵان» و ئەسپەڕەتە و . . . هتد .

ڕەزم :

جەنگ ، هەراو هۆریا ، بەزم و ڕەزم .

ڕەزم ئەفزا :

شەڕ خۆشکەر ، یەکێکە لە ڕەوشتەکانی مەی .

ڕەشک :

حەسادەت .

ڕمە :

گەلە ، ڕەوە ، مێگەل .

ڕەنج :

ئازار .

ڕەوان بوو :

دەما ، جاریی بوو .

ڕووسپی :

ژەهـ ، جەهـ ، مەردبارە ، قەحپە .



ڕۆژی ئاواژ خواست :

ڕۆژی قیامەت .

ڕۆژی پەسێن :

ئاخیرەت ، ڕۆژی قیامەت .

## — ز —

زادە :

نەوە ، ڕۆڵە .

زادەبوون :

لە دایک بوون .

زەبرەدەست :

بەرزەدەست ، ژێردەست ، بەدەسەڵات ، تونا ، مستبد«ع» .

زەبوون :

بێ‌چارە ، پست ، ژێردەستە .

زەرین :

زێڕین .

زەوی :

خاک ، ئاخ ، ئەرز .

زەمین :

کورەی ئەرز .

زشت :

پیس .

زمانێکی کارەنگ :

زمانێکی توانا ، «لسان فصیح ، لسان بلیغ» «ع» .

زۆر :

هێز ، قودرەت .

زۆرمەند :

بەهێز ، بەتوانا .

زێوەرکردن :

ڕازاندنەوە ، ئارایش کردن .



www.koskikurd.com

## – ژ –

ژ :
لە، جە.

ژەھ :
قەحپە، مەردبارە، بە «جەھ» یش نووسراوە.

ژەرفا :
قولایی.

ژەنگار :
ژەنگ.

ژتو :
لە تۆ.

ژوەی :
لەوەی.

ژوی :
لەو، لە ئەو.

---

## – س –

---

سەرا :
خانە، خانوو، جێ، خانووی گەورە.

سەرای هۆشیاران :
بەهەشت.

سەرزەنشگران :
سەرکفت کەران، لۆمەکەران، تانە و تەعنە لێدەران، توانج گران.

سەرگەردان :
سەرگەشتە، حایر / ئاوارە، دەربەدەر.

سەنجیدە :
هەڵسەنگێندراو، ئەندازە گیراو، تاقیکراوە، موزون «ع».

سەروەر :
سەروان، پێشەوا، سەرفیراز.

سپەنتەمینۆ :
«Spanta Mainyava - Spanta Mainyu» ئاڤێستایی. ئەم ناوە وەک ناوێکی ئاڤێستایی لە دوو برگە پێک دێت: ١. سپەنتە، کە دەکاتە



«ئاشو» واتە «موقەدەسی عەرەبی»، لە پەهلەویدا «ئاشوی» لە شوێن بەکارهاتووە و لە هەندێ سەرچاوەشدا «سپەند». ٢. مەینیەڤە، ماینیەڤە، ماینو، مینو، کە دەکاتە گیان و ڕەوان. و بە گشتی دەکاتە «گیانی ئاشویی» کە بە عەرەبی پێی دەڵێن «روح القدس» و بەرزترین فریشتەی دینی زەردەشتە و دژ بەم فریشتەیە «ئەنگرە ماینیە، ئەنگرە مەینیەڤە، ئەنگرە مینو» «Angra Mainyava - Angra Mainyu» هەیە کە دەکاتە «گیانی خراپە» واتە ئەهریمەن.

سپیدەمان :
بەرە بەیانیان.

ستایش :
مدح، ثناء، حمد «ع»، بەدەرخستنی چاکە و چاکی شتێک یاخود یەکێک، پێدا هەڵگوتن، ئەم واژە پەهلەوییە یەکسانە بە «Yezeshn»ی ئاڤێستایی و زۆربەی کات لەتەک «نیایش»دا بەکاردێت کە یەکسانە بە، نیازو دوعا.

ستایندە :
ستایشگر، کەسێکی کە یەکی دی ستایش کات.

ستێز :
دەمەقاڵێ، جدال «ع»، ناسازگاری.

ستێزە :
ستێز.

سرشت :
نیهاد، «طینە، فطرە» «ع».

سروش :
«Srog» فریشتەیەکی دینی مەزدیسنییە و یەکسانە بە «جوبرائیل».

سزاوار :
شایەن، لایق.

سۆک :
موسیبەت. «سۆگ»یش گوتراوە.



www.koskikurd.com

شاداو :

تەڕوبڕ، تەڕو تازە.

شادکام :

شادمان.

شاکار :

کاری بێپاداش، کارێکی کە کەسێک دەیکات و بەرابەری نادەنی یاخود وەریناگرێت، ئیشی بەلاش.

شایستە ڕەفتاریی :

ڕەفتاری لایق و شایان، عەدالەت.

شەترەنج :

واژەیەکی سەنسکریتییە «هندیی کۆن» «چەتورەنگە»، چەت = چار، چوار، و رەنگ = ڕەنگ و بابەت، کە مەبەستی لە «چوار پایەکەی لەشکرە» واتە «فیل، ئەسپ، ڕەتە (عەرەبانە)، پیادە».

شەوتا :

شەوتاو، ئەوەی بە شەو بدرەوشێتەوە، شەوچرا.

شەودێز :

شەو ڕەنگ، ڕەش، سیا.

شەوزندە :

کەسێکی کە شەوان نەنوێت و تابەیان دانیشێت.

شکۆ :

مەزنی و زەندیی، عیزەت و جەلال و هەیبەت، شەوکەت.

شوثرم :

«Shiothrem» ئاڤێستایی. عەشیرەت، خێڵ.

شۆر :

هەراو هوریا، «شەڕو شۆر»، هەڵچوون، فوضی «ع».

شیرە :

ئاوی میوە، گوشراوی میوە، شەربەت.



www.koskikurd.com



فەرا :

ئەم واژەیە لە «xvareno ,xvarenah» «خڤەرنە، خڤەرنو»ی ئاڤێستاوە ماوەتەوە و «فراوان»دا بە شێوەی «فرا» و واتەی، پێش، بەرایی / گەلەک، زۆر، دەدات و لەم نووسراوەدا بەم واتایانەو بەزۆریی بە واتەی «گەلەک، زۆر» بەکارهاتووە. واژە ئاڤێستاییەکە چەند ڕەنگێکی دیشی لە کوردیدا ماوەتەوە، وەک، «فەڕ» لە «بێفەڕ، بەد فەڕ، فەڕت خواتەوە، فەڕی بزرێنت»دا ماوەتەوە. هەروەها «فرە» کە دەکاتە «زۆر» و لە ئینگلیزیشدا تا ئەمڕۆ بە هەمان واتەی کوردی ماوەتەوە، فرەخاس = Very good. لە ووشەی فەرهەنگیشدا دەیبینین، «فەر» لە «فەرا»وە هاتووە کە لێرەدا واتەی «پێش» دەدات و هەنگ لە «thang»ی ئاڤێستاوەیە کە واتای «کێشان = ڕاکێشان» هەبووە و بەو پێیە «فەرهەنگ» دەبێتە «بەرەوپێش کێشان = بەرەوپێش بردن»، دەنگی «ث» لە «ثەنگ»ی ئاڤێستادا گۆڕاوە بە «هـ» لە هەخامەنشیدا و بۆتە «هەنگ».

فەرمانبر :

فەرمانوەرگر، فەرمان جێبەجێکەر، «مطیع، منفذ» «ع».

فەرمانبریی :

گوێ ڕایەڵی، طاعە «ع».

فەرەهـ، فەڕەهـ :

شکۆ، جەلال، شەوکەت / هێز.

فەڕەهکەر :

فەرەحکەر، گوشایش بەخش، فراوانکەر.

فر، فەر :

فرە، زۆر / بەر، پێش.

فرابەخش :

زۆرکەر، فراوانی بەخش، یەکسانە بە «افزایش‌بخش»ی فارسی.

فراز :

بەرز، بڵند.

فرازکشاو :

بەرەو سەرەوە چوو، بەرزکراو.

فرازکردن :

بەرزکردن، بڵندکردن.

فرایی‌بەخش :

فرابەخش .

فره :

گەلەک .

فرەزان :

« حکیم »« ع » ، پیری موغان ، هۆشمەند .

فرەزانی :

حیکمەت ، هۆشمەندیی .

فرەزانەکی :

فرەزانی ، حیکمەت .

فرەگەرد :

بەشێکی پەرتووک ، یەک فەسلی کیتابێک ، فصل« ع » . ( ڤیندادَ ) یەکێکە لە پێنج بەشەکەی ئاڤێستا ، و نێوی هەر بەشێک لە بەشەکانی ڤینداد « فرەگەرد »ە .

فرەمەندیی :

پڕ شکۆیی ، پڕتوانایی ، « شأن ، رفعه »« ع » .

فرۆمایە :

ناکەس ، بێ‌قیمەت ، بێ‌ئەخلاق .

فرۆک :

ڕووناکی ، ڕۆشنی ، تاو ، « نور »« ع » .

فرەیی :

فراوانی ، « وسعه »« ع » .

فزایش :

فەرا .

فریو ـ فریۆ :

هەڵخەڵەتاندن .



www.koskikurd.com



ڤەخشوور ـ ڤەخشۆر :

پێغەمبەر ، ئەم نێوە تایبەتە بە « زەردەشت » و بۆ هیچ پێغەمبەرێکی دی بەکارنایەت .

ڤەخشووبەریی :

پێغەمبەریی .

ڤەخشۆرپەند :

شریعەت ، « وەخشۆرنیهاد »یش گوتراوە .

ڤەرەزەنو :

« verezeno » ئاڤێستایی ، وەرزێر ، فەلاح .

ڤەنگەهو :

« vanghu » ئاڤێستایی . چاک ، باش ، خاس ، نیک . کەرتی « vah » کە ئەوڕۆ لە فارسیدا بۆتە (بە) و لە کوردیدا لە « بەهەدینان » و « بێ‌شەما = بیهـ شەما ، بەواتەی بۆخۆش » و لە « با »ی « باش »دا دەیبینین .

ڤەنگەهو ئەندیشان :

ئەوانەی خاوەنی بیری چاکن ، چاک ئەندیشان .

ڤەنگەهو خواز :

چاکە خواز .

ڤەنگەهو مەنشیی :

چاک مەنشیی ، ئەخلاقی چاک .

ڤەهـ :

ئاڤێستایی ، چاک ، بڕوانە ڤەنگەهو . ڤەهتر ـ ڤەهترین :چاکتر ـ چاکترین . واژەی « ڤەهیشتە »ی ئاڤێستایی کە ئەوڕۆ بۆتە « بەهەشت » = چاکترین ، لە نێوی « ئاشەڤەهیشتە ـ چاکترین ڕاستیی »دا دیبینین و لە تەک « ئەنگەهو = ئارا ، وجود » « Angho »شدا ، و لە (« Angho vahishta » « بەهترین ئارا و وجود ، چاکترین جیهان = بەهەشت »)دا دیبینین و دژەکەی « دوژ ئەنگەهو = بوونی دژ = دۆزەخ » و « ئەنگەرە »ش هەر = « خراپترین ، پیس ، ئاکە » ، وەک لە « Anghra manah » دەردەکەوێت ، کە دەکاتە « ئەنگەرە مەنەهـ = ئەنگەرە ماینیەڤە = ئەهریمەن = خراپترین بیر ، هۆشی پیس » . « Angha » « ئەنگەهە »ش = چاک ، و « Dug angha » « دوژ ئەنگەهـ » = خراپ .

ڤەهـ دین :

بەهدین ، چاک‌دین ، مەزدیسنی .

ڤەهرۆژیی :

چاکڕۆژیی، خۆش ڕۆژیی.

ڤەهو :

«vaho» ئاڤێستایی. چاک، باش. لە «ڤەهومەنەهـ ـ چاکترین ئەندیشە، ئەندیشەی چاکان»دا دەیبینین.

ڤەهومەنە :

«Vahumana» ئاڤێستایی. ڤەهو = چاک، نیک. مەنە = ئەندیشە، هۆش، ئەندیشەی چاکان. نێوی یەکەمین تەنی جیهانی فریشتانە، نوێنەری ئەندیشەی چاک و هۆش و زانایی «ئاهورامەزدا»یە و ئامۆژدەری گوتاری چاکە بە مرۆڤ. بە فارسی پێی دەڵێن «بەهمەن».

ڤەهیشتە :

ئاڤێستایی. چاکترین، باشترین و یەکسانە بە bestی ئینگلیزیی.

ڤترە ـ وترە :

ئاکە، خراپ، بەد.

ڤچ :

«vaç» ڤەچ، ئاڤێستایی. گوتار، گوتە، قسە. لە سانسکریتیدا «ڤاچ» و لە پەهلەیدا کردویانە بە «ڤاج» و «ڤاچەک». لەم ڕیشە ئاڤێستاییەوە، voice ئینگلیزی voix فەرەنسی vox لاتینی، هاتووە و (باژ، واج، واچ، واژ، ووشە، بێژە، واتە، ووتە، واچۆ، ئاواز، ئاوازە، گوواژە، گوواژ، ئاوا) ئەوانیش دەچنەوە بۆ ئەم ڕیشەیە. باژ، بەو دوعایانە گوتراوە کە زەردەشتیان بە ئەسپایی و لە ژێر لێوەوە خوێندویانەتەوە و دەیخوێننەوە.

ڤرشت :

ئاڤێستایی. کردار، ئاکار، بڕوانە (دوژڤرشتە، هوڤرشتە).

ڤژەککاران :

گوناهکاران، «بزەکاران»ی فارسی و یەکسانیشە بە (مجرمین)ی عەرەبی.

ڤژەهکاران :

ڤژەککاران، گوناهکاران.

ڤهشتمئاهیمئاشونام :

ئاڤێستایی. بەهەشت، لە ئاڤێستادا ووشەی بەهەشت بەم شێوەیە هاتووە و لە وەرگێڕاندا بۆ پەهلەی کراوە بە «ڤشوم ئاخوان ئاشوان» بەواتەی چاترین جێی پاکان یا چاترین حاڵەتی پاکان.

ڤیم :

ترس، ویم، بیم.





کارا :

چالاک، «فعال»ی عەرەبی.

کاراترین :

چالاکترین.

کارەزار :

شەڕەزار، جدل «ع»، ناسازگاریی.

کارساز :

کاریگر، مؤثر «ع».

کارەنگ :

پێگەیو، زمانێکی کارەنگ = لسان فصیح، لسان بلیغ «ع».

کاڵبەد :

لەش، بەدەن، یەکەم جاری چاوم بەم واژە پەهلەوییە کەوت مێشکم بۆ ووشەی «قەلب، قالەب» چوو کە لە کوردیدا لە هەندێ ناوچە لەبری «لەش» بەکاردێت و دەڵێن «قالبم دێشێ، قەلبم دێشێ» و تا ئەوڕۆش لەوباوەڕەدام کە ئەو «قالب، قەلب»ە هەر ئەو «کاڵبەد»ەیە.

کام :

ئاوات، موراد. لە «کامەران»دا دەیبینین.

کامڕەوا :

کامەران، کامیار، خۆشبەخت.

کامیار :

کامەران.

کەدە :

کەیە، خانوو، ماڵ، کەیل لە کوردیدا بە خانووی بچوکی سەر تەگیراو دەگوترێت و لە ووشەی «کابان»یشدا ڕیشەی کەدە ڕوونە. زەردەشتیەکان تا ئەوڕۆ بە خانوو دەڵێن، «خەدە، کەدە».

کەدبانو :

خانمی ماڵ، کابان.

کەدخودا :

خودا = خاوەن، خاوەنماڵ.

کەنش :

کونش، ڕەوشت، کاروکرداری چاک یان خراپ.

کەنیشک :



www.koskikurd.com

دوێت، کچ، (عذراء)

کەیە : کەدە، خانە .

کشت : وەرزێری، زراعە «ع»، لە «کشت و کاڵ»دا دەیبینین .

کشتزار : زەوییەکی بەرینی کشت کراو. مزرعە «ع» .

کشتکار : وەرزێر، فەلاح، کشتکەر .

کشتکەر : وەرزێر .

کشتوەر : کشتکەر .

کنشت : کونش .

کونش : ڕەوشت، ئەتوار، ئەخلاق، «کنشت، کنشن، کنیشت»یش گوتراوە .

کیفر : کەیفەر، سزا، جەزا، پاداش .

کیش ـ کێش : لە پەهلەویدا بە واتەی «مذهب»ە، وەرگێردراوی «تکشە»ی ئاڤێستایە .

کین ـ کێن : قین، ڕق، ناحەزیی .

کینەوەر : قین لە دڵ، ڕقدار، دوژمن، حاقد«ع» .

---

ـ گ ـ

---

گاو : گەھ، گاھ، دەم، کات .

گاھ : کات، هەنگام، وەقت، زەمان .

گەرد : خول، سوور، گەڕان، دەورە .



گەردی ئافرین :
گەردی ئافریدن، گەردی ئاراکاریی، دورە الخلیقە «ع» .

گەردی گەردوون :
گەردی ڕۆژگار .

گەرەزەن :
تاج، کڵاوی پاشایەتی، ڕەگی ئەم واژەیە دەچێتەوە بۆ ووشەی «گەرونیمان ـ ئاسمان ـ تەختی مەزدا»ی ئاڤێستا کە پاشان بووە بە گەروزمان و بەواتەی ئاسمان و «عەرش»ی شایەتی بەکارهاتووە .

گەلە : مێگەل، ڕەمە، قطیع «ع» .

گەند : گەن، گەنیو، پیس .

گەندەڵ کونش : بەد ئەتوار، بێئەخلاق .

گەروزمان : تەختی شایەتی، عەرش. بڕوانە گەرەزەن.

گەروسمان : گەروزمان .

گەرونمان : «Garu _ Nemana» ئاڤێستایی. سەرای ستایش، بەرزترین پلەی بەهەشت و شوێنی وێژەی سپەنتانە «المقدسین المقربین ـ افاظل الاولیاء» .

گپ ـ گەپ : ئاخاوت، قسە، گوتە، پەیڤ .

گرەڤ : ئیمان، عەقیدەت، باوەڕ .

گزند : عەزیەت، ئازار، ڕەنج .

گلە : گلەیی .

گلەرێژم : گلەیی کەرم، گلەیی هەڵرێژم .

گوا : شاهید .

گوار :



www.koskikurd.com

باش، بەو شتــە دەگـوترێت کـە بە ئاسـانی هەزم بـکرێت، مـهـظوم «ع»، و گواردن = عملیه الهظم. بەرواژەکەشی «ناگوار»ە.

گوایی :
شاهێدیی.

گورزی گران :
گورزی قورس.

گوماردراو :
بریکارکراو، تەوکیل کراو، تەعیین‌کراو.

گوناه :
گوناح.

گوناه هۆشیی :
ئاکە هۆشیی، بەد ئەندیشیی، مێشکی تاواندۆست.

گوێ‌ی فرا :
گوێ‌دانێکی باش. بڕوانە فرا.

گوێ فرا بە :
گوێ فراوان بە.

گۆن :
ڕەنگ.

گۆناک گۆناک :
گۆناوگۆن، ڕەنگاوڕەنگ.

گیانەوەر :
گیاندار، گیانەمەند.

گیتی :
جیهان، دنیا.

گیتی نۆر :
جیهانگەڕ.



## ـ ل ـ

لە ئارابردن :
لەناوبردن.

لەبری :
لەباتیی، لەجیاتیی.

لەپەیدایە :
لە ئەنجامی‌دایە، لە عاقیبەتی‌دایە.

لەپەیی‌دا :
لە ئەنجامی‌دا، لە عاقیبەتدا.

## ـ م ـ

ماچە :
مێینە، مادە، داکانە.

مە :
ئێمە.

مەردبارە :
ژەهـ، قەحپە.

مەزدائاهورا :
«Ahura Mazda» ئاڤێستایی. خودا، ئاکە خودای دوو جیهانی مەینیەڤی «معنوی» و گـەیتیـە «مـادی». «ئەهورەمەزدە»، ئەهورای ئاڤێستـا لە «ئەهو»وەوە هاتووە و «ئاسورا»ی هیند لە «ئەسو» کە «سـەروەر،مەولا، عـەلی» واتایانە، و «مـەزدە ـی ئاڤێستـا» و «میـذەس ـ medhas»ی سـانسکریتی «زانین، هۆش» واتایانە، و واتەی نێوەکـە بە گشـتی دەبێتـە «سـەروەری زانا، العلي العليم» و مـەزدائاهورا دەبێتـە «هۆش تەواوکـار، العقل المتكامل»، نێوی «هرمز ـ هورمز» گۆڕدراوی ئەم نێوەن.

مەشیە :
«mashya, masha, mashyaka» ئاڤێستـایی. «مەشیـە، مەشە، مەشیاکە»، واتە، خەڵک، مەردوم.

مەمانان :
ئێمەمانان.

مەن :
«man» ئاڤێستایی. لە «manah»ی ئاڤێستاوە هاتووە بەواتەی ئەندیشە، هۆش، فکر. لە سـانسکریتی دەگـوترێ «مـەنەس» و لە پەهلەویدا بۆتە



www.koskikurd.com

«مەنشن» و لە فارسیدا «مەنش» و لە ئینگلیزیدا mean و لە ئەڵمانیدا meinen . لە کوردیدا لە دوژمن «دژ ئەندیش» و شادمان «شادمەن» و پەشیمان «پەشی+ مەن» و قارەمان «kuhraman ، بەشی یەکەمی لە چاووگی kar + مەنەهی ئاڤێستا = کار ئەندیش» دا دەیبینین .

مەنەهـ :
بڕوانە مەن . لە هەندێ شوێندا ئەم واژەیەم بە واتەی گیان، ڕەوان، نیهاد، بەکارهێناوە .

مەنە :
مەن .

مەنش :
ئەخلاق، بڕوانە «مەن» .

مەنشی نیک :
جوان ڕەفتاریی، ئەخلاقی باش، بیری پاک .

مەنترا :
«Mantra» ئاڤێستایی . «مونترا، مۆنترا» پەیڤی پیرۆزی ئاڤێستا و هەرچی گوتەیەکی دیکەی ئاسمانی. دوعا، خوێندنەوەی ئایەتەکانی ئاڤێستا .

مەنترە :
مەنترا .

مەنیە :
ئاڤێستایی . ماینیاڤە، مەنەهـ، مەن، ئەندیشە، فکر، عەقڵ .

مەنی ڤەنگەهو :
ئەندیشەی چاک و پاک، بیرێکی صالح، مەنی نیک .

مەنی نیک :
ئەندیشەی چاک .

مزد :
پاداش، بەواتەی «هەق دەست»یش بەکاردێت، مزدی دکتۆر، مزدی کرێکار .

موزد :
مزد .

موستورمەندان :
موستەمەندان، بێچاران، زۆرلێکراوان، مستظعفین «ع» .

موغ :
«Mog» پێشەوای دینیی زەردەشتی، ئەم واژەیە لە لای یۆنانیەکان بووە بە «ماگیۆس» و عەرەبیش کردویانە بە «مجوس» لە ئاڤێستای کۆندا «گاثاکان» نێوی چینی ڕۆحانی «airyama» یە، واتە «یار، ڕەفیق» .



مۆنترا :
بڕوانە مەنترا .

مینۆ :
گیان، ویژدان، هۆش . Mainyava مەینیەڤە شێوە ئاڤێستایەکەیەتی، ئەم واژەیە لە پەهلەویدا بووە بە «m`en`ok» و واتەی «بەهەشت»یشی داوە، لە فارسیدا بووە بە «مینو، منش» .

مینۆی :
گیانی، ڕۆحی . بڕوانە مینۆ .

مینۆکی :
مەعنەوی، ویژدانی، ئەندیشەیی، بەهەشتی. «جیهانی مینۆکی = العالم‌معنوی» ، ئەمن پێم دوورنی‌یە کە ووشەی «معنوی» عەرەبی لەم واژەوە هاتبێت ، هەروەها بە خراپی نازانم گەر مەینەوی یا مینۆکی یا مەینیەڤی لە بری «مەعنەوی» بەکاربێتەوە ، هەروەها ووشەی «مەینیەڤە» لە هەندێ شوێنی ئاڤێستادا = ئەیزەدی مەینەویی = الرب الروحی = الرب المعنوی و لە هەمان کاتدا دەبینین خودا و ئەیزەدی جیهانی«الرب المادی» ، «گەیتیە ، گەیثیە ، Gaithya» یە ، بەو شێوەیە دوو واژەی دێرین زیندوو دەکەینەوە کە لە خودی ئاڤێستادا بەخشندەی واتەی مادی و مەعنەوین.

## ـ ن ـ

نابەکار :
ئاکەکار، خراپەکار، بەدکار .

ناگوار :
ناخۆشە، ناپەسەندە، هەزم ناکرێت .

نەبەرد :
جەنگ، شەر.

نەشەپێکەر :
گەشەپێ‌کەر، بەرین‌کەر، فرەکەر .

نەفرین :
تووک، لەعنەت، × ئافەرین .

نەگرەون ـ نەگرەڤن :
ئیمان نەهێنن، باوەڕنەکەن .

نەویاوە :
نەوزاد ، کۆرپە .



www.koskikurd.com

نەوزاد :

نەوەی نوێ، کۆرپە، منداڵ.

نشێومەند :

پست، حەقیر.

نووکە :

ئێستە.

نوێد :

مژدە، سۆز، بەڵێن.

نیاز :

ئارەزو، موراد.

نیایش :

دوعا لە ڕووی پاڕاندنەوەوە، پەرستن، عبادە و تظرع «ع».

نیرەنگ :

دوعا، نێوی هەنێ بابەت و نیایشی تایبەتی دینی زەردەشتی‌یە.

نیک :

باش، چاک، پاک، خۆش.

نیک بەختی‌ی :

خۆش بەختی‌ی.

نی‌کراو :

نوی‌کراو، نێردراوەخوار، مُنَزَّل، «ni» ئاڤێستایی‌یە و ئەمڕۆ بوو بە «نوی».

نیک مەن :

نیک ئەندیش.

نیکۆ :

نیک‌ڕۆ، چاکڕۆ، پاکڕۆ، صالح ـ طاهر ـ مستقیم «ع» / نیک.

نیکۆکار :

نیکۆ، پاکدامەن، پاک‌کردار.

نیوشیدن :

گوێ‌گرتن، گوێ شلکردن.

نیهاد :

نیهات، دەرون، ناوەڕۆک، باطن ـ طینە «ع».

نیهان :

نادیار / نیهاد.

نێوانچاکی‌ی :



نێوان بەندی چاکی، وساطە خیر «ع».

— و —

واپەسێن :

پاشین، ئاخرین. ڕۆژی واپەسێن = یوم الاخرە.

وام :

ڤام، وێر، قەرز. لە پەهلەویدا بە «ئەوام» نووسراوە.

وەرز :

کار، پیشە، هەوڵ. ووشەکە لە «vard ,vared» ئاڤێستایی‌یەوە هاتووە کە بە واتەی «ڕووان»ە و لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا کشتکاریی «زراعە» بە شای‌کاران داندراوە وای لێهاتووە لە پەهلەویدا جگە لە واتە سەرەکیەکەی خۆی واتەی کار، پیشەش بدات «وەرزش = جوڵە». لە کوردیدا ئەمڕۆ بەدوو شێوە ماوەتەوە، «وەرز» = کۆی چاندن، و، «وەرد» = ئەرزی دووجار کێڵدراو بۆ چاندن. بڕوانە (پ. ٣٩ ـ زاراوە سازی پێوانە ـ مەسعود محەمەد).

وەرزیم :

هەوڵمدا، جولاٰم، خەباتمکرد.

وەرزێر :

کشتکار، فەلاح.

وەهتر :

ڤەهتر، باشتر.

وەهرۆژیی :

بەهرۆژیی، خۆش ڕۆژیی، خۆشیی.

وترە :

ڤترە، ئاکە، خراپ، بەد.

وچ :

گەپ، گوتە، بڕوانە ڤچ، ڤەچ.

وژەک‌کاران :

ڤچەک‌کاران، ڤژەهکاران، گوناهکاران.

وی :

ئەو.

ویچ :

ڤیچ، ڤەئیچە «ئاڤێستا»، نشتیمان، زەردەشت هەمیشە نێوی وڵاتی خۆی بە «Aeryena Vaija» = «وڵاتی نەجیبان» بردووە، هەرچەندە ووشەی



www.koskikurd.com

ئەیریەنە ـ ئەرینە = هەڤاڵ و برادەر بەڵام لەم ئاوێتەدا واتەی «نەجیبان» دەدات و منیش هەر بەو واتایە بەکارم هێناوە ، ئەم واژەیە ئەمڕۆ بە چەند شێوەیەک پارێزراوە و گۆڕاوە بە ئاریانە، ئاریا، ئاری و ئێران، لە کوردیدا وەک نێو ماوەتەوە «ئەرین» . ، بەشی «ڤەئیچە»ش = زادگە، نشتیمان، و بە گشتی دەکاتە «وڵاتی نەجیبان» .

ویژەگان :

نزیکان، هەڵبژاردراوان، مقربین «ع» .

ویم :

ڤیم، ترس، رعب «ع» .

---

## ـ هـ ـ

---

هان :

ئاگا، ئاگادارین .

هانا :

فریاد، بە دەنگمەوە وەرن .

هاودەم :

هاوکات، هاوئاهەنگ .

هاوزاد :

جومکە، پێکەوە لە دەیک بوون یا پەیدا بوون .

هاوکێشان :

هاو مەزهەب، ئەوانەی یەک باوەڕ و یەک تکشە«مەزهەب»یان هەیە .

هاوگام :

هاوهەنگاو، هاوئاهەنگ، هاوڕێ، ( گام = پێ، قدم«ع» ) .

هەرزان :

هەرزانکە = خەڵاتکە، بکە بە دیاری .

هەژیر :

هۆشیار، زیرەک، پەسەندکراو، نیکۆ (هەژیریی = نیکۆیی) .

هەمارە :

هەمیشە .

هەمەکی :

هەموو، گشتیان، خریان .

هەموارە :

هەمیشە .



www.koskikurd.com